پ.د. شێرزاد نەجار:

## گرنگیی دەستوور لە بەڕێوەبردنی دەوڵەتدا

**هاووڵاتییان دەیانەوێت ناوەڕۆکی دەستوورەکە چی لە خۆی بگرێت؟**



**هەوێنی بونیادنی پرۆسەی سیاسیی سەرکەوتوو**

**هاوپەیمانیی نێوان حزبە سیاسییەکانە لە ژێر شکۆی نیشتماندا**

گوڵان
پەیامی ئەمڕۆ و سبەی
ساڵی سی و یەکەم (١٤٣٧)- (٤)ی تشرینی دووەم ٢٠٢٤

# پڕۆژەی ڕووناکی

# ٢٤ کاتژمێر کارەبا بە هەمان نرخ و بە ژینگەپارێزییەوە دابین دەکات

لەو یەک ملیۆن و ٩٠٠ هەزار هاوبەشەی کە لە کوردستان هەیە ٤٣٦،٩٨١ هاوبەش لە کابینەی نۆیەمدا زیاد بووە

بە هەردوو کەرتی تایبەت و گشتییەوە توانراوە زیاتر لە ٢٠ مێگاوات کارەبا لە ڕێگەی سیستەمی وزەی خۆرەوە بەرهەم بهێنرێت

زیاتر لە ٦٠ هەزار هاوبەش لە هەولێر و ئاکرێ و چەندین سیتی و بازاڕ کارەبایان بۆ کراوە بە سیستەمی ٢٤ کاتژمێری






# سەردانەکەمان بۆ میسر
# لە ڕۆژی ٦ تەمووزی ٢٠١٠



دوای کۆتاییهاتنی بەرنامەی سەردانەکەمان لە ئۆردۆن. لەسەر بانگهێشتی فەرمیی میسر سەردانی ئەو وڵاتەمان کرد و، ڕۆژی ٦ی تەمووزی ٢٠١٠ چاومان بە حوسنی موبارەک،[١] سەرۆککۆماری میسر کەوت.

لە کۆبوونەوەدا کە ئەحمەد ئەوبووغەیت (احمد أبو الغيط)،[٢] وەزیری دەرەوەی میسر ئامادەبوو. زۆر بەگەرمی پێشوازیی لێ کردین، هەرچەند باری تەندروستیشی باش نەبوو، بەڵام چەندان پرسیاری کرد سەبارەت بە بارودۆخی عێراق و هەرێمی کوردستان و پێکهێنانی حکوومەتی نوێی عێراق. منیش بەوردی بارودۆخی عێراق و دواپێشهات و گۆڕانکارییەکان و دواهەوڵەکانی پێکهێنانی حکوومەتی نوێی عێراقم بۆ شی کردەوە. سەبارەت بە هەرێمی کوردستان پرسیاری کرد، لە وەڵامدا پێم ڕاگەیاند جەنابی سەرۆک، یەکەم ڕۆژنامەی کوردی لە ٢٢ی نیسانی ١٨٩٨ لە قاهیرە چاپ و بڵاو کراوەتەوە. موبارەک ئەمەی زۆر پێ گرنگ بوو. دیار بوو زانیاریی لەسەر نەبوو. هەروەها پێم گوت: وشەی (الزمالك)[٣] لە بنەڕەتدا وشەیەکی کوردییە و بە مانای (زۆمی مەلیک) دێت، کە سەلاحەدین ئەیوبی بۆ پشوودان سەردانی دەکرد. لە بەشێکی تری کۆبوونەوەکەدا باسم لە گرنگیی کردنەوەی کۆنسوڵخانەی میسر کرد لە هەرێمی کوردستان، ئەویش دەستبەجێ بە وەزیری دەرەوەی ڕاگەیاند، دەست پێ بکەن و ڕێوشوێنی پێویست بگرنەبەر بۆ ئەم مەبەستە. سەبارەت بە هاوکاریی ئابووریی نێوان هەرێمی کوردستان و میسر کۆبوونەوەیەکی فراوان و بە سوودمان لەگەڵ ئەحمەد نەزیف، سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و ژمارەیەک لە وەزیرانی پسپۆڕ و شارەزای کاروباری بازرگانی سازدا. دواتر سەردانی (القرية الذكية)مان[٤] کرد، بەڕاستی شارێکی سەرنجڕاکێش بوو.

---

(١) حوسنی موبارەك، لە دوای تیرۆری ئەنوەر سادات بۆ ماوەی ٢٩ ساڵ سەرکی میسر بوو. لە ١٩٨١ هەتا ٢٠١١- و بەهۆی ڕووداوەکانی بەهاری عەرەبی لەسەر کار لادرا و ساڵی ٢٠٢٠ کۆچی دوایی کرد.

(٢) پاشان لە ٢٠١٦ بوو بە ئەمینداری کۆمکاری وڵاتانی عەرەبی.

(٣) ئەم قسەیەم لە دربە عەونی بیستبوو.

(٤) گوندی هۆشمەند کە ساڵی ٢٠٠١ لە قاهیرە بنیات نرا. وەك ئەزموونێك بۆ قۆناغەکانی داهاتووی تەکنەلۆژیای گەیاندن و ئەرشیف و بەڕێوەبردنی کاروباری حکوومەت و فەرمانگەکان بە شێوازی ئەلکترۆنی و دیجیتاڵی.

# چاپکراوی نوێ






(ئەوین لە زیکری قەڵەمێکدا) ناونیشانی کۆمەڵە کورتیلە شیعرێکی شاعیر(سەرتیب ئاغا واحید بەگ)ە کە لە بەرگێکی قەشەنگدا چاپکراوە و کەوتە بەردیدی شاعیر و هەوادارانی شیعری کوردییەوە.

نووسەر لە پێشەکی ئەم کتێبەدا لە وەسفی شیعردا دەڵێت: شیعر جیهانی نووسینەوەی هەست وسۆزە، بینینی دنیای ماتریاڵ و سروشتە بە چاوی ڕوح، دەربڕینی ئەندێشەی ئەو ساڵانەیە مرۆڤ تێیدا بارگاوی کۆمەڵێك بیرۆکە و سۆسەی جادووئامێز دەبێت، ئەم کۆمەڵە کورتیلە شیعرانە نووسینی ڕۆژانەی شاعیر سەرتیپە لە ڕۆژمێری تەمەنیدا لە نزیکەی (١١٠٠) کورتیلە شیعری لەم جۆرە، تەنیا(٤٠٠)دانەی لێ گوڵبژێر کراوە، شاعیر هەوڵی داوە ئەو کۆمەڵە کورتیلە شیعرە لەناو ڕۆژمێری تەمەنیدا نەمێننەوە و ڕۆشنایی چاپی بەرکەوێت.

کاتێ گوزەرێك بەنێو دنیای ئەم کۆمەڵە کورتیلە شیعرەدا دەکەیت، ئەوین بووەتە ناونیشانی باڵای هەست و سۆزی شاعیر کە بە کورتی و پووختەیی لە ناخەوە دەریدەبڕێت، خوێنەرانی ئەم کتێبەش بە جۆش و خرۆشەوە لە وشەکان دەڕوانن، هەموو پەیڤ و ڕستە و وشەکان چێژ بە خوێنەر دەبەخشن، دیارە وشەی قەڵەمیش ڕاستەوخۆ ئەوین دەکاتە دەربڕی ئەو هەستەی لە ناخی شاعیردا پەنگ دەخواتەوە، تا دەگاتە ئەو ئاستەی کە لەهەمبەر وشەکاندا دۆش دادەمێنێت و ڕاستەوخۆ دەبێتە تابلۆیەك بۆ ئەو کەسانەی بە ئەوینەوە لە ژیان دەڕوانن.

دەستخۆشی لە شاعیر (سەرتیب ئاغا واحید بەگ) دەکەین، دانەیەك لەم کتێبە گەیشتۆتە گوڵان، وێڕای سوپاس، هیوای سەرکەوتن و بەردەوامی بۆ دەخوازین بۆ بەرهەمی زیاتر.

ئەندازیار ئاری ئەحمەد قادر :



## پرۆژەی ئاوی فریاگوزاریی خێرای هەولێر لە ئێستادا بە ڕێژەی (٢٠٪)ی تەواو بووە

مامۆستا مەلا سلێمان عەبدوڵڵا حەمەد خۆشناو :



## لە ئاینی پیرۆزی ئیسلامدا مرۆڤی موسڵمان هان دراوە کە هەمیشە خۆشەویستی بۆ خاک و نیشتمان و نەتەوەی خۆی هەبێت

سەبیحە ئەڵماس :



## جینۆسایدی کوردانی فەیلی لە هەموو بەهایەکی ئەخلاقی و مرۆیی و ئایینی داماڵدرابوو

پرۆفیسۆر ئیان لەستیک :



## ئێران و ئیسرائیل هێزی سەربازی بە شێوەیەکی یەکلاکەرەوە دژی یەکتر بەکار ناهێنن




■ خاوەن ئیمتیاز
شەوکەت شێخ یەزدین
Concessioner
Shewket Sh. Yezdeen

■ سەرنووسەر
فەرهاد محەمەد
Editor-in-Chief:
Farhad M.hassn
frhd_mhmd@yahoo.co.uk
Mob: 07504030900

■ سکرتێری نووسین
د.هێمن غەنی

■ سیاسەت و ناوخۆ:
ساڵح عومەر
شەماڵ نوری
د. شێبان فەرهاد
بەهادین جەلال

■ گشتی:
د.عادل حوسێن
تارا عومەر
خەلیل بلەیی
سەنگەر شنۆیی
مەهدی حاجی ساڵح
کارزان کانەبی
ڕێبین ڕەمزی

■ بەڕێوەبەری کارگێری و دارایی:
سلێمان یاسین

■ بەڕێوەبەری هونەری:
شاخەوان جەعفەر

■ بەرگ:
لوقمان ڕەشیدی

■ وێنەگران:
کەماڵ تاکریی
هاوکار ڕەحمان

بۆ ڕیکلام کردن پەیوەندی بکە بە:
Mob: 0750 2206537
salih_omer2003@yahoo.com
چاپخانەی ڕۆکسانا - هەولێر

ناونیشان: هەولێر -ڕووناکی / شەقامی ٤٠ مەتری

*Web: www.gulanmedia.com*

جوان بەکر مەعرووف :

**کورد دەنگی بە سەرۆک بارزانی هەڵگری بیری نەتەوەیی و ڕزگاریخوازیی کورد دا**





**کارکردنی خانمان و بەشداریکردنیان لە دابینکردنی بژێوی خێزان هەڵسەنگاندنی بۆ دەکرێت**

**ڤاکسینی ئەنفلوەنزا ساڵانە پێویست دەکات**




**وێب کام و ژیریی دەستکرد**



هەڤاڵ زاخۆیی :

**ژیانی هونەرمەندان زۆر سەخت و ئاڵۆزە**



ڕەیان ئەشقی :

**دەمەوێ گرنگی و پێویستی وەرزش فێری قوتابییەکانم بکەم و ڕێنیشاندەریان بم**



# گرنگیی دەستوور لە بەڕێوەبردنی دەوڵەتدا

## هاووڵاتییان دەیانەوێت ناوەڕۆکی دەستوورەکە چی لە خۆی بگرێت؟

**«یەکەم کاری پەرلەمانی داهاتوو دانانی دەستوورە بۆ هەرێمی کوردستان»**

**سەرۆک مسعود بارزانی**



پ.د. شێرزاد نەجاڕ
تایبەت بۆ گوڵانی نووسیوە

### ● دەستپێك

هەرێمی کوردستان چەندین دەرفەتی گرنگی لە بەردەمدا بوو، تا دەستوورێکی تایبەت بە خۆی هەبێت، گرنگترینی ئەو دەرفەتانەش نەخستنەڕووی پرۆژەی دەستوور بوو بۆ ڕاپرسیی دەستووری کە لەلایەن لیژنەیەکی پسپۆڕەوە لە ماوەی ٢٠٠٦ تا ٢٠٠٩ ئامادە کرابوو. لێژنەیەکی فراوانی دیکە نەیتوانی بەم پرۆژەیەی سەرەوەدا بچێتەوە و ئەرکی خۆی تەواو بکات، بۆیە لەکار وەستا.

ئامادەکردنی دەستوور بۆ ڕاپرسیی دەستووری پێویستیی بە ڕای هاووڵاتیان هەیە، هەروەها زانینی ئەوەی لە ناوڕۆکەکەی پێیان باش و پەسندە، ئەم توێژینەوەیە پشتی بە چەندین لێکۆڵینەوەی تایبەت بەستووە، کە کاردەکات و بنەماکانی بە پەسند زانرا و بۆچوونی هاووڵاتیان سەبارەت بە ناوەڕۆکی دەستوورەکە ڕوون دەکاتەوە.



● ١- پێشەکی

زۆربەی توێژینەوە بەراوردکارییە دەستووری و سیاسییەکان بەو شێوەیە دیراسەی دەستوورەکان دەکەن، بەو پێیەی کە بریتییە لە کۆمەڵێك ماف و دامەزراوە، بەڵام کەمیان ئەو بنەما لاوەکییانە تاقی دەکاتەوە کە هاووڵاتیان بە ڕاشکاوی لە دەستووردا بە دڵیانە و پەسندی دەکەن، بۆیە وا پێویست دەکات کە ئەم توێژینەوانە سەرنج دەخەنەسەر پەیوەندیی نێوان مانەوە و بەردەوامیی دەستوورەکان و نێوان «شەرعییەت» یان ڕەوایەتییان لای هاووڵاتیان، ئەو ڕەوایەتییە لە بنەڕەتدا پشت بە ڕێگەی هەڵسەنگاندنی هاووڵاتیان دەبەستێت بۆ ناوەڕۆك و نەرمی و توخمەکانی دەستوورەکە.

● ٢- هاووڵاتیان و دەستوورەکان

بەگشتی هاووڵاتیان ئەو دەستوورانەیان پێ باشترە کە برگەی زیاتری تێدا بێت و تەرکیزێکی بەهێزتریان لەسەر مافەکانی مرۆڤ بێت، بەراورد بە دامەزراوە سیاسییەکان، لێکۆڵینەوەکان لەم چوارچێوەیەدا ئاماژە بەوە دەکەن کە هاووڵاتیان دەستبەرداری وردەکارییە دەستوورییەکان و نەرمونیانی نابن.

بەم مانایە، دەستوورەکان سنوور لە نێوان دامودەزگاکانی دەوڵەت و پەیکەربەندی کۆمەڵگەدا دادەنێن، مەرج و هاوسەنگی بۆ مومارەسەی دەسەڵاتی حکومەت دادەنێن و چۆنیەتیی هەڵبژاردن و گۆڕینی دەستەبژێرە سیاسییەکان دیاری دەکەن.

**دەستوورەکان سنوور لە نێوان دامودەزگاکانی دەوڵەت و هەیکەلبەندیی کۆمەڵگەدا دادەنێن، مەرج و هاوسەنگی بۆ مومارەسەی دەسەڵاتی حکومەت دادەنێن و چۆنیەتیی هەڵبژاردن و گۆڕینی دەستەبژێرە سیاسییەکان دیاری دەکەن**

بەم پێیە دەستوورەکان و ناوەڕۆکەکانیان تەوەری تێگەیشتن لە سیستمی سیاسی و سەقامگیریی کۆمەڵایەتی پێك دەهێنن. بەم شێوەیە، ئەم توێژینەوەیە پەیوەندیی نێوان دیزاینی دەستووری و پاڵپشتیی مەدەنی ڕوون دەکاتەوە، کە فۆکس دەخاتە سەر دوو ڕەهەند: ناوەڕۆك و نەرمی، چوارچێوەی ئەم بەشدارییە، پەیوەندی بەم خاڵانەی خوارەوە هەیە:

**یەکەم:**

* خەڵك چ پلەبەندییەك، یان بەهایەکی ڕێژەیی، لەسەر برگە جیاوازییەکانی دەستوور دادەنێن؟

* بەڵام ئایا هاووڵاتیان ئەو دەستوورانەیان پێ باشترە کە بە پلەی یەکەم پێشێلکارییەکانی حکومەت سنووردار دەکەن دەکەن بە لەڕێی دیاریکردنی ئازادی و مافە مەدەنییەکان؟

* یان ئەوانەی کە پابەندبوونەکانی حکومەت بۆ دابینکردنی کاڵای گشتی وەك بەرنامەکانی چاودێریی کۆمەڵایەتییش دەژمێرن؟

* ئایا هاووڵاتیان ئەو مافانە بە ئەولەویەت دادەنێن لە بەرانبەر ڕێککار و هاوسەنگە دامەزراوەییەکان، وەك فیدراڵی و دادگا دەستوورییەکان، کە دەتوانن پارێزگاری لە پرۆسەی دیموکراسی بکەن؟

**دووەم:**

* دەستوورەکان گرێبەست نین کە هەموار نەکرێنەوە.

* ئایا هاووڵاتیان مسۆگەرکردنی برگەکان لە میانی بەرزکردنەوەی بەربەستی هەموارکردنەوەدا بە باش دەزانن؟

* یان دەستووری نەرمیان پێ باشترە کە خۆیان لەگەڵ ئەولەویەتە پەرەسەندووەکاندا بگونجێنن؟

* ئایا ئەم پەسەندکردنانە جیاوازن بەپێی جیاوازیی ئاستی دیاریکردن لە پەیوەندیدا بە ماف و دامەزراوەکانەوە؟

● ٣- دەستوورەکان لە نێوان ناوەڕۆك و نەرمیدا

ئەو توێژینەوانەی ئەم پرسیارانەیان شی کردووەتەوە و ئاڵوگۆڕی نێوان ناوەڕۆك و نەرمیی دەستوور دەکەن بە بەکارهێنانی ڕەوتی دەقی لە دەستووره نووسراوەکاندا. یەکێك لە ئەنجامەکان پەیوەندیی بە ئاستەکانی پەسەندکردنەوە هەیە:

* ئەنجامی یەکەم: دەستووره نوێیەکان کۆمەڵێکی فراوانتر لە مافی نەرێنی «ئازادی و مافە مەدەنییەکان» ئەرێنی «بەرنامەکانی خۆشگوزەرانی» دەستنیشان دەکەن، وێڕای دامەزراوە سیاسییەکان، لەوانەش دادگا، دەسەڵاتی جێبەجێکردن و ڕێساکانی هەڵبژاردن.

**ئەو دەستوورانەی وردەکارییان زیاترە، دەبێت ڕێگە بە هەموارکردنی زیاتر بدەن، نەبادا مەترسیی بەسەرچوونیان هەبێت**

* ئەنجامی دووەم: ئەوەیە کە تەمەنی دەستوور پەیوەستە بە هەموارکردنەوەی دەوریی دەستوورەوە، تەنانەت ئەو دەستوورانەی کە جەماوەر پەسندیان دەکەن لە کاتی بڕیار لێدانیاندا، ڕەنگە بەهۆی گۆڕانکاری لە ستانداردەکانی مافی مرۆڤ و هاوسەنگیی سیاسیی هێز و ڕێڕەوی جیۆپۆلەتیکیدا چەق ببەستن، دەبێت پێویستیی گونجاندن لە ڕێگەی هەموارکردنی فەرمیدا

بێت، نەك دووبارە لێكدانەوە، یان هەمواركردنەوەی یاسایی زیاتر بێت، بۆ ئەو دەستوورانەی كە ماف و دامەزراوە و ڕێنمایی سیاسیی زیاتر دابین دەكەن. بەم مانایە دەستوورەكان مامەڵەیەك لە نێوان تایبەتمەندی و نەرمیدا نیشان دەدەن. ئەو دەستوورانەی وردەكارییان زیاترە، دەبێت ڕێگە بە هەمواركردنی زیاتر بدەن، نەبادا مەترسیی بەسەرچوونیان هەبێت، بەڵام سنوور هەیە بۆ دەرخستنی پەسندكراوی تاكەكەسی بە ناوڕۆكی دەستووری دیاریكراودا.

* یەكەم: نوێنەرانی هەڵبژێردراو ڕۆڵێكی یەكلاكەرەوە دەگێڕن لە داڕشتن و پەسەندكردنی دەستوورە دیموكراسییەكاندا، بەڵام پێكهاتەی دەستەكانی یاسادانان بە تەواوی ڕەنگدانەوەی پێكهاتەی كۆمەڵگە نییە. دەكرێت ڕێژەی جیاوازی بەشداریی سیاسی بەپێی چین و ڕەگەز و ڕەگەزی كۆمەڵایەتی، لەگەڵ جیاوازی لە چۆنیەتیی وەرگێڕانی دەنگەكان بۆ كورسی سیستەمی هەڵبژاردن، چۆنیەتیی دەنگدانەوەی پەسەندكردنی كۆمەڵایەتی لە دەستووری نووسراودا بشێوێنێت، تا ئەو ڕادەیەی كە سیاسەتی دیموكراسی و ئەو دەستوورانەی كە پشتگیریان دەكەن، پشت بە ڕەزامەندیی «دۆڕاوان» لە هەڵبژاردنەكاندا دەبەستن، لە ڕووی تیۆری و ئەزموونییەوە بەسوودە كە پەسەندكردنی دەستووری لەسەر ئاستی تاكەكەسی دەستنیشان بكرێت.

* دووەم: دەستوورەكان بەڵگەنامەیەكی فرەڕەهەندن كە كۆمەڵێك مافی تاكەكەسی و كۆمەڵایەتی و ئابووری و دەستەجەمعی و، هەروەها دیسپلینی دامەزراوەیی و هاوسەنگیی نێوان لقەكانی حكومەت لەخۆ دەگرن. ئێمە ناتوانین بە ئاسانی بەهای ڕێژەیی هەر تایبەتمەندییەك، یان ڕەهەندێك (وەك ئەولەویەتدان بە مافە نەرێنییەكان بەسەر مافە ئەرێنییەكان) لە دەرئەنجامە بەكۆمەڵەكانەوە كە دەستووری پەسەندكراو نوێنەرایەتی دەكات، حوكم بدەین.

لەم لێكۆڵینەوەیەدا بە لێكۆڵینەوەی ناوەڕۆكی دەستوور دەست پێدەكەین، كە باس لە كۆمەڵێك بابەتی هاوبەش دەكات، لەوانە هێما نیشتمانییەكان، ماف و ئەركەكانی هاووڵاتیان، ڕێكار و هاوسەنگیی سیاسی، پەیوەندییە مەدەنی- سەربازییەكان. دەستوورە نوێیەكان مەیلیان هەیە بۆ ژماردنی كۆمەڵەیەكی فراوانتر لە مافەكانی مرۆڤ، كە توێژەر ڤاساك Vasak دابەشی دەكات بەسەر «سێ نەوە»دا، نەوەی یەكەم مافی مەدەنی و سیاسی «نەرێنی» كە ئازادی یان ڕزگاربوون لە دەسەڵاتی دەوڵەت لە خۆدەگرێت. نەوەی دووەم ئاماژەیە بۆ مافە كۆمەڵایەتی و ئابوورییەكان، وەك پەروەردەی گشتگیر و چاودێریی تەندروستی، كە پێویستیان بە «دەستتێوەردانی ئەرێنی» لەلایەن دەوڵەتەوە هەیە. نەوەی سێیەم هاریكاری و مافەكانی گەشەپێدانی كۆمەڵایەتی لەخۆ دەگرێت، وەك مافی چارەی خۆنووسینی گەلان، یان مافی تایبەت بۆ كەمینەكان.

٤- داینامیكی نزیكبوونەوە و دووركەوتنەوە لە نێوان دەستوورەكاندا

داینامیكی نزیكبوونەوەی نێوان دەستوورەكان، بەتایبەت بڵاوبوونەوەی وردە وردەی مافەكانی مرۆڤ، پەیوەستە بە گۆڕانكاری لە پەسەندكردنی ناوخۆیی و ستاندارده نێودەوڵەتییەكان، لەگەڵ كەمكردنەوەی گەشەسەندنی ئابووری و نیگەرانییە ماددییەكانی خەڵك، سەبارەت بە مانەوەی ڕۆژانە، دەست دەكەن بە ئەولەویەتدان بە ڕادەربڕین، لەوانەش ئازادی، فرەچەشنی و سەربەخۆیی. دواترینیان ئاماژەیە بۆ مەیلی داڕێژەرانی دەستوور بۆ وەرگرتنی ئیلهام لە سەرچاوە یان قاڵبی دەرەكی، وەك جاڕنامەی جیهانیی مافی مرۆڤ، یان دەستووری زلهێزەكان و كۆلۆنیالیستەكانی پێشوو.

لە هەمان كاتدا چەندین هۆكار هەن بۆ دووركەوتنەوەی نێوان دەستوورەكان، گرنگترینیان:

* ئەزموونە مێژووییەكان لەگەڵ دەسەڵاتی ستەمكاری و كۆلۆنیالیزم و شۆڕشەكان دەتوانن نیگەرانییەكانی هاووڵاتیان سەبارەت بە زیادەڕەوییەكانی حكومەت و، چۆنیەتیی هەوڵی دەستەبژێران بۆ شەرعییەتدان بە دەسەڵاتەكەیان بەرزتر بكەنەوە.

* پەیكەربەندییە كۆمەڵایەتییەكان گرنگن، چونكە ناكۆكییەكان لەسەر مافە ئیمتیازییەكان بەپێی ئاستی ڕاستەقینەی چینبەندیی كۆمەڵایەتی جیاوازن، جا چ لە ڕێگەی سامانەوە بێت، یان دابەشبوونی نەتەوەیی، زمانەوانی و

**ئەزموونە مێژووییەكان لەگەڵ دەسەڵاتی ستەمكاری و كۆلۆنیالیزم و شۆڕشەكان دەتوانن نیگەرانییەكانی هاووڵاتیان سەبارەت بە زیادەڕەوییەكانی حكومەت و، چۆنیەتیی هەوڵی دەستەبژێران بۆ شەرعییەتدان بە دەسەڵاتەكەیان بەرزتر بكەنەوە**

**پەسندكردنی كۆمەڵایەتی پەرە دەستێنێت و ڕەنگە ئەو نەوەیەی دەستوورەكە پەسند دەكات، نەوەی داهاتوو بە دەستوورێكی كۆنی دابنێت، بە تایبەت كاتێك پێوەرەكان دەگۆڕدرێن**

کەلتووری، ڕەنگە لایەنە دەستەبژێرەکان ئەم پرسانە لە کاتی پەسەندکردن و دوای پەسەندکردندا بە سیاسی بکەن، لە ئەنجامدا دابەشبوونێکی بەردەوام کە ئەستەمە لە سۆنگەی نەتەوەییەوە جیا بکرێتەوە، وەك: پرەنسیپە کاسۆلیکییەکان «لەباربردن و جیابوونەوە» لە ئێرلەندا، مافی هەڵگرتنی چەك لە ئەمریکا، یان قەدەغەکردنی هێزی سەربازی لە ژاپۆن.

* گرنگیی پەسەندکردنی کۆمەڵایەتی لە ناوەڕۆکی دەستوور، بەپێی ئەوەی پێش پرۆسەی دیموکراسی، یان دواتر پەسەند کراون، دەگۆڕێت. زۆرێك لە مافە نەرێنییەکان پێش مافی دەنگدانی گشتی بوون، بەڵام تێکەڵکردنی مافە ئەرێنییەکان، وەك پاراستنی کۆمەڵایەتی و ئابووری و کەلتووری، بەدوای فراوانکردنی چوارچێوەی مافە سیاسییەکان و مافی دەنگدان بۆ ژنان و هەژاران و کەمینە نەتەوەیی و ئایینییەکانەوە بوو.

**● ٥- پەسندکراوانی هاووڵاتیان لە دەستوورەکاندا**

پەسندکردنی هاووڵاتییان لە دەستوورە پەسەندکراوەکاندا دوای پرۆسەی دیموکراسی ڕەگ و ڕیشەی لە بڕگە دەستوورییە کۆنکرێتییەکاندایە، بەڵام ئەنجامدانی ئەم پەسەندکردنانە هەندێك سنوور و کۆتوبەندی هەیە، کە بەم شێوەیە ڕوونی دەکەینەوە:

پەسندکردنی کۆمەڵایەتی پەرە دەستێنێت و ڕەنگە ئەو نەوەیەی دەستوورەکە پەسند دەکات، نەوەی داهاتوو بە دەستوورێکی کۆنی دابنێت، بەتایبەت کاتێك پێوەرەکان دەگۆڕدرێن، وەك پەیوەستی بە جۆری کۆمەڵایەتی و مافی کەمینەکان، یان کاتێك بابەتگەلی نوێ سەرهەڵدەدەن، وەك ئاسەوارە زیانبەخشەکانی تێکچوونی ژینگە. لەبەر ئەوەی دەستوورە نووسراوەکان بە دیزاین قورسە هەموار بکرێنەوە، کەلێنی نێوان پەسندکراوە کۆمەڵایەتییەکان و ناوەڕۆکی دەستووری کارێکی حەتمییە، چونکە لەوانەیە ناوەڕۆکی دەستوورە نووسراوەکان ڕەنگدانەوەی حەزە مەدەنییەکان نەبێت، هەروەها ئاماژە بە پێویستیی شیکارییەکان لەسەر ئاستی لاوەکی دەکات بۆ دیاریکردنی هەڵوێستە کۆمەڵایەتییەکان.

لە ڕاستیدا هەندێك بابەت کە لە بارەی پەسەندکردنەکان هەڵدەبژێردرێن بە ئاسانی لەگەڵ هەڵبژاردنی دووانەییدا دەگونجێن، وەك ئازادیی ڕادەربڕین، لە کاتێکدا هەندێکی دیکە ڕەنگە بە شێوەیەکی جیاواز وەسف بکرێن، وەك چاودێریی کۆمەڵایەتی، ئەمە دەتوانێت ژمارەیەکی ناهاوسەنگ لە ئاستە جیاوازەکان دروست بکات، کە دەتوانێت سەرنج ڕابکێشێت لە ئامانجە جەوهەرییەکە لە دۆزینەوەی جیاوازییە گشتییەکان لە ئەولەویەتەکانی دەستووریدا.

پەسندکراوەکانی هاووڵاتیان بە هۆکاری جیاواز لە یەکتر دوور دەکەونەوە، لەوانە:

* فاکتەری یەکەم لەو جۆرە حزبایەتییە، دەستەبژێرەکان بە شێوەیەکی ڕۆتینی ڕەخنە لە دامەزراوە باوەکان دەگرن و بەدیل پێشکەش دەکەن، ئەمەش دەتوانێت کاریگەری لەسەر چۆنیەتیی هەڵسەنگاندنی لایەنگرانیان لەسەر سیاسەتە گشتییەکان هەبێت. توێژینەوەکان لەبارەی ڕاپرسییەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە ئەم میکانیزمە لەسەر پرسە دەستوورییەکان جێبەجێ دەبن.

* فاکتەری دووەم پێگەی کۆمەڵایەتی و ئابوورییە، زۆربەی مافە نەرێنییەکان، وەك مافی ڕادەربڕین یان خاوەندارێتی، بە سنووردارکردنی پێویست بۆ دەسەڵاتی دەوڵەت دادەنرێت، بەڵام بۆ هاووڵاتیانی زۆر هەژار، ڕەنگە زیادەڕەویی حکومەت لە سنوورەکانی کەمتر سەرچاوەی نیگەرانییەکی ڕاستەوخۆ بێت، لەچاو ئەو مەترسییانەی کە سەختییە ماددییەکان دروستی دەکەن. لەوانەیە ئەوانەی سەرمایەی سیاسیی کەمتریان هەیە، متمانەیان بە زۆرینەی یاسادانان نەبێت بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانیان. ئەم نیگەرانییانە بوونەتە هۆی سەرهەڵدانی بزووتنەوە پێشکەوتنخوازەکان بۆ زیادکردنی پرسە گشتییەکان بۆ دەستوورەکان، وەك ئاسایشی کۆمەڵایەتی.

* ئەم هۆکارانە جێگەی سەرنجی تیۆرییەکانی ئێستا نین سەبارەت بە دیزاینی دەستوور، چونکە هۆکاری زیادە هەن کە ڕەنگە کاریگەرییان لەسەر هەستی گشتی هەبێت، وەك زانیاریی دەستووری، ئایدیۆلۆژیای سیاسی و ئاستی تەمەن.

* گرنگیی کاریگەرییە مێژووییەکان لەسەر پەسندکردنە دەستوورییەکان، بڕیاری سەرەتایی بۆ هێنانە ناوەوە، یان دەرکردنی بڕگە جیاوازەکان، دواتر بە سیاسیکردنی ئەو بڕیارە ڕەنگە

**دەستەبژێرەکان بە شێوەیەکی ڕۆتینی ڕەخنە لە دامەزراوە باوەکان دەگرن و بەدیل پێشکەش دەکەن، ئەمەش دەتوانێت کاریگەری لەسەر چۆنیەتیی هەڵسەنگاندنی لایەنگرانیان لەسەر سیاسەتە گشتییەکان هەبێت**

**لەوانەیە ئەوانەی سەرمایەی سیاسیی کەمتریان هەیە، متمانەیان بە زۆرینەی یاسادانان نەبێت بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانیان**

کاریگەریی لەسەر چۆنیەتیی دەرکپێکردنی هاووڵاتیان بە رەوایەتیی دەستوورەکەیان هەبێت.

رەنگە هاووڵاتیان لە زۆرێك لە وڵاتان بۆچوونی بەهێزیان سەبارەت بە هەندێك برگەی دیاریکراوی دەستووری نەبێت، بەتایبەت ئەوانەی کە جێی سەرنجی گوتاری سیاسی نین، رەنگە ئەم بابەتە گەورەتر بکرێت، چونکە داوا لە هاووڵاتیان دەکرێت، حوکم لەسەر ئەو دەستوورانە بدەن کە چەندین تایبەتمەندییان بە شێوەیەکی هەرەمەکیی جیاوازیان هەیە.

مشتومڕەکان سەبارەت بە ئامانجی جەوهەریی توێژینەوەکە پرسی شەرعییەتی دەستووریی وەك فاکتەری سەرەکی لە تیۆرییەکانی تەمەندرێژی و کاریگەریی دەستووریدا لەخۆدەگرێت، فراوانی و گرنگیی ئەم مشتومڕانە وا دەکات کە هاووڵاتیان مامەڵەکردن لە دیزاینی دەستووریدا بە هەندێك رەچاوکردنی کاریگەرییەکانیان هەڵسەنگێنن، نەك وەك راهێنانێکی تەواو گریمانەیی مامەڵەیان لەگەڵدا بکەن.

**● ٦- مشتومڕەکان**

دوو فاکتەری سەرەکی هەن کە شایەنی گرنگیپێدانن و پەیوەستن بە:

* درێژیی تەمەنی دەستوور

* جیاوازی لە گرنگیی پرسەکەدا بەهۆی جیاوازییە حزبییەکان لە ئاستی دەستەبژێردا، بۆ نموونە «جیاوازییەکان لەسەر قەدەغەکردنی هێزی سەربازی و دامەزراندنی دەسەڵاتی فریاگوزاری لە نێوان دەستەبژێرەکان لە ژاپۆن».

لە کاتێکدا رەنگە یەکێك لە شێوازەکانی هەڵسەنگاندنی پەسەندکراوە دەستوورییەکان پشتبەستن بێت بە راپرسییە میدیاییە گەورەکان، بەڵام ئەمانە کۆتوبەندی گرنگیان هەیە. یەکەم داوای هەڵوێستی گشتی دەکەن، وەك: ئایا ئێوە لەگەڵ پێداچوونەوەی دەستووردان؟ بەبێ ئەوەی پرسیار لەبارەی برگەکانی هەموارکردنی تاکەکەسییەوە بکرێت. دووەم: هەر بابەتێکی کۆنکرێتی کە پرسیاری لێ بکرێت، پەیوەستە بە پرسەکانی رۆژەوە، یان بەو پێشنیارانەی کە دەستەبژێری سیاسی نووسیویانە، بەڵام نەك لەبارەی بە پەسەندکردنەکان بەرامبەر بە پرسە سەقامگیرەکان، وەك ئازادیی رادەربڕین یان پەیوەندییە ناوەندییە خۆجێییەکان.

**● ٧- دیزایین**

دەستوورەکان بەڵگەنامەی فرەرەهەندن، کە ئاستی جیاوازیی تایبەتمەندییان لەسەر چەندین بابەت هەیە. بۆ دیاریکردنی ژمارەیەك بابەتی نەژمێردراو، بۆ دیاریکردنی چۆنێتیی ئەوەی کە کاریگەری لەسەر هەڵسەنگاندنی گشتیی دەستوورەکان هەیە.

هەڵسەنگاندنی حوکمەکان، یان سیفاتەکان دەبێت لە دوو حاڵەتدا روون بێت:

* دیارکردنی ئاشکرا لە دەستووردا، بە شێوەیەك زەحمەت بێت حوکمەکان بگۆڕدرێن.

* لابردنی بابەتی وورووژێنەری یاسا ئاساییەکان لەجیاتی دەستوور.

بەڵام ئایا گرنگە هاووڵاتیان چەند لەبارەی دەستوورەوە بزانن؟

زانین لە دەستوور بابەتێکی گرنگ و پێویستە بۆ ئەوەی پەسندکراوەکانی هاووڵاتیان ورد بن، بەڵام لە نەبوونی زانین لەمەڕ دەستوور و برگەکانی، هاووڵاتیان هەست بە سەرلێشێواوی دەکەن لە چۆنیەتیی دەربڕینی بۆچوونەکانیان سەبارەت بە برگەکانی دەستوور، یان چۆن پێکهاتە دەستوورییەکان هەڵسەنگێنن، یان هاوسەنگییەك لە نێوانیاندا بەڕێوە ببەن، هەر بۆیە دەستوورەکە بە شێوەیەکی هەرەمەکی پۆلێن دەکەن، بەڵام پێشبینی دەکرێت خەملاندنەکان ئەرێنی بن، بە مەرجێك هیچ کام لە برگە دەستوورییەکان لە بنەڕەتدا مشتومڕیان لەسەر نەبێت و رەنگدانەوەی پاساوێك بێت کە هاووڵاتیان بە زۆری دەستووری پڕ وردەکارییان پێ باشترە.

لەم پەسەندکردن و هەڵسەنگاندنانەدا، ئاماری مافەکانی مرۆڤ پلە بەرزترە لە ئاماری دامەزراوە سیاسییەکان، کە پەیوەندییان بەم تایبەتمەندییە سەرەکییانەوە هەیە: ئازادیی رادەربڕین، چاودێریی کۆمەڵایەتی و مافی کار. لە کاتێکدا ئەم تایبەتمەندییانە بە پلە کەمترن: لامەرکەزیی دارایی، سیستمی هەڵبژاردن، رێکارەکانی فریاگوزاری. لە هەمان کاتدا پێدانی دەسەڵاتی پێداچوونەوەی دەستوور بە دادگاکانی تایبەتمەند لەم بابەتەدا وەك رێکخراوێکی دامەزراوەیی، بەرزترین پلەی هەڵسەنگاندن و پەسەندکردنی هەیە، چونکە دەتوانرێت ئەم

**رەنگە هاووڵاتیان لە زۆرێك لە وڵاتان بۆچوونی بەهێزیان سەبارەت بە هەندێك برگەی دیاریکراوی دەستووری نەبێت، بەتایبەت ئەوانەی کە جێی سەرنجی گوتاری سیاسی نین**

**لە نەبوونی زانین لەمەڕ دەستوور و برگەکانی، هاووڵاتیان هەست بە سەرلێشێواوی دەکەن لە چۆنیەتیی دەربڕینی بۆچوونەکانیان سەبارەت بە برگەکانی دەستوور**

بابەتەدا بە بەرگرییەکی زیادە لە مافەکانی مرۆڤ لە بەرانبەر زێدەڕۆییەکانی دەسەڵاتدارانی دەوڵەت هەژمار بکرێت. بەرگریکردن و پاراستنی مافەکان بە ئامانجی کۆتایی، یان وەك ڕێسای بنەڕەتیی دەستوور دادەنرێت، وەك ئەوەی فەقیهی «نەمسایی هانس کێلزن» جەختی لەسەر کردووەتەوە. لەسەر ئەم بنەمایە، بریتییە لە مافەکان بەپێی دیدگای هاوولاتیان، مافەکان لەو پەڕی گرنگیدان و دامەزراوەکاندا تەنیا ئامرازێکن بۆ دەستەبەرکردنی پاراستنی مافەکان، بۆیە مافەکان لە پێشینەی دامەزراوەکان دێن، کە لە چوارچێوەی پەسندکراوەکانی هاوولاتیان، پشتگیری لە پێکهێنانی حکومەتێکی گەورە دەکەن بە بەراورد بە حکومەتێکی بچووك، چونکە لایەنگرانی یەکەمیان پشتگیری لە مافە بەرفراوانەکان دەکەن کە پەیوەندییان بە ئایین و جیاخوازی و چاودێریی کۆمەڵایەتییەوە هەیە.

کەواتە، یەکەم ڕەهەندی جەوهەریی داڕشتنی دەستوور، ئەولەوییەتی مافەکانە بەسەر دامەزراوەکاندا، لە کاتێکدا نەرمیی دەستوور گوزارشت لە ڕەهەندی دووەمی شەرعییەتی هەستپێکراوی دەستوور دەکات. هەموو دەستوورێکی هاوچەرخ ڕێسای هەموارکردنی فەرمی لەخۆدەگرێت، ڕێگە بە نەوەکانی دوای پەسەندکردن دەدات ناوەڕۆکەکەی لەگەڵ پێداویستی و ستانداردە پەرەسەندووەکاندا بگونجێنن. هەندێك وڵات بە ئازادی دەستوورەکانیان هەموار کردووەتەوە، لەوانە هیندستان «زیاتر لە ١٠٠ هەموارکردن» و ئەڵمانیا «زیاتر لە ٦٠ هەموارکردن»، بەڵام زۆرێك لە هەموارکردنە دەستوورییەکان لە بنەڕەتدا ناوەڕۆکی دەستوورەکان دەگۆڕن، لێرەدا جەخت لەوە دەکرێتەوە کە تێکڕای نیوە تەمەنی ناوڕۆکی دەستوور تەنیا نۆ ساڵە.

ڕێکارەکانی هەموارکردن قورسترن لە یاسا ئاساییەکان، چونکە بە زۆری پێویستیان بە ڕەزامەندیی زۆرینەی شایستەی پەرلەمانی هەیە، هەروەها ڕەزامەندیی لایەنەکانی دیکە کە دەسەڵاتی ڤیتۆیان هەیە وەك سەرۆك، حکومەتە ناوخۆییەکان، یان هاوولاتیان. هەندێك لە دەستوورەکان، وەك لە کەنەدا و ئیکوادۆر هەن، بە دیزاینێکی دەستووری «فرە ئاست» تایبەتمەندن،

**مافەکان لەو پەڕی گرنگیدان و دامەزراوەکاندا تەنیا ئامرازێکن بۆ دەستەبەرکردنی پاراستنی مافەکان، بۆیە مافەکان لە پێشینەی دامەزراوەکان دێن**

**یەکەم ڕەهەندی جەوهەریی داڕشتنی دەستوور، ئەولەوییەتی مافەکانە بەسەر دامەزراوەکاندا، لە کاتێکدا نەرمیی دەستوور گوزارشت لە ڕەهەندی دووەمی شەرعییەتی هەستپێکراوی دەستوور دەکات**

کە بڕگەکانیان لە سەختیی هەموارکردنی ڕێژەییاندا جیاوازن. لە ڕووی پراکتیکدا، پێویستە دیزاینەرانی دەستوور هاوسەنگییەك بدۆزنەوە لە نێوان ئاسانکردنی هەموارکردنەوەکان، بەم شێوەیە: سڕینەوەی هێڵی نێوان دەستوور وەك یاسای باڵا و دەرکردنی یاسا و زۆر قورسکردن، دواجار ڕێگریکردن لە گۆڕانکارییە خوازراوەکان. لەگەڵ ئەمەشدا، دەستوورەکان نەرمتر بوون، ئەمەش لە بەرزبوونەوەی ئاستی هەموارکردنەکاندا دەردەکەوێت، بەهۆی زیادبوونی مەیلی داڕێژەرانی دەستوور بۆ ژماردنی زیاتری ماف و دامەزراوەکان بۆ سنووردارکردنی سەربەخۆیی حکومەت. هەروەها تایبەتمەندیی زیاتر بەو مانایەیە کە هەموارکردنەکانی داهاتوو لەجیاتی هەموارکردنی یاسایی یان لێکدانەوە زیاتر پێویستیان بە هەموارکردنەوەی فەرمی هەیە. تێکڕای ڕێژەی هەموارکردنەوە، یان ڕێژەی ساڵانی دەستوور کە هەموارکردن تێیدا ڕووی داوە، لە ٩.١٪ لە نێوان ساڵانی ١٨٥٠ بۆ ١٨٩٩ بۆ ١٤.١٪ لە ساڵی ١٩٠٠ تا ١٩٤٩ و ٢٠.١٪ لە ساڵی ١٩٥٠ بەدواوە بەرز بووەتەوە. سەبارەت بە پرسی هەموارکردنەوەی دەستوور، ٧٦٪ی دەستوورەکان بەربەستی یاسادانان دەسەپێنن کە دوو لەسەر سێی دەنگەکانە و لە نێو ئەو دەستوورانەشدا ٥٤٪ ڕێگە دەدەن ئەو پرسە بخرێتە بەردەم ڕاپرسیی دەنگدەران، بەڵام پێدانی بڕاردەی دابەزاندنی بەربەستی پەرلەمان و هەڵوەشاندنەوەی ڕاپرسی، دەستوور دەکاتە هاوشێوەی یاسای ئاسایی، کە ئەویش بڕاردەیەکی ناواقیعییە لە زۆربەی چوارچێوە نیشتمانییەکاندا.

لە کاتێکدا ڕەنگە هاوسەنگیی نێوان پانتایی دەستوور و ئاسانکاریی هەموارکردن لە ڕووی دیزاینی دامەزراوەییەوە لۆژیکانە بێت، بەڵام ڕەنگە هاوولاتیان بەهۆی بەرژەوەندیی خۆیانەوە بەشداری ئەم هەستە نەبن. لە ڕوانگەی ستراتیژییەوە، ئەوانەی کاریگەرییان لەسەر دیزاینی دەستووری هەیە، لەوانەیە پێیان باش بێت زۆرترین بڕگەی خوازراو بژمێرن، پاشان بەربەستی بەرزی هەموارکردن دابنێن بۆ ڕێگریکردن لە پاشەکشەی داهاتوو، ڕەنگە ئەم پێویستییە بۆ ئەو گرووپانە لاوازتر بێت کە زۆرینەی سەقامگیرییان هەیە،

کە دەتوانن چاوەڕێی گۆڕینی بڕگەکانی دۆخی ئێستا بکەن لە ڕێگەی یاسای ئاساییەوە و بەم شێوەیەش سنووردارکردنی کەمتر بۆ دەسەڵاتیان پێ باشترە. لەگەڵ ئەمەشدا، ئەو زۆرینەی کە لە لێواری لەدەستدانی دەسەڵاتدان، یان ئەو کەمینانەی کە ڕۆڵێکی دەگمەنیان لە حکومەتدا هەیە، ڕەنگە وەك ڕێکارێکی بەرگریکردن هەوڵی دەستەبەرکردنی ماف و دامەزراوە پەسەندکراوەکان بدەن. بە دەربڕینێکی دیکە، ڕەنگە هاووڵاتیان لە ڕووی پرەنسیپەوە دەستبەرداری چەسپاندن نەبن، بەڵکو لەبری ئەوە وەك ئامرازێك بۆ چەسپاندنی تایبەتمەندییە دەستوورییە پەسەندکراوەکان سەیریان بکەن.

### ● ٨- کۆتایی

بەردەستبوونی داتای نوێ لەسەر دیزاینی دەستووری، شیکاریی گرنگی بەرهەم هێناوە، کە تیشك دەخاتە سەر شێوازە کاتییەکان لە ناوەڕۆك و مانەوەی دەستوورە نیشتمانییەکاندا، کۆدەنگیی بەربڵاو ئەوەیە کە دەستوورەکان بە تێپەڕبوونی کات درێژتر و وردتر بوون، ئەو بڕگانەی کە پێشتر بابەتی یاسادانان بوون، وەك پاراستنی ژینگە، یان دابینکردنی بیمەی کۆمەڵایەتی، تادێت لە دەستوورەکاندا بە دەق دەنووسرێن. وردەکاریی زیاتر لە بەرانبەردا پەیوەستە بە هەموارگەلی زۆرترەوە، چونکە دەقەکە خۆی پێویستی بە دووبارە نووسینەوە هەیە بۆ ئەوەی خۆی لەگەڵ ئەولەویەتەکانی پەرەسەندوودا بگونجێت.

لەگەڵ بەردەستبوونی زانیاری و داتاکان سەبارەت بە دیزاینی دەستوور، دەستوورەکان زیاتر بڕگەکانیان لەخۆ گرتووە، کە پێشتر بە بابەتی یاسادانان دادەنران (پاراستنی ژینگە، دابینکردنی بیمەی کۆمەڵایەتی...)، هەر بۆیە وردەکارییەکان لە بەرانبەردا پێویستیان بە هەموارکردنەوە و ئەو وردەکارییانە هەبوو کە تێیدا بنووسرێنەوە، تاکو بڕگەکان لەگەڵ پێشهاتە سەردەمییەکانی دەوڵەت و کۆمەڵگەدا بگونجێن.

ئەم دۆخە ڕەنگدانەوەی پەسندکراوەکانی ئەو لایەنە چالاکانەیە کە ڕۆڵیان لە دارشتنی دەستووردا هەیە، بەڵام بەشداریی هاووڵاتیان لە هەمووی گرنگترە و بەشداریکردن و ڕەزامەندیی کاریگەرییان بۆ جێبەجێکردن و بەردەوامیی دەستوور بەتایبەت لە وڵاتانی دیموکراسیدا زۆر گرنگە، ئەوەش ژماردنی زیاتری بڕگەکانی دەستوور، بەتایبەت ئەوانەی پەیوەندییان بە مافەکانی مرۆڤەوە هەیە، ڕەزامەندی لە دەستوورەکان زیاد دەکات، بەبێ گوێدانە حزبایەتی، یان پاشخانی ئابووری.

بەڵام ئەم دۆخە بە مانای پەیوەندییەکی بەهێز نییە لە نێوان چەسپاندنی دەستوور و نەرمییەکەیدا. ئەو هاووڵاتییانەی کە ژمارەی بڕگەی زیاتریان پێ باشترە، مەرج نییە ڕێکارەکانی هەموارکردنەوەی ئاسانتریان بوێت، ڕەنگە لەبەر ئەوەی بەرژەوەندییەکانیان بە باشترین شێوە پارێزراو بێت بە چەسپاندنی بڕگە پەیوەندیدارەکان لە دەستووردا کە دوای ئەوە هەموارکردنیان قورس دەبێت.

بەڵام دەستەبەرکردنی زۆرترین ماف و دامەزراوە، بە تێپەڕبوونی کات ڕەنگە ببێتە هۆی نانەرمیی دەستوور و دواتر ببێتە هۆی خراپ بەڕێوەبردن. بۆ نموونە هەندێك لێکۆڵینەوە دەریانخستووە کە درێژیی دەستوور پەیوەستە بە ئاستە نزمەکانی شایستەی تاك لە بەرهەمی ناوخۆیی سەرتاسەرییەوە و، ڕای گشتی ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت لە پرسی مانەوەی دەستووری وڵاتێکی دیاریکراودا، بەڵام ئەمە بەو مانایە نییە کە ئاراستەکانی ڕای گشتی هاوشێوەی ئاراستەکانی دەسەڵاتن لە پاراستنی دەستوور و دەستکاری نەکردن، یان گۆڕینیاندا.

زۆرجار پەسەندکردن، یان گۆڕینی دەستوورێك هاوکات دەبێت لەگەڵ دیاردە ئاڵۆزەکانی دیکەدا، وەك گۆڕینی ڕژێم، یان سەربەخۆیی نیشتمانی. لە ڕاستیدا زۆربەی وڵاتان لە قۆناغە مێژووییەکانیاندا لەگەڵ چەندین دەستوور ژیاون، بەو پێیەی وڵاتانی ئەمڕۆ بە تێکڕا ٩ لە ١٠ دەستووریان لە مێژووی خۆیاندا هەبووە. لە هەمان کاتدا ژماردنی مافەکان گەرەنتی تەمەن درێژیی دەستوور ناکات: دەستووری فایماری ئەڵمانی ساڵی ١٩١٩ کە یەکێك بوو لە دەستوورە لیبراڵ و دیموکراسییەکانی بیستەکانی سەدەی ڕابردوو، تەنیا چواردە ساڵی خایاند، لەگەڵ ئەوەشدا ڕێزگرتنی گشتیی ناوەڕۆکی دەستوور دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی فشارەکانی خوارەوە بۆ سەرەوە لەپێناو گۆڕینیدا، لە کاتێکدا توانای حکومەتەکان بۆ زێدەڕۆییەکانی ئەو سنوورەی هەیانە دیاری دەکات.

**ئەو زۆرینەی کە لە لێواری لەدەستدانی دەسەڵاتدان، یان ئەو کەمینانەی کە ڕۆڵێکی دەگمەنیان لە حکومەتدا هەیە، ڕەنگە وەک ڕێکارێکی بەرگریکردن هەوڵی دەستەبەرکردنی ماف و دامەزراوە پەسەندکراوەکان بدەن**

**ڕەنگە هاووڵاتیان لە ڕووی پرەنسیپەوە دەستبەرداری چەسپاندن نەبن، بەڵکو لەبری ئەوە وەک ئامرازێک بۆ چەسپاندنی تایبەتمەندییە دەستوورییە پەسەندکراوەکان سەیریان بکەن**



### هەوێنی بونیادنانی پرۆسەی سیاسیی سەرکەوتوو

# هاوپەیمانیی نێوان حزبە سیاسییەکانە لەژێر شکۆی نیشتماندا



**ئیرادەی گەلی کوردستان بە شێوەیەک پارتی دیموکراتی کوردستانی بردە پێشەوە، کە جیاوازیی دەنگەکانی لەگەڵ براوەی دووەم کە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانە زیاتر لە ٤٠٠ هەزار دەنگە**

**هەڵبژاردنەکانی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٤، لە ریشەوە سیستمی سەقەتی «٥٠ بە ٥٠»ی لەبەر یەک هەڵوەشاندەوە**

**گەلی کوردستان دەنگی بە شکۆ و گێڕانەوەی شەرعییەت بۆ قەوارەی سیاسیی هەرێمی کوردستان داوە**

### ● ئاکامی دەنگدانی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٤ سیستمی پەنجا بە پەنجای لە ریشەوە هەڵکێشا

لە هەڵبژاردنەکانی ٢٠ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٤، گەلی کوردستان بە زیاتر لە ٨١٢ هەزار دەنگ کە دەگاتە نزیکەی ٤٦٪ کۆی دەنگەکان و بە ٣٩ کورسی لە کۆی ٩٥ کورسیی پەرلەمان کە دەکاتە رێژەی ٤٢٪، پارتی دیموکراتی کوردستانی کردە هێزی گەورەی یەکەم لە کوردستان و فراکسیۆنی یەکەم و گەورە لە پەرلەمانی کوردستاندا، لەمەش زیاتر ئیرادەی گەلی کوردستان بە شێوەیەك پارتی دیموکراتی کوردستانی بردە پێشەوە، کە جیاوازیی دەنگەکانی لەگەڵ براوەی دووەم کە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانە زیاتر لە ٤٠٠ هەزار دەنگە.

ئەم متمانە گەورەیەی گەلی کوردستان بە پارتی دیموکراتی کوردستانی داوە، شەرعییەتی ئیرادەی گەلە بۆ ئەوەی ئەم هێزە گەورەیە بە پاڵپشتیی ئەو دەنگانەی پێی دراون، سەرلەنوێ پرۆسەی سیاسیی هەرێمی کوردستان رێك بخاتەوە و لەژێر شکۆی کوردستاندا هاوپەیمانییەك دروست بکات، کە کابینەی دەیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان پێکبهێنێت و هەنگاوەکان بەرەو «کوردستانێکی بەهێزتر» و «شۆڕشی ئاوەدانی» بەردەوامی هەبێت و بگاتە ئاستی پەرەپێدانی بەردەوام.

لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی ١٩٩٢، لە پێناوی ئەوەی «ئەزموونی هەرێمی کوردستان» لەدایك بێت، سەرۆك بارزانی پێداگری لەسەر ئەوە کرد، کە هەرگیز ئەوە قبووڵ ناکرێت، لەسەر ئاستی دەسەڵاتی یاسادانان (پەرلەمان) سازش لەسەر دەنگ و ئیرادەی خەڵکی کوردستان بکرێت، هەر بۆیە رێژەی کورسییەکانی پەرلەمان هەر بە ٥١٪ بۆ فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان و ٤٩٪ بۆ یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان مایەوە، بەڵام لەسەر ئاستی دەسەڵاتی جێبەجێکردن (حکومەت)، نەرمی نواند و سیستمی «٥٠ بە ٥٠» پەسەند کرا، کە بەداخەوە لە بری بونیادنانەوەی کوردستان و بەهێزکردنی دامەزراوە نیشتمانییەکان، شەڕی بەدناوی ناوخۆی بەرهەم هێنا.

هەڵبژاردنەکانی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٤، لە ریشەوە سیستمی سەقەتی «٥٠ بە ٥٠»ی لەبەر یەك هەڵوەشاندەوە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە لە ساڵی ١٩٩٢ جیاوازیی دەنگەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان تەنیا چەند هەزار دەنگێك بوو و جیاوازیی کورسییەکانیشیان لە پەرلەمان تەنیا دوو کورسی بوو، واتە «٥١٪ بە ٤٩٪»، بەڵام لەم هەڵبژاردنە جیاوازیی دەنگەکان لە سەرووی ٤٠٠ هەزار دەنگە کە دەکاتە نیوەی کەمتری دەنگەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان و جیاوازیی کورسییەکانی پەرلەمانیشیان ١٦ کورسییە، ئەمەش واتە «٣٩ بەرانبەر بە ٢٣» کورسی.

ئەم هاوکێشە تازەیەی دەنگ و ئیرادەی گەلی کوردستان لە پرۆسەی سیاسیی هەرێمی کوردستاندا دروستی کردووە، بە پلەی یەکەم بەرپرسیارێتی پاراستنی ئەم هاوکێشەیە دەکەوێتە سەر شانی پارتی دیموکراتی کوردستان، ئەمەش لەبەر ئەوەی گەلی کوردستان دەنگی بە شکۆ و گێڕانەوەی شەرعییەت بۆ قەوارەی سیاسیی هەرێمی کوردستان داوە، پارتی دیموکراتی کوردستانیش کە هێزی یەکەمە دەبێت دەستپێشخەر بێت، بۆ دانوستاندن لەگەڵ حزبە سیاسییەکانی دیکە بۆ ئەوەی هاوپەیمانییەکی سیاسی بۆ پێکهێنانی کابینەی دەیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان پێکبهێنێت، زۆریش پێویستە کە ئاگاداری ئەو متمانە گەورەیە بێت، کە گەلی کوردستان وەك ئەمانەت پێی داوە و دەبێت پرۆسەی سیاسیی تازەی کوردستان لەژێر شکۆی کوردستانەوە پیادە بکرێتەوە.

### ● بۆ قۆناغی ئێستای هەرێمی کوردستان باشترە هەموو حزبە سیاسییەکان بەشداری حکومەت بن

کێشەی گەورەی سیستمی لیبراڵ دیموکراتی «پەرلەمانیی رێژەیی»، لەسەر ئاستی دەوڵەتانی رۆژئاوا بریتییە لە شکستی حزبە سیاسییەکان لە نوێنەرایەتیکردنی ئەو دەنگانەی کە لە هەڵبژاردنەکاندا پێیان دراوە، لەسەر ئاستی دەوڵەتانی پۆست کۆمۆنیست و رۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش بە هەرێمی کوردستانیشەوە، بریتییە

لە بەرهەمهێنانی پرۆسەیەکی سیاسیی نەخۆش کە ڕۆژئاواییەکان ناویان لێ ناوە» illiberal democracy»، ئەمەش واتە پرۆسەی سیاسیی لیبراڵ دیموکراتیی نەخۆش.

دەرهاویشتە ترسناکەکانی «پرۆسەی سیاسیی نەخۆش» لەسەر ئاستی ڕۆژ ئاوا، تێکڕای ئەو بەهایانەی لەبەر یەك هەڵوەشاندووە کە پێی دەگوترێت «بەهاکانی ڕۆژئاوا - West-ern values» و بریتی بوون لە « تاکگەرایی، بازاڕی ئازاد، داهێنان و پێشکەوتنی زانستی و...هتد». لە ئێستادا «پۆپۆلیزمی ڕاست و چەپ، گورگە تەنیاکان، دژایەتیی پەنابەر و ڕاسیزم» جێگەی ئەو بەهایانەی گرتووەتەوە و گەیشتووەتە ئەو ئاستەی هەموو بیرمەندان و دەوڵەتمەدار و سیاسەتمەدارانی ڕۆژئاوا لە ئاستیدا دەستەوەستانن.

لەسەر ئاستی دەوڵەتانی تازە پێگەیشتووی ئەورووپای ڕۆژئاوا، ئەمریکای لاتینی و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە هەرێمی کوردستانیشەوە»، دەرهاویشتە ترسناکەکانی پرۆسەی سیاسیی نەخۆش جیا لە «بڵاوبوونەوەی گەندەڵی، فشۆڵی دامەزراوە سیاسییەکان، دابیننەکردنی خزمەتگوزارییەکان، نەبوونی ئاشتیی کۆمەڵایەتی و...هتد»، مەزندەی ئەوە دەکرێت، دەرهاویشتەی زۆر ترسناکتریش بە دوای خۆیدا بێنێت، وەك «شەڕی چەکداریی ناوخۆ، بەکارهێنانی جوگرافیای نیشتمان لەلایەن گرووپێکی غەیرە دەوڵەتیی چەکدارەوە بۆ شەڕی تایبەتی خۆی، بڵاوبوونەوەی ماددەی هۆشبەر و بەکارهێنانی جوگرافیای نیشتمان وەك ڕێڕەوێك بۆ گواستنەوەی ماددەی هۆشبەر و... هتد».

لەسەر ئەم باکگراوەندە ئەگەر خوێندنەوەیەك بۆ مێژووی ٣٢ ساڵەی پرۆسەی سیاسی لە هەرێمی کوردستان بکەین، وەك پرۆسەیەك کە بەرهەمی هەڵبژاردن و سندووقەکانی دەنگدانە، ئەوا هیچ پێویستی بە بیرکردنەوەی قووڵ و لێکدانەوەی ئاڵۆز نییە و، لە هەر هاووڵاتیەکی کوردستان بپرسیت، ڕاشکاوانە بەو جۆرە وەڵامت دەداتەوە کە پرۆسەی سیاسیی کوردستان نەخۆشە و نەخۆشییەکەشی ترسناکە و زۆر جار گەیشتووەتە ئەوەی حزبێکی سیاسی یاری بە شکۆی کوردستان بکات، یان وەك لە هەڵمەتەکانی ئەمجارەی خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستان بینیمان، یاریکردن بە قووت و بژێویی هاووڵاتیانی کوردستان و یاریکردن بە چارەنووسی قەوارەی سیاسیی هەرێمی کوردستان، دروشمی سەرەکیی هەڵمەتی هەڵبژاردنی زۆرینەی حزبە سیاسییەکان بوون.

هۆکاری سەرەکی بۆ ئەم نەخۆشییە درێژخانەیە لە جەستەی پرۆسەی سیاسیی هەرێمی کوردستان، هۆکارگەلێکی زۆر و ئاڵۆزن، بەشێکی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو نەخۆشییە کە هەر لە شەستەکانی سەدەی ڕابردووەوە لە جەستەی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان سەریهەڵداوە، بەشێکیشی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی دیاردەی «فرەحزبی» لەناو ژینگەیەکی سیاسیی ساخڵەمدا «نە لە پێش ڕاپەرین و نە لە دوای ڕاپەرین» لەدایك نەبووە، جیا لە دەستتێوەردانی دەرەکی، دەستتێوەردانی ناوخۆییش هەبووە، لەمەش زیاتر بەشێکی دیکەشی دەگەڕێتەوە بۆ «یاسای پارتە سیاسییەکانی پەرلەمانی کوردستان» کە لە ناو ژینگەیەکی فرەحزبیی نەخۆشدا لە پەرمان تێپەڕێندراوە و پەسەند کراوە.

گرفتی سەرەکی لە پرۆسە سیاسییە نەخۆشەکەی هەرێمی کوردستان، ئەوەیە کە هەتا ئێستا ئامادەباشییەکی جددی لە نێوان کۆی حزبە سیاسییەکانی کوردستان نەبووە بۆ ئەوەی وەك هەنگاوی یەکەم تەنیا «ڤایرۆسی ئەم نەخۆشییە» وەك خۆی و لە چوارچێوەی بیرکردنەوەیەکی نیشتمانیدا دەستنیشان بکرێت و پاشان هەوڵەکان بخرێتە گەڕ بۆ ئەوەی ڤاکسینێك بۆ ئەم ڤایرۆسە دروست بکرێت.

هەر بۆیە ئەگەر ئێستا لە جەستەی نەخۆشی پرۆسە سیاسییەکە بڕوانین و گوێ لە دەنگی ئەو ئازارانە بگرین کە لەو جەستە نەخۆشە دێنە دەرێ، بەتایبەتی کە ژینگەیەك لەناو کۆمەڵگەی کوردستان دروست بووە، کە زۆر بێباکانە گاڵتە بە «کوردایەتی، پیرۆزیی ئاڵا و خاك، دامەزراوەکانی هەرێمی کوردستان، قووتی خەڵك و خۆشگوزەرانییان و.. هتد » دەکەن، ئەمە مانای ئەوەیە ئەم جەستە نەخۆشەی پرۆسەی سیاسی لە کوردستان

**ئەم جەستە نەخۆشەی پرۆسەی کوردستان پێویستی بەوەیە «یەکەی چاودێریی چڕ - intensive care unit»ی بۆ دروست بکرێت، کە حاڵەتی نەخۆشیش گەیشتە ئەوەی پێویستی بە «یەکەی چاودێریی چڕ» بێت، مانای وایە ژیانی نەخۆشەکە لە مەترسییەکی ڕاستەقینەدایە**

**دەسەڵاتی یاسادانان «پەرلەمان» هەر لە خولی یەکەمەوە لە ساڵی ١٩٩٢ تا خولی پێنجەم لە ساڵی ٢٠٢٣، نەک دەسەڵاتێکی سەربەخۆ نەبووە، بەڵکو زۆر بە ڕاشکاوی ئامرازێک بووە بۆ بەرژەوەندیی تەسکی حزبە سیاسییەکان پێش هەمووان ئەو حزبانەی بە خۆیان دەڵێن ئۆپۆزسیۆن، ئینجا ئەو حزبانەی کە بە خۆیان دەڵێن دەسەڵات**

**پرۆسەی سیاسیی کوردستان نەخۆشە و نەخۆشییەکەشی ترسناکە و زۆر جار گەیشتووەتە ئەوەی حزبێکی سیاسی یاری بە شکۆی کوردستان بکات**

**حوکمڕانیی دروست و سەرکەوتوو پێویستی بە هاوپەیمانیەتییەکی بەهێزی ئەو لایەنانە هەیە کە حکومەت پێکدەهێنن و پێویستی بە هاوپەیمانیەتییەکی بەهێزی ئەو لایەنانەش هەیە کە ئۆپۆزسیۆنن**

**لە زۆربەی قۆناغەکانی ژیانی پەرلەمانی لە هەر پێنج خولەکەی پەرلەمانەدا، پەرلەمان خۆی بەشێک بووە لە هەموو کێشەکان، نەک دەسەڵاتێکی سەربەخۆ بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان**

پێویستی بەوەیە «یەکەی چاودێریی چڕ - in-tensive care unit»ی بۆ دروست بکرێت، کە حاڵەتی نەخۆشیش گەیشتە ئەوەی پێویستی بە «یەکەی چاودێریی چڕ» بێت، مانای وایە ژیانی نەخۆشەکە لە مەترسییەکی ڕاستەقینەدایە.

لەئێستادا کە لەبەر ڕۆشنایی ئاکامی دەنگدانەکەی ٢٠ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٤ هەنگاو بۆ دووبارە بونیادنانەوەی پرۆسەیەکی سیاسیی نوێ لە هەرێمی کوردستان هەڵدەگرین و، ئەرك و بەرپرسیارێتیی سەرەکییش بۆ ئەم ڕێکخستنەوەیە بە پلەی یەکەم دەکەوێتە سەر شانی پارتی دیموکراتی کوردستان، ئەوا دەبێت ئەوە لەبەر چاوبگیرێت کە «یەك هەرێم، یەك پەرلەمان، یەك حکومەت، یەك هێزی پێشمەرگە»، بە دەستنیشانکردنێکی نیشتمانییانەی دروستی هۆکاری «نەخۆشییەکە» و دروستکردنی «یەکەیەکی چاودێریی چڕ» بۆ ڕزگارکردنی گیانی پرۆسە سیاسییەکە دەست پێدەکات، نەك دابەشکردنی «کێکی دەسەڵات» لە پێناوی بەرژەوەندیی تەسکی حزبایەتی.

پرۆسەی سیاسیی هەرێمی کوردستان لەماوەی ٣٢ ساڵی ڕابردوو، ڕاستییەکی زۆر تاڵی بۆ ئاشکرا کردووین، ئەویش ئەوەیە نە هاوپەیمانییەکی پتەو و بەهێز لەنێوان ئەو حزبانە دروست دەبێت کە کابینە وەزارییەکان پێکدەهێنن، نە هاوپەیمانییەکی بەهێز لە نێوان ئەو هێزانەش دروست دەبێت، کە بەشداریی حکومەت ناکەن و بە خۆیان دەڵێن «ئۆپۆزسیۆن». هەر بۆیە ئەو دید و تێڕوانینانەی بە شێوەیەکی تیۆری لەناو ڕای گشتیی کوردستان ڕەنگی داوەتەوە و بە فانتازییەکی زۆرەوە دەڵێن «حوکمڕانیی دروست و سەرکەوتوو پێویستی بە هاوپەیمانیەتییەکی بەهێزی ئەو لایەنانە هەیە کە حکومەت پێکدەهێنن و پێویستی بە هاوپەیمانیەتییەکی بەهێزی ئەو لایەنانەش هەیە کە ئۆپۆزسیۆنن». بەڵام ئەزموونی پرۆسەی سیاسیی هەرێمی کوردستان ڕاشکاوانە پێمان دەڵێت، دروستبوونی ئەو جۆرە هاوپەیمانییە لەنێوان حزبە سیاسییەکانی کوردستان ئەگەر مەحاڵیش نەبێت، نیمچە مەحاڵە. ئەم خوێندنەوە واقیعییە بەرەو ئەوەمان دەبات، کە بیر لە چارەسەرێکی ڕیشەیی بکەینەوە ئەویش نەمانی «کێشەی دەسەڵات»ـە و ئەم ڤایرۆسە (کێشەی دەسەڵات) کە بەداخەوە تەمەنی ٦٢ ساڵە لەناو بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان و تەمەنی ٣٢ ساڵە لەناو پرۆسەی سیاسیی ئەزموونی هەرێمی کوردستاندا، هەتا ئێستا چارەسەر نەکراوە و، ڕۆژ لە دوای ڕۆژیش دەرهاویشتەی زۆر ترسناکتر لە پێشتر بەدوای خۆیدا دەهێنێت و، مەترسی و ئالنگاریی زۆر گەورەش لەسەر چارەنووسی قەوارەی سیاسیی هەرێمی کوردستان دروست دەکات. بۆ خۆپاراستن لەم دەرهاویشتە ترسناك و خراپانە و، لە پێناوی ئەوەی «یەك هەرێم، یەك پەرلەمان، یەك حکومەت، یەك هێزی پێشمەرگە» لە هەرێمی کوردستان بە پتەوی بونیاد بنرێتەوە، ئەوا دەبێت حزبە سیاسییەکانی کوردستان هەموو پێکەوە ئۆپۆزسیۆن بن لەدژی ئەو فاکتەرانەی دەبنە ئاستەنگ بۆ دووبارە بونیادنانەوەی «یەك هەرێم، یەك پەرلەمان، یەك حکومەت، یەك هێزی پێشمەرگە»، هەروەها دەبێت هەمووشیان پێکەوە هاوپەیمان بن بۆ بە دیهێنانی ئەم ئامانجە نیشتمانییە.

### ● هاوشانی بەڕێوەبردنی پرۆسەی سیاسی گرنگە فەزای گشتی زیاتر ئەکتیف بکرێتەوە

پرۆسەی سیاسیی سەرکەوتوو بۆ بەرهەمهێنانی «حوکمڕانیی دروست و باش» بە تەنیا بە جیاکردنەوەی هەرسێ دەسەڵاتی «یاسادانان، جێبەجێکردن، دادوەری» نایەتەدی، هەتا ئەگەر ژینگەی سیاسیی وڵات لەو پەڕی ئارامی و سەقامگیریشدا بێت، بۆ نموونە ئەگەر هاوشێوەی فیدراسیۆنی یەکێتیی ئەورووپاش بێت.

لەناو کۆی پەرلەمانەکانی جیهاندا، حزبە سیاسییەکان جیا لەوەی هێندەی بەرژەوەندیی حزبی خۆیان مەبەستە، هێندە بەرژەوەندیی باڵای نەتەوە و نیشتمانیان مەبەست نییە، لە هەمان کاتدا ئەو خەڵکانەشی کە وەك نوێنەری حزبەکان دەبنە پەرلەمانتار، دەبنە خاوەنی «بەرژەوەندیی کەسیی خۆیان»، ئەم بەرژەوەندییە کەسییانە وا دەکات، کە هێندەی بایەخ بە بەرژەوەندییە کەسییەکانی خۆی دەدات، هێندە بایەخ بە هیچ بەرژەوەندییەکی

حزبی و نیشتمانی نادات. ڕۆژنامەنووسی ناسراوی جیهانی تۆماس فریدمان لە کتێبی «سوپاس بۆ دواکەوتنت»، زۆر بە ڕاشکاوی دەستی لەسەر ئەم برینە داناوە و دەڵێت: «کۆنگرێسمانەکانی ئەمریکا هێندەی لەڕێگەی ئاپیادەکەی دەستیانەوە چاودێریی بۆرسەکانی وۆڵ ستریت دەکەن، هێندە ئاگایان لە گەلی ئەمریکا نییە».

گشتاندنمان بۆ شێوازی کارکردنی سیستمی پەرلەمانی لە کۆی پرۆسەکانی حوکمڕانی لە جیهاندا، بۆ ئەوە بوو بیکەینە دەروازەیەک بۆ خوێندنەوەی سیستمی پەرلەمانی لە هەرێمی کوردستان و عێراقدا، لەمەش زیاتر دەبێت ئەو پرسیارە لە خۆمان بکەین، لە پرۆسەیەکی سیاسیدا کە «ئارامی و سەقامگیری» وەک پێویست بوونی نەبێت و، هەر سێ دەسەڵاتی «یاسادانان، جێبەجێکردن، داوەری» بە تەواوەتی و لەبەر ڕۆشنایی دەستوور لێک جیا نەکرابێتنەوە، ئایا دەبێت پەرلەمانی ئەو دەوڵەتە و پەرلەمانتارەکانی چۆن بیر لە ئایندەی نیشتمانەکەیان بکەنەوە؟

لێرەوە ئەگەر جەخت لە پرۆسەی سیاسیی هەرێمی کوردستان بکەینەوە و واقیعەکە چۆنە وەک خۆی بیخەینە ڕوو، ئەوا دەبێت ڕاشکاوانە لەسەر ئەم خاڵانە هەڵوەستە بکەین:

- دەسەڵاتی یاسادانان «پەرلەمان» هەر لە خولی یەکەمەوە لە ساڵی ١٩٩٢ تا خولی پێنجەم لە ساڵی ٢٠٢٣، نەک دەسەڵاتێکی سەربەخۆ نەبووە، بەڵکو زۆر بە ڕاشکاوی ئامرازێک بووە بۆ بەرژەوەندیی تەسکی حزبە سیاسییەکان پێش هەمووان ئەو حزبانەی بە خۆیان دەڵێن ئۆپۆزسیۆن، ئینجا ئەو حزبانەی کە بە خۆیان دەڵێن دەسەڵات، لەمەش زیاتر لە زۆربەی قۆناغەکانی ژیانی پەرلەمانی لە هەر پێنج خولەکەی پەرلەماندا، پەرلەمان خۆی بەشێک بووە لە هەموو کێشەکان، نەک دەسەڵاتێکی سەربەخۆ بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان.

- بە هۆی مامەڵەی نابەرپرسیارانە و نانیشتمانییانەی حزبە سیاسییەکانەوە، بەردەوام دەسەڵاتی جێبەجێکردن «لە هەر نۆ کابینەکەیدا» بە شێوەیەک لە شێوەکان ئیفلیج کراوە و ڕێگە نەدراوە حکومەت لە سەرپێی خۆی ڕابوەستێت و خزمەتی هەموو پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکانی هەرێمی کوردستان بکات، لەمەش خراپتر لە هەندێک ناوچەی هەرێمی کوردستان، حزبی سیاسی بە تەواوەتی دژایەتیی حکومەتی کردووە و ئاستەنگی بۆ کارەکانی دروست کردووە.

- سەروەریی و سەربەخۆیی «دەسەڵاتی دادوەری» کە گرنگترین پێوەرە بۆ هەڵسەنگاندنی حوکمڕانی هەر دەوڵەتێک، گومانی زۆر گەورە و ڕاشکاوانەی لەسەر هەیە، چونکە لە کوردستاندا سەرۆکی حزبی سیاسی هەیە، بە ڕاشکاوانە لە میدیاوە دەڵێت: «من بڕوام بە یاساکان و دەسەڵاتی دادوەریی هەرێمی کوردستان نییە»، لەسەر ئاستی ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی و پاراستنی سەر و ماڵی هاووڵاتییانیش، لە زۆر ناوچەی کوردستان دەسەڵاتی دادوەری دەستەوەستانە و هیچ ئیعتوبارێکی بۆ دانانرێت.

دەستنیشانکردنی واقیعی پرۆسەی سیاسیی هەرێمی کوردستان وەک ئەوەی بە کردەیی دەیبینین، ناچارمان دەکات بیر لەوە بکەینەوە چۆن هاوکار بین بۆ ئەوەی پرۆسە سیاسییەکە ڕاست بکرێتەوە.

بیرمەندان و پسپۆران و توێژەرانی حوکمڕانی و بونیادنانەوەی دەوڵەت، لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا پێمان دەڵێن: «دەبێت دامەزراوەکانی دیکەی کۆمەڵگەی مەدەنی وەک – سەندیکا و ڕێکخراوەکان، ناوەندەکانی توێژینەوە و لێکۆڵینەوە، زانکۆکان، پیاوانی ئایینی و.. هتد» لەناو فەزای گشتیدا هاوکاریی سیاسەتمەدارانی وڵاتی خۆیان بکەن، بۆ ئەوەی پرۆسە سیاسییەکە ڕاست بکرێتەوە.

یۆرگن هابرماس لە کتێبی «فەزای گشتیی بۆرژوازی» دا، کە ئەو مەبەستی «ڕۆشنبیرانی سەردەمی شۆڕشی فەرەنسایە» و لەو کاتەدا تەنیا لەناو چینی بۆرژوازیدا خوێندەوار و ڕۆشنبیر هەبووە، پێمان دەڵێت: «دەبێت کۆی پسپۆران و شارەزایانی سێکتەرە جیاوازەکانی کۆمەڵگە، هەر سێکتەرەی بە جیا کۆبنەوە و پێکەوە دیالۆگێکی ڕاشکاوانە بکەن، بۆ ئەوەی هەر لایەک لە سێکتەری تایبەتیی خۆیەوە، ڕاوێژی بەسوود بۆ نیشتمانەکەی

**بە هۆی مامەڵەی نابەرپرسیارانە و نانیشتمانییانەی حزبە سیاسییەکانەوە، بەردەوام دەسەڵاتی جێبەجێکردن «لە هەر نۆ کابینەکەیدا» بە شێوەیەک لە شێوەکان ئیفلیج کراوە و ڕێگە نەدراوە حکومەت لە سەرپێی خۆی ڕابوەستێت و خزمەتی هەموو پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکانی هەرێمی کوردستان بکات**

**لە هەندێک ناوچەی هەرێمی کوردستان، حزبی سیاسی بە تەواوەتی دژایەتیی حکومەتی کردووە و ئاستەنگی بۆ کارەکانی دروست کردووە**

**دەستنیشانکردنی واقیعی پرۆسەی سیاسیی هەرێمی کوردستان وەک ئەوەی بە کردەیی دەیبینین، ناچارمان دەکات بیر لەوە بکەینەوە چۆن هاوکار بین بۆ ئەوەی پرۆسە سیاسییەکە ڕاست بکرێتەوە**

**پرۆسەی سیاسی وەک پرۆسەیەکی گشتگیر بۆ بەڕێوەبردنی نیشتمان پێناسە نەکراوە، بەڵکو جیا کراوەتەوە تەنیا بۆ حزبە سیاسییەکان و سێکتەرە جیاوازەکانی کۆمەڵگە لەم پرۆسە گرنگەدا فەرامۆش کراون**

**سێکتەرە جیاوازەکانی فەزای گشتی ناچارکراون وەک حزبە سیاسییەکان بیربکەنەوە، بەمەش ڕۆڵ و بەهای فەزای گشتی خنکێنراوە و هیچ بوونێکی واقیعییانەی نییە**

**بوونی ئۆپۆزسیۆنی ڕاستەقینە لە ئەنجومەنی پارێزگاکان دەبێتە ئەو پێداویستییەی کە خزمەتێکی گەورەی بەرژەوەندییەکانی هاوولاتیان دەکات و قۆناغێکی دیکەی گرنگ پرۆسەی سیاسی لە هەرێمی کوردستان بەرەو پێشەوە دەبات**

پێشکەش بکات و پرۆسەی سیاسی ڕاست بکرێتەوە». هابرماس بۆ پیادەکردنی چەمکی فەزای گشتی لە پرۆسە سیاسییەکانی سیستمی پەرلەمانی، پێشنیاری ئەوە دەکات، ئەم دیالۆگانەی فەزای گشتی دەبێت بەردەوام بێت، بۆ ئەوەی کەموکورتییەکانی سیستمی «لیبراڵ دیموکراتی ڕاست بکاتەوە و سیستمێکی تازە بەرهەم بهێنێت»، کە ئەو ناوی لێ ناوە»ئوردۆ لیبراڵیزم» کە مەبەستی ئەوەیە یاسا و بڕیارەکانی پەرلەمانی یەکێتیی ئەوروپا لەگەڵ ڕای گشتیی سەرجەم وڵاتانی ئەندامی ئەو فیدراسیۆنە یەك بگرێتەوە.

یەکێك لە گرفتە گرنگ و سەرەکییەکانی پرۆسەی سیاسی لە هەرێمی کوردستان لە دوو خاڵی گرنگدا خۆی بەرجەستە دەکاتەوە کە بریتین لە:

یەکەم: پرۆسەی سیاسی وەك پرۆسەیەکی گشتگیر بۆ بەڕێوەبردنی نیشتمان پێناسە نەکراوە، بەڵکو جیا کراوەتەوە تەنیا بۆ حزبە سیاسییەکان و سێکتەرە جیاوازەکانی کۆمەڵگە لەم پرۆسە گرنگەدا فەرامۆش کراون.

دووەم: زۆر بە توندی کۆی سێکتەرەکانی فەزای گشتی بە سیاسی کراون، ئەمەش مانای ئەوەیە سێکتەرە جیاوازەکانی فەزای گشتی ناچارکراون وەك حزبە سیاسییەکان بیربکەنەوە، بەمەش ڕۆڵ و بەهای فەزای گشتی خنکێنراوە و هیچ بوونێکی واقیعییانەی نییە.

بوونی ئەم دوو ئاستەنگە لەناو پرۆسەی سیاسیی هەرێمی کوردستاندا، تا ڕادەیەکی زۆر ناسەقامگیری لەناو پرۆسەی سیاسی بە ئاستێك دروست کردووە، کە گەیشتووەتە ئاستی ئەوەی پێی بگوترێت «نەسەقامگیریی پەرلەمانی»، لەمەش زیاتر بووەتە هۆکاری ئەوەی لە چاویلکەی بەرژەوەندیی تەسکی حزبایەتییەوە مامەڵە لەگەڵ بڕیار و یاساکانی پەرلەمان بکرێت.

خاڵی گرنگ کە دەکرێت بکرێتە سەرەتایەك بۆ گەشبینی لە پرۆسەی سیاسیی هەرێمی کوردستاندا، ئەوەیە کە خەڵك بە شێوەیەکی گشتی لە ئەدای حزبە سیاسیەکانی کوردستان تووڕە و بێزارن، بە ئەندامانی حزبە سیاسییەکانیشەوە، هەر بۆیە ئەگەر هەوڵێك هەبێت بۆ کاراکردنەوەی سێکتەرە جیاوازەکانی فەزای گشتی، بەتایبەتی»سەندیکا و ڕێکخراوە جەماوەریی و پیشەییەکان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و زانکۆکان»، ئەوا ژینگەیەك بۆ دیالۆگی کراوە دێتە ئاراوە کە جیاوازیی زۆر گەورەی لەگەڵ ئەو ژینگە دەبێت، کە حزبە سیاسییەکان لە کۆبوونەوەکانی خۆیاندا گفتوگۆی تێدا دەکەن. لەم ژینگە کراوەیەدا بەرهەمی ئەو دیالۆگە دەبێت پێشنیار و ڕاوێژی جددی لەخۆی بگرێت، کە بە شێوەیەك لە شێوەکان ئەو بەستەڵەکی بە سیاسیکردنی سێکتەرەکانی فەزای گشتی بتوێنێتەوە کە حزبەکان بۆ بەرژەوەندیی تەسکی خۆیان دروستیان کردووە.

## ● ڕەچاوکردنی شایستەی دەنگدان و هەڵبژاردن لە پێکهێنانی هاوپەیمانیی سیاسیی نێوان حزبەکاندا

کێشەیەکی دیکەی سەرەکی لەناو پرۆسەی سیاسیی هەرێمی کوردستاندا، ئەوەیە کە شایستەی هەڵبژاردن و دەنگدان کە دەربڕی ئیرادەی خەڵکی کوردستانە، بە تەواوەتی ناکرێتە بناغە بۆ دروستکردنی هاوپەیمانی بۆ پێکهێنانی کابینەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، هەر ئەمەش وای کردووە، کە ماوەی گفتوگۆ و دانوستاندنەکان بۆ پێکهێنانی حکومەت بەتایبەتی لە دوای هەڵوەشانەوەی ڕێککەوتنی ستراتیژی نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ماوەیەکی زۆر بخایەنێت و سەرەنجامیش لەسەر بنەمای هاوپەیمانییەکی فشۆڵ حکومەت پێك بهێنرێت.

لەم قۆناغە هەستیارەدا کە پاراستنی قەوارەی سیاسیی هەرێمی کوردستان لە هەموو کاتێك زیاتر پێویستی بە «بە یەك بڕیار و یەك ئاراستە و یەك هەڵوێست» هەیە، هەم بۆ ڕێکخستنەوەی دووبارەی پرۆسەی سیاسی لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان، هەمیش بۆ دووبارە ڕێکخستنەوەی پەیوەندییەکان و چارەسەری کێشەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵی، ئەوا دەبێت پارتی دیموکراتی کوردستان بەو حیسابەی لایەنی براوەی یەکەمی ئەم هەڵبژاردنانەیە و ئەو لایەنەیە کە دەبێت دەستپێشخەر بێت بۆ

کۆبوونەوە و دانوستاندن لەگەڵ لایەنە سیاسییە براوەکانی ئەم هەڵبژاردنە، دەبێت شایستەی دەنگدان و هەڵبژاردن بکاتە بناغەی دانوستاندن و پێکهێنانی هاوپەیمانیی سیاسی بۆ پێکهێنانی کابینەی دەیەم.

پێداگری لەسەر شایستەی دەنگدان و هەڵبژاردن، مانای ئەوە نییە لایەنێکی سیاسی لەسەر حیسابی لایەنێکی دیکەی سیاسی پەراوێز بخرێت، بەڵکو مانای ئەوەیە حزبە سیاسییەکانی کوردستان پێویستە بگەنە ئەو قۆناغەی لەسەر ئاستی ئیرادەی گەلی کوردستان و شایستەی دەنگدان و هەڵبژاردن ڕۆڵێکی کارا لە پرۆسە سیاسییەکەدا بگێڕێت.



بەشداریی هەموو لایەنە سیاسییەکان و نوێنەرانی پێکهاتە جیاوازەکان لە کابینەی دەیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەمانای ئەوە نییە کە ئۆپۆزسیۆن لە کوردستان نامێنێت، بەپێچەوانەوە بەشداریی هەمووان لە حکومەتدا، سەقامگیرییەکی پتەو بۆ «کاری پەرلەمانی» لەناو پەرلەمانی کوردستاندا دروست دەکاتەوە، ئەم سەقامگیرییە پتەوەی کاری پەرلەمانی، دەبێتە فاکتەرێکی گرنگ بۆ ئەوەی پێکەوە هەنگاو بۆ «یەك بڕیار، یەك ئاراستە، یەك هەڵوێست» لەسەر ئاستی تەواوی هەرێمی کوردستان هەڵبگرین و، دەروازەیەك دەکاتەوە بۆ ئەوەی بتوانین چەند کەموکورتیی گرنگی ناو پرۆسەی سیاسیی هەرێم ڕاست بکەینەوە، لەوانە:

- دووبارە دەرچوواندنەوەی یاسای هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستان.
- کاراکردنەوەی کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسی لەبەر ڕۆشنایی ئاکامی هەڵبژاردنەکانی خولی شەشەم.
- ئامادەکاری بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان.
- ئامادەکاری بۆ نووسینەوەی پڕۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان و ئامادەکردنی بۆ گشتپرسی لە هەرێمی کوردستاندا.

هاتنە کایەی ئەم ژینگە تازەیە لە پرۆسەی سیاسیی هەرێمی کوردستان، زەمینەی ئەوە دەرەخسێنێت، کە دوای ئەنجامدانی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان، حکومەتە لۆکاڵەکانی پارێزگاکانیش لەسەر بنەمای شایستەی دەنگدان و هەڵبژاردن دابمەزرێنەوە، ئەگەر هەندێك دەسەڵاتی لامەرکەزی بۆ پارێزگاکان زیاتر بکرێت، ئەوا بوونی ئۆپۆزسیۆنی ڕاستەقینە لە ئەنجومەنی پارێزگاکان دەبێتە ئەو پێداویستییەی کە خزمەتێکی گەورەی بەرژەوەندییەکانی هاووڵاتیان دەکات و قۆناغێکی دیکەی گرنگ لە پرۆسەی سیاسی لە هەرێمی کوردستان بەرەو پێشەوە دەبات.

ئەم هاوکێشەیە کە پرۆسە سیاسیەکە دەباتە ئەو قۆناغەی لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان هەموو لایەك پێکەوە هاوکار بن و زەمینەی یاسا و بڕیاری دروست لە پەرلەمانەوە بێنە ئاراوە و، لەسەر ئاستی ئەنجومەن و حکومەتی لۆکاڵی پارێزگاکان ئۆپۆزسیۆنێکی ڕاستەقینە و بەهێز بوونی هەبێت، ئەو بۆشاییەی نێوان هاووڵاتیان و حزبەکانی دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆن پڕدەکاتەوە، کە لە ئێستادا ئەو بۆشاییەی نێوان هاووڵاتیان و حزبە سیاسییەکان، بووەتە ژینگەیەك بۆ گەشەکردنی گوتاری پۆپۆلیستیی نابەرپرسیار و جۆرێك لە تیرۆری فیکری.

دیمانەی تایبەت



پڕۆفیسۆر مایکڵ مۆسۆ بۆ گوڵان:

# شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا وای کردووە، چین لە هێرشکردنەسەر تایوان سڵ بکاتەوە

**مایکڵ مۆسۆ، پرۆفیسۆری سیاسەت و ئاسایش و کاروباری نێودەوڵەتییە لە زانکۆی سەنتراڵ فلۆریدا، لە توێژینەوەکانیدا بایەخ بە پەیوەندیی نێوان هەلومەرجە ئابوورییەکان و دامەزراوە ناکۆکییەکان دەدات و، خاوەن تیۆرێکی تایبەتە کە پەیوەستە بەوەی چۆن دەرفەتی یەکسان لە بازاڕدا بایەخ دروست دەکات، بۆ لیبراڵ دیموکراسی و هێنانەئارای ئاشتی لە نێوان نەتەوە و دەوڵەتەکاندا. مۆسۆ پشتیوانی لەوە دەکات کە وڵاتە دەوڵەمەندەکان هەوڵی ئەوە بدەن، دەرفەتی بەربڵاوی ئابووری بۆ ئەو وڵاتانە بڕەخسێنن، کە کەمتر گەشەکردوون، چونکە ڕای وایە ئەمە دەبێتە هۆی بەدیهێنانی ئاشتییەکی هەمیشەیی و دادپەروەرانە لەسەر ئاستی جیهان. بۆ لێکدانەوە و تیشکخستنە سەر پەرەسەندنە جیهانییەکان، بەتایبەتی شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا و پرسەکانی پەیوەست بە بەدیهێنانی ئاشتی و سەقامگیری لە جیهان و چەند بابەتێکی دیکەی پەیوەندیدار، گوڵان دیمانەیەکی لەگەڵدا ئەنجام دا.**

*** شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا کە پتر لە دوو ساڵ و نیوە بەردەوامە، ڕووداوێکی تێپەڕ و ڕاگوزەر نییە و، تەنانەت ئەگەر ئەم شەڕەش کۆتایی بێت، ئەوا دەرئەنجام و لێکەوتەکانی بۆ ئایندەیەکی بەرچاو بەردەوام دەبن. بە تێڕوانینی ئێوە ئەم شەڕە چ ئاڵوگۆڕێکی لە کاروبارە نێودەوڵەتییەکان، یان لە سیستمی جیهانیدا بەدیهێناوە؟**

- سەرەتا من دەمەوێت ئاماژە بەوە بکەم، کە هاتنەئارا و درێژەکێشانی شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا بوونە هۆی بەهێزکردن و پتەوکردنی پێگەی دەوڵەتە دیموکراتییە پیشەسازییەکان و زیادکردنی ئەگەرەکانی بەدیهێنانی سیستمێکی جیهانیی سەقامگیر و ئارام. چونکە ئێمە دەزانین کە دەوڵەتە دیموکراسییە پیشەسازییەکان خوازیاری ئەوەن جیهانێك بەدی بهێنن کە لەسەر بنەمای مافی سەروەریی بنیاد نرابێت، کە تێیدا مافی بڕیاردانی چارەنووس بۆ سەرجەم دەوڵەتان دەستەبەر کرابێت، کە پێیان وایە جیهانێکی لەم چەشنە خزمەت بە بەرژەوەندییە ئابووری و ئەمنییەکانیان دەکات. ئەگەر پرسیار بکەین کە چۆن ئەم شەڕە ئەگەری کارکردن بۆ بەدیهێنانی ئەو سیستمەی زیاتر کردووە کە ئاماژەم پێکرد، ئەوا دەڵێم: پێش هەڵگیرسانی شەڕ، سەرکردەکانی هەردوو وڵاتی ڕووسیا و چین دەرکیان بەوە نەدەکرد، کە دەوڵەتە دیموکراسییە پیشەسازییەکان هێندە پێداگرن لەسەر کارکردنی پێکەوەیی بۆ هێنانەئارای جیهانی دڵخواز و خوازراوی خۆیان. هەروەها کاردانەوە و پەرچەکرداری یەکگرتووی دەوڵەتە دیموکراتییە پیشەسازییەکان لە ئاست هێرش و پەلامارەکانی ڕووسیا بۆ سەر ئۆکرانیا ئەو پەیامەی بە چین دا، کە ئەگەر هێرش بکاتە سەر تایوان، ئەوا دەبێت نرخێکی گران بدات لە ڕووی ئەو زیانە بازرگانییانەی دەیکات لە بەرانبەر دەوڵەتە دیموکراتییە پیشەسازییەکاندا.

*** ئەگەر بە دروستی لە وەڵامی پرسیارەکەی ئێوە تێگەیشتبین، ئەوا ئێوە دەتانەوێت بڵێن، ئەم کاردانەوەی دەوڵەتە دیموکراسییەکان لە ئاست داگیرکارییەکەی ڕووسیا بۆ ئۆکرانیا بووەتە هۆی ئەوەی چین سڵ بکاتەوە لە هەڵگرتنی هەنگاوێکی هاوشێوە و هێرشکردنەسەر سەر تایوان، ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی ئەگەری هەڵگیرسانی شەڕێکی دیکە کەمتر ببێتەوە؟**

- بەڵێ، ئەمە دروستە، چونکە لە کاتێکدا کە سەرکردەکانی وڵاتی چین دەیانەوێت هێرش بکەنە سەر تایوان، ئەوا دەزانن بەم کارەیان تووشی زیانێکی زۆر دەبنەوە لە ڕووی بازرگانییەوە. لەم ڕوانگەیەوە من پێم وایە دەکرێت بڵێین ئەوەی سەیرە ئەوەیە کە شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا بووتە هۆی برەودان بە ئەگەری بەدیهێنانی سیستمێکی جیهانیی ئارامتر لە مەودای دووردا.

*** ئێوە باس لە هەڵوێستی یەکگرتووی دەوڵەتە دیموکراسییە پیشەسازییەکان دەکەن لە ئاست داگیرکارییەکەی ڕووسیا لە ئۆکرانیا، بەڵام ئێمە لێرەدا دەمانەوێت ئەوە بپرسین کە ئایا ئەم شەڕە، یان بڕیاری شەڕی ڕووسیا بۆ هێرشکردنەسەر ئۆکرانیا و درێژەکێشانی شەڕەکە چ گۆڕانکارییەکی بەسەر تێڕوانینی ئەم دەوڵەتە دیموکراسییانەدا هێناوە لە ئاست ڕووسیادا؟**

- بە تێڕوانینی من هێرشکردنی ڕووسیا بۆ سەر ئۆکرانیا بووە هۆی بەهێزکردنی ئەو بۆچوونەی نێو دەوڵەتە دیموکراسییە پیشەسازییەکان کە پێیان وایە ڕووسیا بووەتە دەوڵەتێکی لادەر و پێشێلکاری

**دەوڵەتە دیموکراسییە پیشەسازییەکان خوازیاری ئەوەن جیهانێک بەدی بهێنن کە لەسەر بنەمای مافی سەروەریی بنیاد نرابێت، کە تێیدا مافی بڕیاردانی چارەنووس بۆ سەرجەم دەوڵەتان دەستەبەر کرابێت**

**پێش هەڵگیرسانی شەڕ، سەرکردەکانی هەردوو وڵاتی ڕووسیا و چین دەرکیان بەوە نەدەکرد، کە دەوڵەتە دیموکراسییە پیشەسازییەکان هێندە پێداگرن لەسەر کارکردنی پێکەوەیی بۆ هێنانەئارای جیهانی دڵخواز و خوازراوی خۆیان**

**شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا بووتە هۆی بڕەودان بە ئەگەری بەدیهێنانی سیستمێکی جیهانیی ئارامتر لە مەودای دووردا**

**دەوڵەتە دیموکراسییە پیشەسازییەکان باڵادەستییەکی بەرچاویان هەیە لە ڕووی سەربازی و ئابوورییەوە، لەم ڕووەشەوە دەتوانن پاڵپشتیی بێسنوور بۆ ئۆکرانیا دەستەبەر بکەن. بەڵام ئێران و کۆریای باکوور ناتوانن تا سەر پشتیوانیی پێویست بۆ ڕووسیا دابین بکەن**

**سەرکردەکانی چین هێندەی نرخ و بایەخ بە بازاڕەکانی کاڵا و هەناردەکراوەکانیان دەدەن، هێندە گرنگی بە پشتیوانیکردنی ڕووسیا نادەن.**

**تاوەکو ئێستا سەرکردەکانی چین دوودڵ بوون لە دەستەبەرکردنی چەک بۆ ڕووسیا، چونکە ترسیان هەیە لەوەی کە لەلایەن دەوڵەتە دیموکراتییە پیشەسازییەکانەوە ڕووبەڕووی سەپاندنی سزا ببنەوە**

مافی بڕیاردانی چارەنووسی چەندین وڵاتی دیکە، کەواتە لە ئێستادا ئەم وڵاتانە تێڕوانینێکی هاوبەشیان بۆ دروست بووە و لەوە تێگەیشتوون کە پێویستە لە ڕێی ڕێکار و سزا ئابوورییەکانەوە کار بۆ ئیحتیواکردنی ڕووسیا بکرێت. ئەوەتا ئەم ڕێکارانەش بوونە هۆی ئەوەی ڕووسیا پتر لە وڵاتانی وەك ئێران و کۆریای باکوورەوە نزیك ببێتەوە. هەرچۆنێك بێت، ئێمە دەزانین کە دەوڵەتە دیموکراسییە پیشەسازییەکان باڵادەستییەکی بەرچاویان هەیە لە ڕووی سەربازی و ئابوورییەوە، لەم ڕووەشەوە دەتوانن پاڵپشتیی بێسنوور بۆ ئۆکرانیا دەستەبەر بکەن. بەڵام ئێران و کۆریای باکوور ناتوانن تا سەر پشتیوانیی پێویست بۆ ڕووسیا دابین بکەن.

*** کەواتە ئێوە پێتان وایە خاڵی لاوازی چین – ئەگەر دەربڕینەکە دروست بێت- بریتییە لەلایەنی ئابووری و بازرگانی، کە وای لێدەکات سڵ بکاتەوە لە پەنابردنەبەر هێرشکردن و داگیرکردنی تایوان؟**

- بەڵێ، من پێم وایە ئەوەی ڕەفتارەکانی چین سنووردار دەکات، ئەوەیە کە لە بواری هەناردەکاردندا پشت بە دەوڵەتە دیموکراتییەکان دەبەستێت، هەر ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی سەرکردەکانی چین هێندەی نرخ و بایەخ بە بازاڕەکانی کاڵا و هەناردەکراوەکانیان دەدەن، هێندە گرنگی بە پشتیوانیکردنی ڕووسیا نادەن. ئەوەشی پەیوەندی بە ڕووسیاوە هەبێت، ئەگەر بارودۆخەکە بەم شێوەیە بەردەوام بێت، ئەوا شەڕەکە دەدۆڕێنێت.

*** ئایا پێت وانییە ئەم لێکدانەوەیەی ئێوە لە پەیوەندی بە وڵاتی چینەوە- بەتایبەتی لە پەیوەندی بە سڵکردنەوەی چین لە پەنابردنەبەر پەلاماردانی تایوان- ئەو تیۆرە پشتڕاست دەکاتەوە کە دەڵێت: بوونی پەیوەندییە بازرگانییەکان هۆکارێکە بۆ ڕێگەکردن لە هەڵگیرسانی شەڕ لە نێوان دەوڵەتاندا، ئەگەرچی ئەگەر لە شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا بڕوانین، ئەوا ڕەنگە بۆچوونێکی دیکەمان بۆ دروست بێت؟**

- ئەوە ڕاستە کە تیۆریسینەکانی بواری پشت بە یەکتربەستنی ئابووری ئاماژە بەوە دەکەن کە بوونی پشت بەیەك بەستنی بازرگانی دەبێتە هۆی کۆت و بەندکردنی وڵاتان لە پەیوەندی بە ئەگەری پەنابردنە بەر جەنگەوە لە دژی یەکتر. بەڵام هەرچۆنێك بێت، ڕوودانی شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا ئالنگاریی بۆ ئەم تیۆرە دروست کردووە، لەبەر ئەوەی ڕووسیا بڕیاری دا هێرش بکاتە سەر ئۆکرانیا، سەرباری ئەوەی ئەم بڕیارە بووە هۆی ئەوەی داهاتێکی زۆر لە دەست بدات لە ئەنجامی فرۆشتنی نەوتەوە بە وڵاتانی ئەوروپا. تیۆری پشت بە یەکتر بەستن، ئەوە دەخاتەڕوو کە وڵاتان بەرژەوەندییە ئابوورییەکانیان زاڵ دەکەن بەسەر بەرژەوەندییە ئەمنییەکانیانەوە. بەڵام بینیمان چەندین وڵاتی ئەوروپی بڕیاریان دا، نەوتی ڕووسیا نەکڕن- ئەگەرچی ئەمە زیانیشی پێگەیاندن-، کە ئەمەش پێمان دەڵێت، ئەوان زیاتر گرنگییان بە بەرژەوەندییە ئەمنییەکان دا و زاڵیان کردن بەسەر بەرژەوەندییە ئابوورییەکانیانەوە. بەڵام هەروەك لە پرسیارەکەتاندا ئاماژەتان پێکردووە، ئەوا ئەوەی پەیوەندی بە چینەوە هەبێت، ئەوا دەکرێت بڵێین کەیسی ئەم وڵاتە پشتڕاستکردنەوەیە بۆ تیۆری پشت بە یەکتر بەستن لەو وڵاتەدا. واتە ڕاستە کە وا دەردەکەوێت چین پێی وایە بەرژەوەندی لەوەدایە ڕووسیا سەرکەوتوو بێت لە بەرانبەر ئۆکرانیادا، بەڵام تاوەکو ئێستا سەرکردەکانی چین دوودڵ بوون لە دەستەبەرکردنی چەك بۆ ڕووسیا، چونکە ترسیان هەیە لەوەی کە لەلایەن دەوڵەتە دیموکراتییە پیشەسازییەکانەوە ڕووبەڕووی سەپاندنی سزا ببنەوە، ئەمەش ئەوەمان پێدەڵێت، سەرکردەکانی چین بەرژەوەندییە ئابووری و بازرگانییەکانیان پتر بەلاوە گرنگە وەك لە بەرژەوەندییەکانیان لە سەرکەوتنی ڕووسیا بەسەر ئۆکرانیادا.

*** بە لەبەرچاوگرتنی دەرەنجامەکانی ئەم شەڕە و ئەو سزا ئابوورییانەی بەسەر ڕووسیادا سەپێنراون، ئایا جیهان کە لە سەروبەندی لێکدابڕانی ئابووریدا بێت، ئەمە سەرناکێشێت بۆ شەڕی زیاتر لە ئایندەدا؟**

- من پێم وانییە جیهان یان باوردۆخی جیهان بە ئاراستەیەکدا بڕوات کە بەرەو لێك دوورکەوتنەوە و لێکدابڕانی ئابووری بچێت. چونکە ئێمە دەزانین کە ئابووریی ڕووسیا تا ڕادەیەك ئابوورییەکی بچووکە، هەروەها چینیش پشتبەستووە بە هەناردەکارییەکانی بۆ دەوڵەتە دیموکراسییەکان. هەروەها تا ئێستا چین بەرژەوەندییە بازرگانییەکانی زاڵ کردووە بەسەر ئەو بەرژەوەندییانەی هەیەتی لە سەرکەوتنی ڕووسیا بەسەر ئۆکرانیادا. لێرەدا مەبەستم ئەوەیە بڵێم کە ئەگەر ئابووری وەك ئەولەوییەتی سەرەکیی سەرکردەکانی چین بمێنێتەوە، ئەوا چەك بۆ ڕووسیا دابین ناکات و بەم شێوەیەش ئابووریی جیهانی توشی لێکدابڕان نابێتەوە.




پڕۆفیسۆر ئیان لەستیک بۆ گوڵان:

# ئێران و ئیسرائیل هێزی سەربازی بە شێوەیەکی یەکلاکەرەوە دژی یەکتر بەکار ناهێنن

ئیان لەستیك، خاوەنی بڕوانامەی دكتۆرایە لە بواری زانستە سیاسییەكان كە لە زانكۆی كالیفۆڕنیا بەدەستی هێناوە، ئێستاش پڕۆفیسۆری زانستی سیاسییە لە زانكۆی پەنسلڤانیا و وانەبێژی سیاسەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بەرفراوانبوون و داكشانی دەوڵەتان و چەند بوارێكی دیكەیە و لە توێژینەوەكانیدا بایەخ بە بواری سیاسەتی بەراوردكاری و سیاسەتی نێودەوڵەتی و سیاسەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەدات، لەگەڵ جەختكردنەوە لە كێشە و ناكۆكیی نێوان ئیسرائیل و عەرەب و ئیسرائیل و فەلەستین. بۆ شرۆڤەكردن و تاوتوێكردنی پێشهاتەكانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەتایبەتی لە پەیوەندی بە شەڕی ئیسرائیل و حزبوڵڵای لوبنانی و ئەگەری بەرفراوانبوونی ئەم شەڕە و ڕۆڵی ویلایەتەكانی یەكگرتووی ئەمریكا لە ئاست ئەم شەڕە و ئاكامەكانی لەسەر دەوڵەتانی دیكەی ناوچەكە بەتایبەتی هەردوو وڵاتی عەرەبستانی سعودیە و ئیمارات و ئایندەی پەیوەندییەكانی ئاساییكردنەوەی پەیوەندییەكانی چەند وڵاتی عەرەبی لەگەڵ ئیسرائیل و چەند بابەت و پرسێكی دیكەی پەیوەندیدار، گوڵان لە میانەی دیدارێكدا چەند پرسیاری ئاراستە كرد.

*** ئاشكرایە كە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە دۆخێكی نالەبار و ئاڵۆزدا تێدەپەڕێت، نەك هەر لە ئێستاشدا شەڕ و كاولكاری یەخەی ئەم ناوچەیەی گرتووە، بەڵكو لە هەمان كاتدا ئەگەری ئەوە هەیە، شەڕەكان درێژە بكێشن و بگرە بەرفراوانتریش ببن و وڵاتان و لایەنی دیكەش بگرێتەوە و تێوەی بگلێن، بەڵام ئەوەی لە ئێستادا ئەو شەڕەی زیاتر توند كردووەتەوە، ڕووبەڕووبوونەوە و پێكدانانی نێوان ئیسرائیل و حزبوڵڵایە، تێڕوانینی ئێوە لەبارەی ئەم شەڕەوە بە دیاریكراوی چییە؟**

- ئەوەی پەیوەست بێت بە شەڕی ئیسرائیل و حزبوڵڵای لوبنانی، ئەوا دەكرێت بوترێت كە لە ڕووی مێژووییەوە ئیسرائیل ئامادەیی و خواستی ئەوەی هەبووە كە وڵاتی لوبنان داگیر بكات، بە ئامانجی تێكشكاندن و لەناوبردنی ئەو توانا سەربازییانەی لە نێو لوبناندا هەیە، چونكە ئیسرائیل پێی وایە بوونی ئەم توانا سەربازییانە بەربەست دروست دەكەن لەبەردەم هێزی سەربازیی خۆی، لەبەر ئەوەی ئەگەری ئەوە هەبووە كە لە لوبنانەوە هێرشی بكرێتەسەر. هەر چۆنێك بێت، هەڵگیرساندنی شەڕ پێویستی بە بیانوو و پاساو هەیە. ئەو جەنگەی لە ساڵی ١٩٨٢ هەڵگیرسا، پاساوەكەی بریتی بوو لە كوشتنی بەرپرسێكی ئیسرائیل لە لەندەن لەلایەن ڕێكخراوێكی توندڕەوی فەلەستینی، كە ئەم ڕووداوە كرا بە بیانووی داگیركردنی لوبنان، كە خۆی لە خۆیدا ئەنجامدانی ئەم شەڕە هۆكاری گەورەتری لە پشت بوو. ئەگەر بێینە سەر شەڕەكەی ئێستا و وەڵامدانەوەی پرسیارەكەی ئێوە، ئەوا هۆكاری هەڵگیرسانی ئەم شەڕە — لە نێوان ئیسرائیل و حزبوڵڵا- دەگەڕێتەوە بۆ ئەو هێرشە سنووردارانەی حزبوڵڵا ئەنجامی دا لە دژی ئیسرائیل وەك پاڵپشتی و هاوسۆزییەك بۆ فەلەستینییەكانی نێو كەرتی غەززە، كە ئەم هێرشانەی حزبوڵڵاش بوونە هۆی بێ ماڵ و حاڵكردنی ٦٠ هەزار ئیسرائیلی لە باكووری وڵاتەكەیان. ئەوە بوو ئەم هێرشانە هەلومەرجێكیان دروست كرد، بۆ ئەوەی سوپای ئیسرائیل و هەندێ لایەنێكی نێو حكومەت- كە ماوەیەكی زۆر بوو خواستی ئەوەیان هەبوو كۆتایی بە هەڕەشەی حزبوڵڵا لە دژی ئیسرائیل بهێنن- بە شێوەیەكی بەرچاو شەڕەكە بەرەو هەڵكشان ببەن. من پێم وایە ئەوە شكستی ویلایەتەكانی یەكگرتووی ئەمریكا بوو لە وەستاندنی شەڕی غەززە كە دۆخێكی دروست كرد، بۆ ئەوەی شەڕی نێوان ئیسرائیل و حزبوڵڵا بێتەئاراوە.

**هۆكاری هەڵگیرسانی ئەم شەڕە — لە نێوان ئیسرائیل و حزبوڵڵا- دەگەڕێتەوە بۆ ئەو هێرشە سنووردارانەی حزبوڵڵا ئەنجامی دا لە دژی ئیسرائیل وەك پاڵپشتی و هاوسۆزییەك بۆ فەلەستینییەكانی نێو كەرتی غەززە، كە ئەم هێرشانەی حزبوڵڵاش بوونە هۆی بێ ماڵ و حاڵكردنی ٦٠ هەزار ئیسرائیلی لە باكووری وڵاتەكەیان**

*** لە مانگی چواری ئەم ساڵەوە هەر یەك لە ئیسرائیل و ئێران چەند جارێك هێرشی ڕاستەوخۆیان كردووەتە سەر یەكتری، كە ئەمانەش گرێدراو و دەرئەنجامی شەڕی نێو كەرتی غەززە و شەڕی لوبنانن، واتە ئەم دۆخەی ئێستا ئەگەری ئەوەی لێدەكرێت تەشەنە بكات و ببێتە شەڕێكی هەرێمایەتی، ئێوە چۆن لەم ئەگەرە دەڕوانن؟**

- من پێم وانییە هیچ یەكێك لەلایەنەكان، لە نێویاندا ئێران و ویلایەتەكانی یەكگرتووی ئەمریكا و ئیسرائیل، خواستی ئەوەیان هەبێت دۆخەكە بەرەو جەنگێكی بەرفراوان و توندی هەرێمایەتی سەربكێشێت. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەمە

بەو مانایە نییە کە شەڕێکی لەم چەشنە ڕوو نادات، هەرچەند من باوەڕم وانییە ئەگەرێکی بەهێز بێت.

*** نکۆڵی لەوە ناکرێت کە ویلایەتەکانی یەکگرتووی ئەمریکا سەنگ و قورساییەك، یان دەستڕۆیشتوویەکی زۆری هەیە لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و لەم ڕووەوە چاوەڕوانی ئەوە دەکرا، کە ئەمریکا ڕۆڵێکی کاریگەرتر و بەرچاوتری هەبووایە بۆ ئەوەی دۆخەکە بەرەو هێوربوونەوە ببردایە و ڕێگری لە تەشەنەکردنی شەڕەکان بکردایە. بە تێڕوانینی ئێوە ئایا دەبوو، یان دەکرا ئەمریکا چ شتێکی جیاوازی لە ئاست ئەم پێشهاتانەدا بکردایە؟**

- بە تێڕوانینی من دەبوو ویلایەتەکانی یەکگرتووی ئەمریکا هەر لە سەرەتاوە بە ئیسرائیلی ڕابگەیاندایە کە خواستی ئەوەی هەیە پشتیوانی لە سەپاندنی سزا و بڕیاری توندی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و سنووردارکردنی دەستەبەرکردنی چەك دەکات، ئەگەر گفتوگۆی جددی نەکات لەسەر گەیشتن بە ئاگربەست و ئاڵوگۆڕپێکردنی بارمتە گیراوەکان. ئەگەر ئەمە بکرایە، ئەوا کۆتایی بە هێرشەکانی حزبوڵڵا بۆ سەر باکووری ئیسرائیل دەهێنا، هەروەها ڕێگری دەکرد لە هێرشەکانی نێوان ئێران و ئیسرائیلیش.

*** ئێمە دەزانین کە لە ماوەی ساڵانی ڕابردوودا چەند وڵاتی عەرەبی پەیوەندییەکانیان ئاسایی کردەوە لەگەڵ دەوڵەتی ئیسرائیل و ڕێککەوتنی ئاشتییان لەگەڵدا واژوو کرد. لێرەدا پرسیارەکە ئەوەیە ئایا ئەم شەڕانەی ئیسرائیل لەگەڵ بزووتنەوەی حەماس لە کەرتی غەززە و حزبوڵڵا لە لوبنان کاریگەرییان لەسەر پرسی ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکان لەگەڵ ئیسرائیل دەبێت؟**

- لە ڕاستیدا شتێك کە بزووتنەوەی حەماس تێیدا سەرکەوتوو بوو، ئەوەیە کە پرسی ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی نێوان ئیسرائیل و عەرەبستانی سعودیەی دوا خست بۆ ئایندە. هەروەها لەبەر ئەوەی ئیسرائیل بە دڵنیاییەوە چارەسەری «دوو دەوڵەت» قبووڵ ناکات و پێی ڕازی نابێت، ئەوا ماوەیەکی پێدەچێت بۆ ئەوەی دەوڵەتە عەرەبییەکانیش ئەم پابەندبوونە لە بیری خۆیان ببەنەوە، یان ئاڵوگۆڕێکی بەرچاو بەسەر تێڕوانینیاندا بێت، بۆ گرتنەبەری ستراتیژیەتێك کە داواکاری دیموکراتیزەکردن بۆ ئیسرائیل لەخۆ بگرێت، لە نێویاندا لەو خاکانەی فەلەستین کە لەژێر دەستی ئیسرائیلن.

*** هەندێ وڵاتی ناوچەکە هەن وەك عەرەبستانی سعودیە و ئیمارات، کاریگەری و دەستڕۆیشتوویی خۆیان هەیە لەم ناوچەیەدا، بە بۆچوونی ئێوە ئەم شەڕ و پێشهاتانە چ دەرئەنجام و لێکەوتەیەکیان لەسەر ئەم وڵاتانە دەبێت؟**

- لە ڕاستیدا داهات و سەرچاوەکانی ئەم وڵاتانەی ئێوە لە پرسیارەکەتاندا ئاماژەی پێدەکەن، گرنگن بۆ دووبارە ئاوەدانکردنەوە و بنیادنانەوەی کەرتی غەززە. هەروەها دەبێت ئەوەش لەبەرچاو بگرین کە ئەو ڕق و تووڕەییەی لە نێو خەڵکی غەززە و لە نێو وڵاتانی جیهانی دروست بووە بەگشتی- بەهۆی ئەو بەربەرییەتەی ڕوو دەدات، دەبێتە هۆی ئەوەی زەحمەت بێت، ئەم وڵاتانە بچنە نێو جۆرێك لە ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانیان لەگەڵ ئیسرائیل، هاوشێوەی ئەوەی کە لە چوارچێوە ڕێککەوتنەکانی (ئیبراهیم)دا ڕوویان دا و بینیمان.

*** یەکێك لە لێدوانەکانی سەرۆکی وەزیرانی ئیسرائیل ئەوە بوو کە ئەوان- واتە ئیسرائیل- واقیعی ئەمنی ناوچەکە دەگۆڕن، ئەمەش بەو واتایە دێت کە چیتر ئەو هاوسەنگی و هاوکێشەی هێزەی کە هەبوو، لە ئارادا نامێنێت و هەلومەرجێکی نوێ دێننەئاراوە، با لێرەدا بە دیاریکراوی پرسیاری ئەوە بکەین کە ئەگەر حزبوڵڵای لوبنانی- وەك بەرجەستەبوونێکی بەرچاوی دەستڕۆیشتوویی ئێران لە ناوچەکەدا- بە تەواوەتی لاواز بکرێت، ئایا هاوکێشەی هێز لەم ناوچەیە لە قازانجی ئیسرائیل و وڵاتانی دیکە ناگۆڕێت؟**

- من پێم وایە ئەو دۆخەی هاتووەتە ئاراوە بووەتە هۆی ئەوەی لەسەر ئاستی ناوخۆیی ئیسرائیل پتر دەستی واڵا بکات لە پەیوەندی بە بەکارهێنانی هێزە سەربازییەکەیەوە لە هەردوو وڵاتی لوبنان و سووریا و لە شوێنەکانی دیکەش، بەڵام ئەگەر لەسەر ئاستی هەرێمی لە پرسەکە بڕوانین، ئەوا پێدەچێت ئیسرائیل و ئێران توانیبێتیان هێندە بەرپەرچی یەکتر بدەنەوە کە هیچ لایەکیان نەیانەوێت هەوڵی ئەوە بدەن، هێزی سەربازیی خۆیان بە شێوەیەکی یەکلاکەرەوە لە دژی ئەوی دیکە بەکار بهێنن.

**شتێك کە بزووتنەوەی حەماس تێیدا سەرکەوتوو بوو، ئەوەیە کە پرسی ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی نێوان ئیسرائیل و عەرەبستانی سعودیەی دوا خست بۆ ئایندە**

**بەهۆی ئەو بەربەرییەتەی ڕوو دەدات، بووەتە هۆی ئەوەی زەحمەت بێت، وڵاتانی عەرەبی بچنە نێو جۆرێك لە ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانیان لەگەڵ ئیسرائیل**



بەختیار قاسم سەعدی

بەڕێوەبەری گشتیی کارەبای هەولێر بۆ گوڵان :

# پڕۆژەی ڕووناکی ٢٤ کاتژمێر کارەبا بە هەمان نرخ و تێچوونێکی کەمتر و بە ژینگە پارێزییەوە کارەبا دابین دەکات

**هەولێر وەکو پایتەختی هەرێمی کوردستان لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا فراوانبوونێکی گەورەی بەخۆیەوە بینیوە، هاوبەشانی کارەبا و خواستیش لەسەر بەکارهێنانی کارەبا بە ڕێژەیەکی بەرچاو زیادی کردووە، لە بەرانبەردا دەیان پرۆژەی گەورە و ستراتیژی لە بوارەکانی بەرهەمهێنان و گواستنەوە و دابەشکردنی کارەبادا جێبەجێ کراون. پرۆژەی ڕووناکیی ٢٤ کاتژمێریی کارەبا کە لە لایەن سەرۆک وەزیران مەسرور بارزانی ڕاگەیەندرا، بە یەکێك لەو ئەزموونە سەرکەوتووانە دادەنرێت کە ئومێدی زۆری لەسەرە، بەوەی کێشەی کارەبا چارەسەر بکات. لەسەر ئەم پرسە و چەند تەوەرەی دیکەی پەیوەندیدار، گۆڤاری گوڵان دیدارێکی لەگەڵ بەختیار قاسم سەعد بەڕێوەبەری گشتیی کارەبای هەولێر ساز دا.**

* هەولێر، لە لایەك پایتەختی هەرێمی کوردستانە و لە لایەکی دیکە بە یەکێك لەو پارێزگا گەورانە دادەنرێت کە تادێت چڕیی دانیشتووان و هاوبەشانی کارەبای ڕوو لە زیادبوونە. ئایا لە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا تا چەند توانراوە پرۆژە و کارەکان لە ئاست ئەم پێشکەوتنانەدا بێت؟

- ئەگەر ئەو ژمارە زۆرەی پرۆژە و کار و چالاکی کە لە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەنجام نەدرایە، ئەوا سێکتەری کارەبا نەیدەتوانی لە ئاست ئەو پێشکەوتن و فراوانبوونەی شاری هەولێر و پارێزگاکەدا بووایە، لەو یەك ملیۆن و ٩٠٠ هەزار هاوبەشەی کە لە کوردستان هەیە و لە کابینەی نۆیەمدا ٤٣٦،٩٨١ هاوبەش زیاد بووە، بەشی هەرە زۆری بەر پارێزگای هەولێر کەوتووە. فراوانبوونی خێرای شار و شارۆچکەکانی پارێزگاکە و زیادبوونی ژمارەی پرۆژەکانی نیشتەجێبوون و گەرەکی نوێ و بووژانەوەی کەرتەکانی کشتوکاڵ و پیشەسازی و بازرگانی، گەورەترین تەحەددا بوون لە بەردەم کەرتی کارەبا، ئەگەر ئیرادەی گۆڕانکاری نەبووایە و پرۆژەی پێوەری زیرەکمان جێبەجێ نەکردایە، ئەوا خواست بە ڕادەیەك زیاد دەبوو کە هەرچی پرۆژەی دروستکردنی وێستگە و هێڵی گواستنەوە هەیە، فریای ئەو هەڵکشانی خواستە نەدەکەوت. ئێمە وێستگەی ٣٠٠ مێگاواتی خەباتمان بەگەڕ خست و دوو وێستگەی دیکەی گەورەی ماس و خۆرمەڵەش لە دەوروبەری هەولێرن و گرێبەستی دیکەش بۆ دوو وێستگەی بەرهەمهێنانی کارەبا بە وزەی خۆریش کراوە. خۆ ئەگەر باسی کەرتەکانی گواستنەوە و دابەشکردن بکەین، دەبینین پارێزگاکەمان پێش دەستبەکاربوونی کابینەکە لە چاو پارێزگاکانی دیکە لە زۆربەی پرۆژەکاندا لە دواوە بووە، بۆیە ئەگەر ئەم هەموو پرۆژانە نەبووایە، ئەوا هەرگیز نەماندەتوانی لەئاست خواست و ویستی هاووڵاتیانی پارێزگای هەولێردا بین.

**لەو یەک ملیۆن و ٩٠٠ هەزار هاوبەشەی کە لە کوردستان هەیە و لە کابینەی نۆیەمدا ٤٣٦،٩٨١ هاوبەش زیاد بووە، بەشی هەرە زۆری بەر پارێزگای هەولێر کەوتووە**

**وێستگەی ٣٠٠ مێگاواتی خەباتمان بەگەڕ خست و دوو وێستگەی دیکەی گەورەی ماس و خۆرمەڵەش لە دەوروبەری هەولێرن و گرێبەستی دیکەش بۆ دوو وێستگەی بەرهەمهێنانی کارەبا بە وزەی خۆریش کراوە**

**بە هەردوو کەرتی تایبەت و گشتییەوە توانراوە زیاتر لە ٢٠ مێگاوات کارەبا لە ڕێگەی سیستمی وزەی خۆرەوە بەرهەم بهێنرێت**

* بۆ پارێزگاریکردن لە ژینگە، تا چەند توانیوتانە بەرهەمهێنانی کارەبا بە وزەی خۆر بەرەو پێش ببەن؟

- بۆ یەکەمینجار وەزارەتی کارەبا لە یاسای نوێی وەزارەتی کارەبادا پرسی بەرهەمهێنانی کارەبا بە وزەی خۆری جێگە کردەوە. هەر خۆی لە خۆیدا بە هەردوو کەرتی تایبەت و گشتییەوە توانراوە زیاتر لە ٢٠ مێگاوات کارەبا لە ڕێگەی سیستمی وزەی خۆرەوە بەرهەم بهێنرێت. هاندان و ئاسانکاری بۆ فراوانکردنی ئەم سیستمە ڕووی لە گەشەسەندن کردووە. لە لایەکی دیکەوە لە سنووری پارێزگای هەولێر دوو گرێبەستی بەرهەمهێنانی کارەبا بە وزەی خۆر، هەریەکە و بە توانای ٢٥ مێگاوات کارەبا واژوو کراوە، لە چەندین قوتابخانە و نەخۆشخانە و شوێنی حکوومی و ئەهلیدا سیستمی بەرهەمهێنانی کارەبا دانراون و تا دێت ڕوو لە زیادبوون دەکات.

* ژمارەی ئەو وێستگانەی کارەبا کە لەم کابینەیەدا لە ناو سەنتەری شاری هەولێر و پارێزگاکە دانراون، تا چەند کاریگەریی لەسەر کەمبوونەوەی کێشەی بارزۆری و ئۆڤەرلۆد و گەیاندنی کارەبا بۆ هاوبەشان هەبووە؟

- لە سنووری پارێزگای هەولێر ژمارەیەکی زۆری وێستگەی کارەبا و هێڵی کارەبا دامەزراون، کە ڕۆڵی بەرچاویان هەبووە لە کەمکردنەوەی کێشەی کارەبا لە پارێزگاکەدا و، لەم کابینەیەدا هێندەی سێ کابینە پڕۆژەی وێستگەی کارەبا و هێڵی کارەبا بونیاد نراون، کە لێرەدا ئاماژە بە هەندێکیان دەکەم. هێڵی بەرزی شەقڵاوە- سۆران، هێڵی وێستگەی کەسنەزان و شاوێس و هێڵی ڕێزان – شێروان مەزن – مێرگەسور- بارزان و هێڵی وێستگەی ڕووناکی و هێڵی سۆران- چۆمان حاجی ئۆمەران، هەروەها دامەزراندنی وێستگەی گرد جووتیار و زانیاری و کەسنەزان و ڕووناکی و پردی حافیز و نیشتمان و باداوە و نووسەران و شاوێس و برایەتی و...هتد، ئەمە جگە لە چاککردنەوە و نۆژەنکردنەوەی دەیان وێستگەی کارەبا لە مەسیف و بارك و پردی حافز، هەروەها گەیاندنی کارەبا بۆ چەندین پڕۆژە کە تەنیا لە سنووری هەولێر بە تێچووی زیاتر لە ٢١٨ ملیۆن دۆلار پڕۆژەی گواستنەوەی کارەبا جێبەجێ کراون، لە بواری دابەشکردنی کارەباش لە ساڵی ٢٠١٩ تاکو ئەمساڵ (٢٠٢٤) ٨٥٦ پڕۆژە جێبەجێ کراون .

*** ئەی سەبارەت بە پڕۆژەی پێوەری زیرەك کە وەکو ئاماژەت پێ دا، ئەگەر ئەم پڕۆژەیە نەبووایە کێشەکانی بارزۆری و سووتانی محاویلە و سەرپێچییەکان زۆر زیاد دەبوو، چ ئامارێکتان هەیە؟**

- لە کۆی ١،٨٨٥،٢٧٠ هاوبەش ١،٣٤٥،٠٨٩ هاوبەش پێوەری زیرەکیان بۆ بەستراوە، لە سیستمی ٢٤ کاتژمێرییشدا زیاتر لە ٦٠ هەزار هاوبەش لە هەولێر و ئاکرێ و چەندین سیتی و بازاڕ کارەبایان بۆ کراوە بە ٢٤ کاتژمێری، لەوانە بازاڕی گەورەی لەنگەی هەولێر و چەند گەڕەکی هەولێر کارەبایان بووەتە ٢٤ کاتژمێری.

*** پڕۆژەی ڕووناکیی ٢٤ کاتژمێریی کارەبا کە سەرۆك وەزیران ڕایگەیاندووە، لە گەڕەکێکی هەولێری پایتەختی کوردستان جێبەجێ کرا، تاچەند ئەم ئەزموونە ئومێدی چارەسەری یەکجارەکیی کارەبای لە هەرێمی کوردستان هەیە؟**

- سێ مانگ لەمەوبەر بۆ تاقیکردنەوەی پڕۆژەی ڕووناکی، گەڕەکی شادی لە هەولێر هەڵبژێردرا و گەڕەکی نازنازیش بووە خاوەنی ٢٤ کاتژمێر کارەبا، دوای ئەویش گەڕەکی بەختیاری هات، ئەم هەنگاوە سەرکەوتوو بوو، بووە جێگەی دڵخۆشیی هاووڵاتیان و وەك ڕێزدار مەسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند، هەموو کوردستان دەکەینەوە خاوەنی کارەبای ٢٤ کاتژمێری، هەڵبەتە ئەم پڕۆژەیەش وەکو زۆر پڕۆژەی دیکە بە دڵی زۆر کەس نابێت، بەتایبەتی ئەوانەی کە خێر و خۆشییان بۆ خەڵکی کوردستان ناوێت، بۆیە وەکو پێوەری زیرەك لێرەو لەوێ کێشە و ئاستەنگ دروست دەبێت، بەڵام مادام ئیرادەی خێر هەیە، کارەکە بەردەوام دەبێت. تاکو ئێستا زیاتر لە ٢٦ هەزار هاووڵاتی و دوو هەزار شوێنی بازرگانی لە کارەبای ٢٤ کاتژمێری سوودمەند بوون و بەزیادکردنی ئەو دوو گەڕەکەی دیکەش ئەم ژمارەیە زۆر زیاتر دەبێت. سوودەکانی پڕۆژەی پێوەری زیرەك کە شێوازی پارەدانەکە پاشینەیە، واتا پۆستپەیدە نەوەکو پریپەید، پارەکەش نەك وەکو هاوشێوەی جارانە بەڵکو کەمتریشە و ژینگەکەمان پاك دەکاتەوە لە دووکەڵ و ژاوەژاوی موەلیدە کە هۆکاری زۆر نەخۆشییە، لەوانە نەخۆشیی ژێربەنجە، لەمەش گرنگتر بۆ هاوبەشی بەڕێز بە شێوەی ئاگانامە sms بەکارهێنەری کارەبا ئاگادار دەکرێتەوە لە بەکارهێنانی کارەباکەی و پسوڵەی کارەباکەی.

ئەم پڕۆژەیە گۆڕانکارییەکی بنەڕەتییە لە کارەبادا، دەتوانرێت بە وەرچەرخانێکی کارەبای دابنێین و چیتر کێشەیەکی ئاڵۆز و چارەسەرنەکراو نامێنێت. ئێمە لەم پڕۆژەیەدا سوپاسی نووسینگەی تایبەتیی سەرۆك وەزیران دەکەین کە لە ڕێگەی تیمێکی پێشکەوتوو و بەتواناوە هاوکار و یارمەتیدەرمان بوون، تاوەکو ژێرخانی کارەبا بەم وزە پاك و خاوێنە، کە لە ڕێگەی وێستگە گەورەکانی بەرهەمهێنانی کارەبا بە غاز لە دەرەوەی شارەکان بەرهەم دەهێنرێت و دەیگوازینەوە ناو شارەکان و بەسەر هاووڵاتیاندا دابەشی دەکەین. لە ڕێگەی گۆڤارەکەتانەوە دەمەوێت هاووڵاتیانی خۆشەویستی هەولێر ئاگادار بکەمەوە کە ئەم پڕۆژەیە بەخێرایی بەڕێوەدەچێت، هەرچەندە ئێمە دەمانەوێت هەنگاو بە هەنگاو هەموو ئەو کێشە

**لە چەندین قوتابخانە و نەخۆشخانە و شوێنی حکوومی و ئەهلیدا سیستمی بەرهەمهێنانی کارەبا دانراون و تا دێت ڕوو لە زیادبوون دەکات**

**لەم کابینەیەدا هێندەی سێ کابینە پڕۆژەی وێستگەی کارەبا و هێڵی کارەبا بونیاد نراون**

**تەنیا لە سنووری هەولێر بە تێچووی زیاتر لە ٢١٨ ملیۆن دۆلار پڕۆژەی گواستنەوەی کارەبا جێبەجێ کراون، لە بواری دابەشکردنی کارەباش لە ساڵی ٢٠١٩ تاکو ئەمساڵ (٢٠٢٤) ٨٥٦ پڕۆژە جێبەجێ کراون**

**لە کۆی ١،٨٨٥،٢٧٠ هاوبەش ١،٣٤٥،٠٨٩ هاوبەش پێوەری زیرەکیان بۆ بەستراوە، لە سیستمی ٢٤ کاتژمێرییشدا زیاتر لە ٦٠ هەزار هاوبەش لە هەولێر و ئاکرێ و چەندین سیتی و بازاڕ کارەبایان بۆ کراوە بە ٢٤ کاتژمێری**










و گرفتانە چارەسەر بکەین کە دێتە بەردەم پرۆژەکە و بتوانین ڕێژەی هەڵە و کەموکورتی بۆ کەمترین ئاست کەم بکەینەوە. ئەم هەنگاوەی وەزارەتی کارەبا جێبەجێکردنی کارنامەی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان بوو بە دابینکردنی کارەبای ٢٤ کاتژمێری و هەنگاونان بەرەو بونیادنانەوەی ژێرخانی کارەبا، کە بە یەکێك لە هەرە کێشە ئاڵۆز و پڕ لە کێشمەکێش و گرفتە گەورەکان دادەنرێت، کە نەك هەر لە سەر ئاستی هەرێمی کوردستان، بەڵکو لە ئێستادا لەسەر ئاستی زۆر وڵاتی ناوچەکە و جیهان کێشەیەکی گەورەیە. دابینکردنی کارەبا بە نرخێکی هەرزان و گونجاو بۆ هاووڵاتیانی کوردستان خونێکە کە لە ماوەی ئەو سێ مانگەدا کاری جدی و گەورەی لەسەر کراوە، ئەوانەشی بڕوایان نەبوو کە ئەم پرۆژە ئەزموونییە سەر دەگرێت، بێدەنگ بوون تاوەکو پرۆژە ئەزموونییەکەی ٢٤ کاتژمێریی کارەبا سەرکەوتوو بوو و چەند گەڕەکی دیکەی گرتەوە. بۆیە لێرە و لەوێ لە ڕێگەی پڕوپاگەندە و نانەوەی کێشە، گرفت بۆ خونێکی ٣٠ ساڵەی خەڵکی کوردستان دادەنێن، لەگەڵ ئەمەشدا پرۆژەکە بۆ قازانجی هەموو خەڵکی کوردستانە، بۆیە ئەگەر هەر کەسێك زیانی بەر بکەوێت، ئێمە بە گفتوگۆ و دۆزینەوەی چارەسەر ڕێگە نادەین ئەوانیش زیانمەند بن. پرۆژەکە لە قۆناغی یەکەمدایە و بە سەرکەوتوویی لە قۆناغی ئەزموونی تێپەڕ بووە. هەوڵ دەدەین ئەم ئەزموونە سەرکەوتووە بگوازینەوە بۆ شارەکانی دیکەی کوردستان و تا کۆتایی ساڵی ٢٠٢٦ زۆربەی هەرە زۆری کوردستان لەم پرۆژەیە سوودمەند بن. ئێمە لەم پرۆژەیەدا زۆر بە وریاییەوە مامەڵەمان لەگەڵ هاووڵاتی و خاوەن کارەکان کردووە و سوپاس بۆ خودا گلەیی و ڕەخنە نەك هەر نەبوو، بەڵکو زۆر بە گەرمی پێشوازییان لە پرۆژەکە کرد و سەرەتایەکی دڵخۆشکەر بوو بەوەی هاووڵاتیان هوشیارانە کارەبا بەکار بهێنن، چونکە بەپێی ڕادەی بەکارهێنانی کارەبا هاوبەشان پارە دەدەن، بە واتایەکی دیکە هەرکەسەو هێندەی بەکارهێنان دەتوانێت پارە بدات، نەك وەکو جاران دوو پارە بدات، بەڵکو کرێی کارەبایەکی کەمتری بۆ بێتەوە.




**ئەندازیار ئاری ئەحمەد قادر**

بەڕێوەبەری گشتیی ئاو و ئاوەڕۆی هەرێمی کوردستان بۆ گوڵان:

# پڕۆژەی ئاوی فریاگوزاریی خێرای هەولێر لە ئێستادا بە ڕێژەی (٪٢٠)ی تەواو بووە

**پڕۆژەکە توانای هەر سێ ئیفراز و هەموو بیرەکانی ناو شاری هەولێری هەیە**

**پرۆژەی ئاوی فریاگوزاریی خێرای هەولێر بە یەکێك لە پرۆژە ستراتیژییەکان دادەنرێت بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کەمیی ئاوی خواردنەوەی هەولێر، سەبارەت بەم پرۆژەیە و قۆناغەکانی جێبەجێکردنی، گۆڤاری گوڵان دیدارێکی لەگەڵ ئەندازیار ئاری ئەحمەد قادر بەڕێوەبەری گشتی ئاو و ئاوەڕۆی هەرێم ئەنجام دا.**

*** سەرەتا دەکرێت بزانین بیرۆکەی پرۆژەی ئاوی فریاگوزاریی خێرای شاری هەولێر چۆن دروست بوو؟**

- پرۆژەی ئاوی فریاگوزاریی خێرای شاری هەولێر پرۆژەیەکە لە دوای ئەو پێداویستییە زۆرە و ئەو بەرفراوانبوونەی شاری هەولێر و دابەزینی ئاستی ئاوی ژێرزەوی کە کاریگەریی لەسەر بیرەکانی ئاوی خواردنەوە هەبوو. دابەزینی ئاوی ژێر زەوی و وشکبوونی بیرەکان کێشە و گرفتی گەورەی بۆ دروست کردین، ئەمە وێڕای ئەو ١٤٠٠ بیرەی ئاوی خواردنەوەی شاری هەولێر کاریگەریی لەسەر زیاتر دابەزینی ئاوی ژێر زەوی دەکات، هەر بۆیە ئەو ئاوەی لە بیرەکان بەرهەم دەهات، زۆر کەمی کردبوو، بەتایبەتی لە شارێکدا کە بە شێوەیەکی زۆر خێرا فراوان دەبێت و تیرەکەی بووەتە دوو هێندە و ڕووبەرەکەی نزیکەی (٤٩٠) کیلۆمەتر چوار گۆشەیە، ئەمەش بووەتە هۆی بەرزبوونەوەی داواکاریی زۆری خەڵك لەسەر ئاوی خواردنەوە، بەتایبەتی لە گەڕەکەکانی هەشتی حەسارۆك و باغولمنارە و چەندین شوێنی دیکە، هەموو ئەو هۆکارانەی ئاماژەمان پێ کرد، بووە هۆی ئەوەی ئەو پرۆژە ستراتیژییەی ئاوی خواردنەوە بکەوێتە بواری جێبەجێکردنەوە، ئەوە بوو لەسەر ڕاسپاردەی جەنابی مەسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان و بڕیار درا، ئەو پرۆژەیە بە کۆمپانیایەکی ناوخۆ بسپێردرێت و کارەکانی دەست پێ بکات.

*** پرۆژەیەکی لەم جۆرە تا چەند لە توانای کەرتی تایبەتی نێوخۆییدایە کە جێبەجێی بکات؟ ئایا ئەو بڕە ئاوەی لەم پرۆژەیە دەگاتە شاری هەولێر چەندە؟**

- پرۆژەی ئاوی فریاگوزاریی خێرای هەولێر لە ٢٠٢٤/٧/٢ لە لایەن کۆمپانیایەکی نێوخۆییەوە دەستی بە کارەکانی کردووە، ئەم کۆمپانیایە بە شارەزا و پسپۆڕی نێوخۆیی دەستی بە کارەکانی کردووە و ئیشەکانی وەکو ڕووپێوکردنی تۆپۆگرافی و جیۆتەکنیکاڵ و دیزاینکردنە، کە ئەو کارانە نزیکەی مانگێکی خایاند، لە هەمان کاتدا تەواوکردنی ئیشوکاری زەوی و زاری بەر پرۆژەکە دەکەوێت و دانانی کەمپی کۆمپانیاکە و دانانی ڕێڕەوی بۆڕییەکانی پرۆژەکە لە ماوەی مانگێکدا کاری باشیان لەسەر کرا، لە پاشان ڕاستەوخۆ لە لایەن کۆمپانیاکەوە کارکردن لە پرۆژەکە بە تێچووی (٤٧٩) ملیۆن دۆلار دەستی پێکرد. پرۆژەکە توانای هەیە لە هەر کاتژمێرێکدا (٢٠) هەزار مەتر سێجا ئاو بپاڵێوێت و ڕۆژانە دەکاتە (٤٨٠)هەزار مەتر سێجا، لە کاتێکدا بەرهەمی ئاوی ئەو پرۆژەیە بەراورد بکرێت بە توانای ئەو پرۆژەیەی ئاوە کە ئێستا لە هەولێر هەیە، کە پرۆژەکانی ئاوی ئیفراز (١ و٢ و٣)کە لە کاتژمێرێکدا توانای (١٣) هەزار مەتر سێجایان هەیە و بیرەکانیش کە(٥٠٪)ی ئاوی هەولێر دابین دەکەن، ئەوانیش لە کاتژمێرێکدا توانای (١٣) هەزار مەتر سێجا ئاویان هەیە، ئەمەش ئەوەمان پێ دەڵێت کە توانای ئەو پرۆژە فریاگوزارییە خێرایە نزیکەی توانای هەر سێ ئیفراز و هەموو بیرەکانی ناو شاری هەولێری هەیە. پرۆژەکە پێك دێت لە وەرگرێکی ئاو لەسەر زێی گەورە لە نزیك گوندی کەورگۆسك، لە پاشان بە دوو بۆڕیی تیرە (١٦٠٠) ملم لە جۆری کاربۆن ستیل کە لە دروستکراوی وڵاتی تورکیایە و بە ستانداردی جیهانییە بۆ ئاوی خواردنەوە، ئەو دوو بۆڕییە (٢١) هەزار مەتر سێجا ئاو لە کاتژمێرێکدا

دەگوازرێتەوە بۆ وێستگەی پاڵاوتن لە نزیک گوندی (گاینج) کە نێوان ئەو دوو بەشە هەشت کیلۆمەترە، وێستگەی پاڵاوتنەکە کە لە نزیک گوندی (گاینج)ـە دەتوانێت لە هەر کاتژمێرێکدا (٢٠) هەزار مەتر سێجا ئاو بپاڵێوێت، ئەو بەشەی پاڵاوتنەکە پێک دێت لە دوو بەش لە ناو یەک سیاج، ئەگەر لە کاتێکدا یەکێک لە بەشەکانی ئەو پاڵاوتنە کێشە و گرفتی هەبێت، ئەوە بەشەکەی دیکە کاری خۆی دەکات لە پاڵاوتن و بەرهەمهێنانی ئاو و هەر لە ناو ئەو دوو بەشەش چەندین بەش و کاری دیکە هەیە، کە بۆ پاڵاوتن و بەرهەمهێنانی ئاوەکە لە رووی پێویستی زانستی و کیمیایی و میکانیکییەوە بەشێکن لە پرۆژەکە، لە هەمان شوێن حەوزی ئاوی پاک هەیە و وێستگەی کارەباش لەخۆ دەگرێت کە لە کاتی پچرانی کارەبای نیشتمانیدا کاری پێ دەکرێت بۆ پاڵاوتن و بەرهەمهێنانی ئاوی پاک، کە بەپێی ستانداردی عێراقی و رێکخراوی (who) بەرهەم دێت بۆ خواردنەوە لەو وێستگەی پاڵاوتنەوە. پاشان لە رێگەی پەمپی پاڵنەرەوە بە دوو بۆریی (١٥٠٠) ملمی کاربۆن ستیل بە درێژی (١٦) کیلۆمەتر ئاوە پاڵێوراوەکە کە لە حەوزەکەدا کۆ کراوەتەوە، لە وێستگەی پاڵاوتنەکەوە دەنێردرێت بۆ نزیک گوندی سێبیران و لە نزیک گوندی سێبیران وێستگەی دابەشکردنی ئاوەکەمان هەیە کە پێک هاتووە لە چوار حەوزی سەرەکی کە بە تێکڕایی هەر چوار حەوز بڕی (١٠٠) هەزار مەتر سێجا ئاو لەخۆ دەگرێت، لە هەمان شوێن چوار وێستگەی پاڵنانی ئاومان هەیە لە رێگەی چوار هێڵی سەرەکییەوە ئاوەکە بۆ شاری هەولێر دەنێردرێت کە دوو هێڵ لە بۆرییەکان (١٢٠٠) ملمییە و دوو هێڵیشیان (٨٠٠)ملمین، لەو چوار بۆرییە بۆرییەکیان دێتە سەر شەقامی (١٥٠) مەتری بە لای گوندی گەزنە، پاشان دێتە پشت عەنکاوە و بەرکە و لە پاشان دەسووڕێتەوە تا دەگاتە شەقامی مەسیف—پیرمام، لەو شوێنەش تێدەپەڕێت تا دەگاتە شەقامی (١٥٠) مەتری و لەویشەوە دەڕوات تا دەگاتە نزیک کەسنەزان. هێڵی دووەم (بۆری دووەم) دێتە پێش فرۆکەخانەی هەولێری نێودەوڵەتی تا دەگاتە عەنکاوە و لەویشەوە دەڕوات تا دەگاتە شەقامی شۆرش (رێگەی مەسیف)، دوو بۆرییش لەو چوارەی هەیە، کە یەکێکیان (١٢٠٠) ملم و ئەوەی دیکە (٨٠٠) ملم بە دەستە راستدا دەسووڕێنەوە بە دەوری شاری هەولێردا کە هەر دووکیان لەسەر شەقامی (١٢٠) مەترین، کە یەکێکیان بە دیوی دەرەوە و ئەوەی دووەمیان بە دیوی ناوەوەی شەقامی (١٢٠) مەتریدا دەڕۆن، کە بۆریی (٨٠٠) ملمەکە لە شەقامی رەشکێن دەست پێ دەکات، تا دەگاتە شەقامی مووسڵ، لەویشەوە بۆ شەقامی مەخموور تا دەگاتە شەقامی کەرکووک. هێڵی دووەمی (١٢٠٠) ملمییەکە بە هەمان شێوەی بۆریی یەکەم دەڕوات، تا دەگاتە شەقامی بنەسڵاوە و لەویشەوە نزیک دەبێتەوە لە شەقامی کەسنەزان.

ئەو چوار بۆرییەی ئاماژەمان پێ کردن، بە دەیان هێڵی دیکەی ئاوی خواردنەوەی لێ جیا دەبێتەوە، واتە ئەو چوار هێڵەی (بۆریی) پرۆژەکە هەر چوار دەوری هەولێر دەگرنەوە، ئەو گەڕەك و شوێن و زەوییانەی کەوتوونەتە سەر شەقامی (١٢٠) مەتری و (١٥٠) مەتری، هەر دوو دیوی ناوە و دەرەوەی ئەو دوو شەقامە ئاویان بۆ دابین دەکرێت.

*** تا چەند رێژەی پرۆژەکە جێبەجێ کراوە و ئایا دەکرێت بۆ هاوینی ساڵی داهاتوو پرۆژەکە تەواو بێت؟**

- ئەو پرۆژەیە بڕیارە بە (٥٥٠) رۆژ تەواو بکرێت، ئەو کۆمپانیا ناوخۆییەی کە جێبەجێی دەکات، هێمن گرووپە کە زۆر بەناوبانگە و بەوە ناسراوە کە کارەکانی لە کات و ساتی دیاریکراو و بگرە زووتریش تەواو دەکات و، پابەندی هەموو کار و رێنماییە نێودەڵەتییەکان و ستانداردی جیهانییە، کە لە هەر بوارێکدا کاری کردبێت، کارەکانی بە ئاستێکی زۆر باش و خێرا دەچێتە پێش، ئەو کۆمپانیایە بە شەو و رۆژ بە سێ ستاف کار دەکەن و ئامێر و ئالییەتی زۆری تێدا خراوەتە کار و لە ئێستادا (٢٠٪)ی پرۆژەکە تەواو کراوە، لە هێڵەکانی گواستنەوەدا زیاتر لە شەش شوێن کاری لێدەکرێت و لە هەر سێ بەشی سەرەکیی پرۆژەکە لە وێستگەی سەرەکی و ئینتێک و وێستگەی پاڵاوتن بە شەو و رۆژ کار دەکرێت. رۆژانە بە هەر سێ شەفت بە (٦٠٠ تا

**لەو ١٤٠٠ بیرەی ئاوی خواردنەوەی شاری هەولێر کاریگەریی لەسەر زیاتر دابەزینی ئاوی ژێر زەوی دەکات**

**رۆژانە بە هەر سێ شەفت بە (٦٠٠ تا ١٠٠٠) ئامێر دوو هەزار تا سێ هەزار کرێکار و وەستا و کارمەند و ئەندازیار و سەرپەرشتیار کار لە پرۆژەکەدا دەکەن**



١٠٠٠) ئامێر دوو هەزار تا سێ هەزار کرێکار و وەستا و کارمەند و ئەندازیار و سەرپەرشتیار کار لە پرۆژەکەدا دەکەن. کۆمپانیاکە بۆ زیاتر خێرایی کارکانیان لە شوێنی پرۆژە و کارەکەدا چەند کارگەی کۆنکرێتی داناوە و (تاقیگەی کێڵگەیی) داناوە و لە چەند شوێنێك کەمپی حەوانە و پشوودانی داناوە بۆ ئەوانەی لە پرۆژەکەدا کار دەکەن، تاوەکو بتوانرێت بە خێراییەکی باش پرۆژەکە تەواو بکرێت. هێڵەکانی پرۆژەکە بگاتە هەر شوێنێك بۆ ماوەی (٣٠) ساڵی داهاتوو ئاویان بۆ دابین دەکات، بە ئومێدی ئەوەین بە شێوەیەکی قۆناغ بە قۆناغ تا تەواوبوونی پرۆژەکە لەو بیرە ئاوانەی لە ناو هەولێر هەیە (١٢٠٠) بیر دابخرێت، کە ئەمەش دەبێتە هۆکارێکی زۆر گرنگ بۆ زیادبوون و پاراستنی ئاوی ژێر زەوی و لەو پرۆژەیەدا سەرەتا تەنیا چوار ئەندازیاری ئێمە و لایەنی پەیوەندیدار کاریان لەسەر پرۆژەکە دەکرد، بەڵام ئێستا بە دوو تیم هەر تیمێك (١٠) ئەندازیار سەرپەرشتیی پرۆژەکە دەکەن.

*** چاودێری و بەدواداچوونی پرۆژەکە لە ڕووی کات و کوالێتییەوە تا چەند ڕەچاو کراوە؟**

- پرۆژەکە سەرەڕای چاودێری لە لایەن بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی ئاو و ئاوەڕۆ و لایەنی پەیوەندیدار و وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار، ئەوە جەنابی سەرۆکی حکومەتی کوردستان زۆر بە وردی لە ڕێگەی سەرپەرشتیارانی پرۆژەکەوە چاودێریی ئەو پرۆژە ستراتیژییە گرنگ و گەورەیەی پایتەختی کوردستان دەکات و بەردەوام داتای ڕۆژانە و هەفتانە لە ڕێگەی ڕاپۆرتەکانەوە بۆ وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار و ئەنجومەنی وەزیران و سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران دەنێردرێت، لە کۆتاییدا پێم خۆشە زۆر سوپاسی جەنابی سەرۆکی حکومەتی کوردستان بکەم بۆ ئەو پرۆژە گەورە و ستراتیژییە.



# پرسی ژینگە و گۆڕانی کەشوهەوا لە نێوان دۆناڵد ترامپ و کامالا هاریس

ئەمڕۆ لە سەرتاسەری جیهاندا سیاسەتمەداران و زانایان و ڕێکخراوە ژینگەییەکان و چالاکانی ژینگەیی، بەو شێوەیە لە ئاسایشی کەشوهەوا دەڕوانن، کە بریتییە لە کۆی ئەو هەوڵانەی دەدرێن لە نێوان لایەنە ژینگەییەکان و لایەنە سیاسی و سەربازی و ئەمنییەکاندا، بۆ زاڵبوون بەسەر کاریگەرییەکانی گۆڕانی کەشوهەوا و دۆزینەوەی چارەسەر بۆ کەمکردنەوەی مەترسییەکانی سەر ئاسایشی نیشتمانی و بایەخدان بە چەمکی ئاسایشی کەشوهەوا، لە ڕێگەی چەند هۆکارێکی وەك باشتر جێبەجێکردنی ئەو خاڵانەی کە لە نێو ڕێککەوتننامەی پاریسدا هاتوون و لای وڵاتانی ئەندام لە ڕێککەوتننامەکەدا بوونەتە بەشێك لە بەڵگەنامەی پشکداریی نیشتمانیی تایبەت بە گۆڕانی کەشوهەوا، وەك پابەندییەکی ئارەزوومەندانەی هەر وڵاتێك و، بایەخدانی زیاتر بە ڕاپۆرتی ڕاگەیەندراوی نیشتمانی و نوێکردنەوەی هەر دوو ساڵ جارێکی بەڵگەنامەی پشکداریی نیشتمانیی تایبەت بە گۆڕانی کەشوهەوا لە لایەن هەر وڵاتێکەوە و، کاراکردنی دیپلۆماسییەتی کەشوهەوا بۆ بایەخدان بە دۆزەکانی پەیوەست بە گۆڕانی کەشوهەوا.

لێرەوە و بۆ باشتر خستنەڕووی ئەم باسە، گرنگە سەرنج بدەین لە دیبەیت و وتە و لێدوانەکانی هەر یەك لە بەربژێران کامالا هاریس و دۆناڵد ترامپ بۆ سەرۆکایەتیی نوێی ئەمریکا، کە دەتوانرێت بە ئاسانی جیاوازیی دیدگەی هەردوو بەربژێر لە زۆربەی بوارەکاندا ببینرێت، بەتایبەت ئەوەی من مەبەستمە لێرەدا کە دەرخستنی جیاوازیی نێوان هەردوو بەربژێرە لە بواری ژینگە بەگشتی و گۆڕانی کەشوهەوا بەتایبەتی لە بەرنامەی هەریەکەیاندا، کە دەکرێت لە چەند خاڵێکی بەراوردکاریی خێرادا بخرێنە ڕوو، وەك:

١- ترامپ بڕوای بەوە نییە کە گۆڕانی کەشوهەوا بە هۆی چالاکیی مرۆییەوە بێت، بەڵام، هاریس بڕوای وایە ئەوە چالاکی و پڕۆژە نازانستییەکانی بازرگانان و گەورە کۆمپانیاکان، بە کارەکانیان و لە ماوەی درێژخایەندا قەیرانی گۆڕانی کەشوهەوایان دروست کردووە.

٢- ترامپ بڕیاری پێشوەختەی وایە هەموو یارمەتی و هاوکارییەك لە بواری وزەی نوێ و پاشکۆکانی ڕابگرێت، بەڵام هاریس پێی وایە گۆڕانی کەشوهەوا هەڕەشەیەکی مەترسیدارە لەسەر هەسارەکە، بۆیە بەڵێنی داوە ئەگەر ببێتە سەرۆك، هاوکاریی دارایی پێشکەشی پیشەسازییە پشتبەستووەکان بە وزەی خاوێن بکات.



## عەبدولڕەحمان سدیق

بۆ گوڵانی نووسیوە

٣- ترامپ لە هەوڵدایە بۆ هەڵوەشاندنەوەی ئەو ڕێککەوتننامەیەی کە ئەو بە «فێڵنامەی نوێی سەوز»ی ناودەبات، بەڵام هاریس پشتگیریی لە «ڕێککەوتننامەی نوێی سەوز» دەکات بە مەبەستی پاراستنی کەشوهەوا و بەهێزکردنی گەشەی ئابووری، لە ڕێگەی دەستپێشخەریشەوە بەردەوامەوە.

٤- ترامپ لەگەڵ ئەوەدایە گەڕان بەردەوام بێت بۆ دەرهێنانی نەوت لە دەریادا، بەڵام هاریس دژی گەڕانە بەدوای نەوت و دەرهێنانی غاز لە دەریادا.

٥- ترامپ سوورە لەسەر کشانەوە لە ڕێککەوتننامەی پاریس بۆ گۆڕانی کەشوهەوا، بەڵام هاریس لە ئێستاوە سوورە لەسەر مانەوە لە نێو ڕێککەوتننامەی پاریس بۆ گۆڕانی کەشوهەوا.

٦- ترامپ بڕوای وایە وزەی خاوێن و ئۆتۆمۆبێلی کارەبایی خزمەت بە وڵاتی چین دەکات، کە لە ئێستادا لەو بوارە پێشکەوتووە، بەڵام هاریس بڕوای وایە وزەی خاوێن و ئۆتۆمۆبێلی کارەبایی خزمەت بە کەرتی وزەی ئەمریکا دەکات.

٧- ترامپ بڕیاری وایە لە حاڵەتی سەرکەوتنیدا وێستگە نوێیەکانی غازی سرووشتی بخاتەوە کار، بەڵام هاریس لەگەڵ ئەوەدایە «وەك بایدن» وێستگە نوێیەکانی غازی سرووشتی بە شێوەی کاتی لە کارکردن ڕابگرێت.

٨- ترامپ لای وایە کە ڕاگرتنی سەرچاوەکانی وزەی کلاسیکی و سووتەمەنیی بەردین زیانی زۆر لە ئابووریی ئەمریکا دەدات، بەڵام هاریس لای وایە کە ئەوە گۆڕانی کەشوهەوایە ساڵانە زیانێکی ١٥٠ ملیار دۆلاری لە ئابووریی ئەمریکا دەدات.

٩- ترامپ بڕوای وایە کە ئەو کاتەی ئەو سەرۆکی وڵات بووە، بە تێچووی کەم و بە کەرتی وزەی کلاسیکی هەلی کاری زۆری بۆ خەڵك دابین کردووە، هاریس ڕای وایە کە وەبەرهێنان لە بواری وزەی نوێ و خاوێندا هەزاران هەلی کار بۆ دانیشتووان دابین دەکات.

١٠- ترامپ لە سیاسەتی بەردەوامبوون لەسەر وزەی کلاسیکی و ئابووریی بەهێز و گوێنەدان بە گۆڕانی کەشوهەوا، پشتئەستوورە بە دەنگی کارمەندانی بواری نەوت و غاز و نەوەی مامناوەند و کەسانی بەتەمەنی ئەمریکا، بەڵام هاریس لە بواری گۆڕانی کەشوهەوا و وزەی نوێ و خاوێندا، پشتئەستوورە بە دەنگی گەنجان و نەوەی تازەی ئەمریکا.



سەرۆک بارزانی نوێنەرایەتیی دیموکراسی لە ناوچەکەدا دەکات

جوان بەکر مەعرووف

نووسەر و شرۆڤەکار بۆ گوڵان:

# کورد دەنگی بە سەرۆک بارزانی هەڵگری بیری نەتەوەیی و ڕزگاریخوازیی کورد دا

دەبێت پێکهێنانی کابینەی دەیەم لەسەر بنەمای شەراکەتی ڕاستەقینە بێت

# لە سلێمانی دژایەتیی توندی ئەو کەسایەتییانە دەکرێت کە هەڵگری هزری نەتەوەیی و نیشتمانپەروەرین و ئیرهابی فیکری بەرانبەریان جێبەجێ دەکرێت

**دوای هەڵبژاردن بابەتی پێکهێنانی کابینەی دەیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان دێت، خەڵکی کوردستان بە ئومێد و دڵگەرمییەوە دەڕواننە دووبارە دارشتنەوەی نەخشەی سیاسیی کوردستان و پێکهێنانی «یەك پەرلەمان و یەك حکومەت و یەك هێزی پێشمەرگەی کوردستان». لەسەر ئەم پرسە گۆڤاری گوڵان دیدارێکی لەگەڵ جوان بەکر مەعرووف نووسەر و شرۆڤەکاری سیاسی ساز دا.**

* جەماوەری کوردستان وەفاداریی خۆیان بۆ سەرۆك بارزانی نوێ کردەوە و لە هەڵبژاردنێکی پاك و بێگەرد پارتی دیموکراتی کوردستانی بووەوە بە یەکەمی بێ ڕکابەر. پرسیار لێرەدا ئەوەیە، وێرای ئەو هەموو پیلان و دەستتێوەردانە نایاساییانە، چی وای کرد ئیرادەی گەل بەسەر ئیرادەی دەرەکی و نەیارانی هزری نەتەوەیی سەربکەوێتەوە؟

- پێش ئەوەی وەڵامی پرسیارەکە بدەمەوە، دەبێت کەمێك لاپەڕەکانی مێژووی هاوچەرخی کورد هەڵبدەینەوە. میللەتی کورد هەر چارەنووسی وا بووە، بەردەوام دوژمن و نەیاری سەرسەختی بۆ دروست بووە، بە سوودوەرگرتن لە نانەوەی دووبەرەکی و ئاژاوە و ناتەبایی گورزی گەورەیان لە ئایندەی نەتەوەی کورد وەشاندووە. هزری نەتەوەیی و نیشتمانپەروەری کە لە عەقیدەی بارزان و مەلا مستەفا بارزانییەوە سەرچاوەی گرتووە و سەرۆك بارزانی درێژەپێدەر و هەڵگری ئەو بیروباوەڕە پیرۆزەیە، بووەتە ئیلهام بەخشی بڵاوکردنەوەی ڕۆحی نەتەوەیی و نیشتمانپەروەری لە ناو کورددا و بەم عەقیدەیە کورد ڕووبەڕووی هەموو ئەو نەیار و دوژمنانە بووەتەوە. لەیلا زانا کەسایەتیی سیاسیی کورد و پەرلەمانتاری پێشووی پەرلەمانی تورکیا کاتێك باسی کاریزمایی مەلا مستەفا بارزانی دەکات، دەڵێت: «ئێمە بە تێکۆشانی مەلا مستەفا بارزانی هەستمان بە کوردایەتی کرد»، داواش لە مسعود بارزانی دەکات و دەبێژێت: «سەرۆك بارزانی پێویستە هاوکار و پشتیوان بێت و بەشداری ئاشتەوایی نێوان تورك و کورد لە تورکیا بکات». هەر خۆی لەخۆیدا سەرۆك بارزانی نوێنەرایەتیی دیموکراسییەت لە تەواوی ناوچەکەدا دەکات. ئەوەی ئێمەشی لەم ناوچە ئاڵۆز و پڕ لە کێشمەکێشە هێشتووەتەوە، تەنیا بیری نەتەوەیی و خەباتی کورد بووە، کە سەرۆك بارزانی و هێزی پێشمەرگە هەڵگری ئەو ئاڵا پیرۆزەیەتی. ئەمڕۆ قەوارەی کوردستان ڕووبەڕووی ئەو هەموو دوژمن و نەیار و کاڵفامانە بووەتەوە، کە دەیانەوێت بەهێزی زەبر و برسیکردن و بڕینی قووت و مووچەی خەڵك و خیانەتەکان بەو بیروباوەڕە پیرۆزە لە مێشکی نەوەکانمان دەربهێنن. هەڵبژاردن و پیلان و ئامانجە ژێربەژێرە نایاساییەکانی دادگای فیدراڵی بە هەڵوەشاندنەوەی کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانی کوردستان و لابردنی کورسیی کۆتاکان و بەتاڵکردنی هەرێمی کوردستان لە کەلتوورێکی جوانی مۆزاییکیی پێکهاتە ئایینی و نەتەوەییەکانی، دوا زنجیرەی ئەو دژایەتیکردنە بوو، کە خۆشبەختانە گەلی کوردستان متمانە و وەفای دووبارە کردەوە بۆ سەرۆك بارزانی و پارتی دیموکراتی کوردستان بووە سەرکەوتووی یەکەمی بێ ڕکابەری هەموو حزب و لایەنە سیاسییەکان و لە هەڵبژاردنێکی پاك و بێگەرد زۆرینەی دەنگەکانی بە دەست هێنا. ئەم جارە

**لە ئێستادا کوردستان نیمچە دەوڵەتێکی بەهێزە لە ناوچەکەدا و دۆست و دوژمن دانی پێدا دەنێن و حیسابات وردی بۆ دەکەن**

**ئەوەی لە کوردستان لە ئیرهابی فیکری و هەڕەشە و توندوتیژی و زیانگەیاندن بە قەوارەی هەرێم بینیم، لێرە لەم ئەنمانیایە بکرایە، داواکاریی گشتی و لایەنی دادگا دەهاتە دەنگ و سزا دەدران**



# سەرۆک بارزانی توانی بە زۆرینەی دەنگی کورد و کوردستانییان شەرعیەت بۆ قەوارەی هەرێمی کوردستان و ویستی نەتەوەکەی بگەڕێنێتەوە

سەرۆک بارزانی توانی بە زۆرینەی دەنگی کورد و کوردستانییان شەرعیەت بۆ قەوارەی هەرێمی کوردستان و ویستی نەتەوەکەی بگەڕێنێتەوە، ئەویش لە کات و ساتێکدا کە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە ئاڵۆزی و پشێوییەکی زۆردا تێپەڕ دەبێت، کە هیچ کەس جورئەتی ئەوەی نییە لە بارودۆخێکی وادا هەڵبژاردن ئەنجام بدات. لە ئێستادا کوردستان نیمچە دەوڵەتێکی بەهێزە لە ناوچەکەدا و دۆست و دوژمن دانی پێدا دەنێن و حیساباتی وردی بۆ دەکەن. ئەمجارە سەرۆک بارزانی نەک تەنیا بەرێزان سەرۆکی هەرێمی کوردستان و سەرۆکی حکومەت و تێکۆشەرەکانی دیکەی جوولاند بۆ خزمەتکردنی هاووڵاتیان، بەڵکو زیاتر لە (٨١٢,٧٩٤) دەنگ بە سەرۆک بارزانی دراوە.

*** بۆ قۆناغی داهاتوو و دەستپێکردنی کارەکانی پەرلەمانی کوردستان و پێکهێنانی کابینەی دەیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان، تاچەند گەلی کورد پاڵپشتیی ئاوەدانی و ئارامی دەکەن و پارتی ئایا دەتوانێت بەزووترین کات حکومەت پێک بهێنێت، بەتایبەتی لەگەڵ ئەو پارت و حزبە سیاسییانەی کە ڕاستگۆن و لەنیوەی ڕێگادا لە بەرپرساریێتی ئەخلاقی و مێژوویی هەڵنایەن؟**

- پارتی دیموکراتی کوردستان بە ناچاری لەگەڵ حزب و لایەنی بەناو سیاسیی وادا مامەڵە دەکات، کە جگە لە موزایەدە و هەڵگرتنی دروشمی درۆ و دژایەتیکردنی ئەو هێز و لایەنانەی کوردپەروەر و نیشتمانپەروەرن هیچی دیکەیان پێ نییە. ئەوانە زۆربەیان بە ڕۆژ حوکمڕانن و بە شەو ئۆپۆزسیۆنن و جگە لە دروشمی «دەیرووخێنین» هیچ دروشمێکی دیکە و کار و کردەوەیەکیان بۆ خەڵکی پێ نییە. من لەم ئەڵمانیایەم و هەڵمەتەکانی هەڵبژاردنیانم بینی. ئەوەی لە کوردستان لە ئیرهابی فیکری و هەڕەشە و توندوتیژی و زیانگەیاندن بە قەوارەی هەرێم بینیم، لێرە لەم ئەڵمانیایە بکرایە، داواکاریی گشتی و لایەنی دادگا دەهاتە دەنگ و سزا دەدران. پڕوپاگەندەی هەڵبژاردنەکە پڕی بوو لە ناوزڕاندن و درۆ و بوختان، لەوەش سەیرتر تۆ لە هەرێمێکی و بۆ حکومەتێکی نوێ هەڵبژاردن دەکەیت، کەچی هەوڵی ڕووخاندنی دەدەیت، لە کاتێکدا لەو دیو دیگەڵەوە هەر خۆی مۆنۆپۆڵی حوکمڕانی کردووە، بەڵام خۆڵکردنە چاوی خەڵک

نەیتوانی دەنگەکانی ئاوەدانی و ئارامی کەم بکاتەوە. لەم ڕوانگەیەوە دامەزراندنی کابینەی دەیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ ئەم گرووپ و تاقمانەدا کارێکی ئاسان نییە، بەڵام قورسیش نییە، مادام یەکەمی بێ ڕکابەری و زۆرینەی گەلی کوردستان و خەڵکانی نەتەوەیی و نیشتمانپەروەر پاڵپشتیمان دەکەن، گرنگ نییە پێکهێنانی کابینەکە چەندی پێ دەچێت، گرنگ ئەوەیە نەچینە ژێر فشار و ویستی نەیارانی کورد و لەگەڵ کەسانێکدا حکومەت پێك نەهێنین کە پۆپۆلیستن و ڕاستگۆ نین.

*** بەکارهێنانی زمانی زبر و ئیرهابی فیکری و زیانگەیاندن بە قەوارەی هەرێم تا چەند لەگەڵ بیروباوەڕی دیموکراتی و پرۆسەی هەڵبژاردن و پەرلەمانی یەك دەگرێتەوە؟**

- بەکارهێنانی توندوتیژی و دەرچوون لە پرەنسیپەکانی مەدەنییەت و دیموکراتی گەورەترین مەترسییە لەسەر خودی پرۆسە دیموکراتییەکە، ڕەنگە ئەمە پاشخانێکی پێشووتری هەبێت، بەوەی دژایەتیی هزری نەتەوەیی کراوە و پشت بە هێزێکی چەکداری دەرەوەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بەستراوە بۆ ئەم کردەوە قێزەونەی دژ بە کورد ئەنجام دراوە. تاکە فریادڕەس و ڕێگا چارە تەنیا ئەوەیە کە سەرۆك بارزانی ئاماژەی پێدا ئەویش پەسەندکردنی دەستووری هەرێمی کوردستان و یەك پەرلەمان و یەك حکومەت و یەك هێزی پێشمەرگەی کوردستانە. ئەوەی لەم هەڵبژاردنەدا جێگای دڵخۆشی بوو، پاڵپشتیکردن و وەفاداریی زیاتر لە هەشت سەد هەزار دەنگدەر بوو بۆ بارزانی، بێگومان دەنگەکانی دیکەش زۆرینەی هەرە زۆری بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ پاڵپشتیی ئاوەدانی و ئارامی دەکەن، بۆیە لەو دیو تونێلە تاریکەکەوە ترووسکایی لەدایکبوونی کابینەی دەیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان زۆر نزیکە.

*** بەو پێیەی خەڵکی سلێمانیت و زۆر نووسین و شرۆڤەکاریت لەسەر هزری نەتەوەیی هەیە، ئەوەش دەزانی کە ئەو شارە لە کۆنەوە جێگای سەرکردە و شاعیر و کەسایەتیی گەورەی نیشتمانپەروەر و نەتەوەیی بووە، ئایا پێت وانییە لە غیابی ئەو هێزانەی نەتەوەیی و نیشتمانپەروەرین لە گۆڕەپانی سیاسیی سلێمانیدا کەسانێکی پۆپۆلیست شوێن پێی خۆیان کردووەتەوە؟**

- نابێت ڕێگا بدرێت چیتر ئازاری کەسانی کوردپەروەر و شۆڕشگێڕەکانی شاری سلێمانی و پارێزگاکە بدرێت و ئیرهابی فیکریان لەسەر بێت. نابێت پارتی دیموکراتی کوردستان گۆڕەپانی کوردایەتی و نیشتمانپەروەریی خۆی لە شاری سلێمانی بۆ تاقمێك چۆڵ بکات کە هەڵگری هزری توندوتیژی و پۆپۆلیستی و تەنانەت شوێنپێکەوتەی نەیاران و ویست و خواستی وڵاتانی ناوچەکەن. ئەو ئیرهابە فیکرییە و ترس و تۆقاندن و ئەو کوشتن و ڕفاندنەی لە سلێمانی هەیە، لە هیچ شار و ناوچەیەکی دیکەی کوردستان نییە. سازشکردن بۆ بەرەی بەناو موقاوەمە و کەسانێکی هەڵتۆقیو کە ڕووبەڕووی هەموو خێزان و خانەوادە کوردپەروەرەکانی ناوچەی سلێمانی بوونەتەوە، مەترسییەکی گەورەیە. ئەرکی خانەوادە سەربەرزەکانی سلێمانییە شارەکەیان بگەڕێننەوە سەردەمی زێڕینی کوردایەتی و بتوانرێت منداڵدانی کوردایەتی ببێتە هەوێنی ئازادبوونی پارچەکانی دیکەی کوردستان.

*** هەڵکەوتەی جوگرافیای کوردستان وایە کە هێزگەلێکی گەورە لە ناوچەکەدا هەن و کوردیان بەسەردا دابەش بووە. ئایا ئەمە هۆکارێك نییە بۆ دەستتێوەردان و نانەوەی دووبەرەکی و فیتنە؟**

- دابەشبوونی کورد بە سەر چوار دەوڵەتدا کە ماف و ئازادییەکانی گەلی کوردیان زەوت کردووە، وای کردووە هەمووی بە چاوێکی شەڕەنگێزی و پیلانگێڕییەوە بڕواننە هەرێمی کوردستان و خێروخۆشییان بۆ خەڵکەکەی نەوێت، بۆ ئەوەی گەلی کوردی ئەو پارچانەی دیکەی کوردستانیش ڕۆژێك لە ڕۆژان بیر لەوە نەکەنەوە، داوای مافی چارەی خۆنووسین و هیچ دەسەڵاتێکی نامەرکەزی بکەن. نانەوەی دووبەرەکی و دروستکردنی فیتنە و ئاشووب بۆ لێدانی هزری نەتەوەی کوردە، لەسەردەمی (مەلا مستەفا بارزانی)یەوە هەوڵی زۆری بۆ دراوە، چونکە دەیانزانی مەلا مستەفا بارزانی سەرکردەیەك بوو بۆ هەر چوارپارچەی کوردستان و دوژمن پێش دۆست بەرانبەر ڕۆڵی گەورەی ئەم سەرکردەیە تووشی شۆك بوون، لە ئێستاشدا تەنیا فریادڕەسێك بۆ داهاتووی کورد هەبێت مەرجەعی کورد سەرۆك (مسعود بارزانی)یە کە هەموو پیلان ومەرام و هەوڵەکانی زیانگەیاندن بە نەتەوەی کوردی هەڵوەشاندووەتەوە.

**گرنگ نییە پێکهێنانی کابینەکە چەندی پێ دەچێت، گرنگ ئەوەیە نەچینە ژێر فشار و ویستی نەیارانی کورد و لەگەڵ کەسانێکدا حکومەت پێک نەهێنین کە پۆپۆلیستن و ڕاستگۆ نین**

**تاکە فریادڕەس و ڕێگا چارە تەنیا ئەوەیە کە سەرۆک بارزانی ئاماژەی پێدا ئەویش پەسەندکردنی دەستووری هەرێمی کوردستان و یەک پەرلەمان و یەک حکومەت و یەک هێزی پێشمەرگەی کوردستانە**

**نابێت پارتی دیموکراتی کوردستان گۆڕەپانی کوردایەتی و نیشتمانپەروەریی خۆی لە شاری سلێمانی بۆ تاقمێک چۆڵ بکات کە هەڵگری هزری توندوتیژی و پۆپۆلیستی و تەنانەت شوێنپێکەوتەی نەیاران و ویست و خواستی وڵاتانی ناوچەکەن**

**ئەرکی خانەوادە سەربەرزەکانی سلێمانییە شارەکەیان بگەڕێننەوە سەردەمی زێڕینی کوردایەتی و بتوانرێت منداڵدانی کوردایەتی ببێتە هەوێنی ئازادبوونی پارچەکانی دیکەی کوردستان**



سەبیحە ئەڵماس

سەرۆکی کۆمەڵەی ئافرەتی کوردی فەیلی لە شاری یوتۆبۆری لە وڵاتی سوید بۆ گوڵان:

# جینۆسایدی کوردانی فەیلی لە هەموو بەهایەکی ئەخلاقی و مرۆیی و ئایینی داماڵدڕابوو

# لە عێراق چارەسەری کەیسی کوردانی فەیلی نەکراوە هەر لە قەرەبووکردنەوەی زیانەکان و دۆزینەوەی ڕوفاتی قوربانییەکان تا هەڵگرتنی پەراوێزخستنی گەنجەکانمان

**مێژوو هەرگیز ئەو کۆمەڵکوژی و جینۆسایدە لەبیر ناکات کە دەرهەق بە فەیلییەکان ئەنجام درا، هۆکاریشی تەنیا کوردبوونیان و بەشداریکردنیان لە شۆڕشی ڕزگاریخوازی کورد و پاڵپشتییان بۆ شۆڕشی ئەیلوول بوو. بۆیە کۆکوژیی کوردانی فەیلی دڕندەترین و قێزەوەنترینی ئەو زنجیرە تاوانانە بوو کە ڕژێمە یەك لە دوای یەکەکانی عێراق بەرانبەر کوردەکان بە پیلانرێژی جێبەجێیان کرد. بۆ قسەکردن لەسەر ئەم پرسە گۆڤاری گوڵان دیدارێکی لەگەڵ سەبیحە ئەڵماس سەرۆکی ڕێکخراوی ئافرەتانی کوردی فەیلی لە شاری یوتۆبۆری وڵاتی سوید ساز دا.**

*** عێراق وڵاتێك بووە هەرگیز ڕێز و مافی پێکهاتەکانی لانەبووە و ڕژێمە یەك لە دوای یەکەکانی عێراق بە عەقڵییەتێکی داخراوی پڕ لە توندوتیژی و بە دڕەندەترین و قێزەوەنترین شێواز کۆمەڵکوژییان دژی کورد ئەنجام داوە. وەکو خانەوادەیەکی قوربانیی کۆمەڵکوژیی کوردانی فەیلی چۆن باسی شێوازی ئەو جینۆسایدەمان بۆ دەکەیت؟**

- ئێمەی فەیلی بە هۆی کوردبوونمانەوە تووشی جینۆساید بووین، گەنجەکانمان ڕەشبگیر کران و خرانە زیندانەکانی ئەبوغرێب و نوگرەسەلمان و لەوێشەوە بێسەروشوێن کران. لە زیندانەکان دەبرانە تاقیگەکانی کیمیایی و بایۆلۆجی و تاقیکردنەوەیان لەسەر دەکرا. پیاویان لە خێزانەکانیان لێك جیا دەکردەوە و ماڵ و حاڵیان تالآن کران و بە هەزارەها خێزان بە زۆرەملێ ڕاپێچی ئێران کران. ئەوە جینۆسایدی جەستەیی و سیاسی و ئابووری و بایۆلۆژی و نەتەوەیی و ڕۆشنبیری و کەلتووری بوو. سووتانی جەرگی دایکەکان و لێك جیاکردنەوەی کوڕ لە دایك و بێسەروشوێنکردن و بزرکردنی ڕۆڵەکانی کوردی فەیلی بوو. جینۆسایدی کوردانی فەیلی لە هەموو بەهایەکی ئەخلاقی و مرۆیی و ئاینی داماڵدرابوو. وڵاتەکە لە بەرانبەر کورد بەگشتی و کوردانی فەیلی بووە مەملەکەتی خوێن و کوشتن و سڕینەوەی ناسنامەی نەتەوەیەکی موسڵمان. بەداخەوە ئەم جینۆسایدە لەبەر چاوی دنیا و بێدەنگیی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بە ناشیرینترین شێواز جێبەجێ کرا. بەپێی ئامارەکانی خاچی سوور و مانگی سووری نێودەوڵەتی زیاتر لە ٤٠٠ هەزار هاووڵاتیی فەیلی بە کوژران و ڕاگواستنەوە بوونەتە قوربانی.

*** باسی ڕەشبگیری و لەسێدارەدان و بێسەروشوێنکردنی گەنجەکانی کوردانی فەیلیت کرد. ئایا تاکو ئێستا سۆراغی ئەو گەنجانە هەیە و هیچ گەڕان و پشکنینێك بۆ ڕوفات و دۆزینەوەی گۆڕە بەکۆمەڵەکانیان بۆ کراوە؟**

- لە سەرەتای هەشتاکان کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دژی شۆڕشی ئیسلامی ئێران بوون و پاڵپشتیی سەدام حوسێن و ڕژێمەکەیان دەکرد. ئەو سەردەمە تەکنەلۆژیا و هۆکاری ڕاگەیاندن و سۆشیال میدیا و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و ئازادییەکان و ڕۆژنامەگەریی ئازاد لە عێراقدا وجوودی نەبوو، ئەوەی هەبوو دەزگایەکی ڕاگەیاندنی تایبەت بە ڕژێم

**زۆربەی گەنجەکانی کوردی فەیلی ئەندام و لایەنگری مەلا مستەفا بارزانی بوون و کەسانێک نەبوون تێکەڵ بەحزبی ئیسلامی و مەزهەبی بن**

**بەپێی ئامارەکانی خاچی سوور و مانگی سووری نێودەوڵەتی زیاتر لە ٤٠٠ هەزار هاووڵاتیی فەیلی بە کوژران و ڕاگواستنەوە بوونەتە قوربانی**

و کەناڵی ڕاگەیاندنی حزبی بەعس بوو، بۆیە ڕەشبگیرییەکە دوور لە چاوی کامێرا و ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ ئەنجام درا. گەنجەکانی فەیلی لە تەمەنی ١٥- ٣٥ لە خێزانە بە زۆر دەرکراوەکان بۆ ئێران جیا دەکرانەوە، بۆ ئەوەی نەوەکو ئێرانییەکان لە شەڕی عێراق- ئێران سوودیان لێوەربگرن و تەنانەت بۆ ئەوە بوو، نەسلی کورد نەهێڵن. گەنجەکانی کوردی فەیلی بازرگان و کاسبکار و پیشەوەر و کەسانی ڕۆشنبیر و هونەرمەند و پیشکەوتنخواز بوون و ژمارەیەکی زۆریان ئەندامی پارتی دیموکراتی کوردستان و حزبی شیوعی بوون. ئەوان دوای هەموو بزووتنەوە و حزب و شۆڕشێکی ئازادیخواز دەکەوتن، هەر بۆیە لەناو ڕیزەکانی پێشمەرگە و ڕێکخراوەکانی ئافرەتان و قوتابیان و لاوان ژمارەیەکی زۆریان پەیوەندییان هەبوو، نموونەش لەم بارەوە زۆرە، هەر لە حەبیب محەمەد کەریم سکرتێری پارتی و عادل موراد و زەکییە ئیسماعیل حەقی و لەیلا قاسم و عەبدولرەزاق فەیلی و یەدوڵڵا فەیلی و سەدان شۆڕشگێڕی دیکە کە لەناو پارتی بوون و لەناو حزبی شیوعیش بە هەمان شێوە وەکو عەزیز حاج و ...هتد. کوردانی فەیلی لە شۆڕشی ئەیلوول بە کۆمەک و هاوکاریی ماددی پاڵپشتیی شۆڕشەکەی (مەلا مستەفا بارزانی)یان دەکرد و ئەم سەرکردەیەیان بە باوک وەسف دەکرد و زۆریان خۆش دەویست و بە نوێنەری هەموو کورد و کوردانی فەیلیشیان دادەنا. لەبیرم دێت باوکم و پیاوانی ڕیش سپیمان سوێندیان بە مەلا مستەفا بارزانی دەخوارد، تەنانەت لە کاتی گەڕانەوەی لە یەکێتیی سۆڤیتی ئەو سەردەمە، ئاهەنگێکی گەورەیان لە شەقامی کفاح بۆ مەلا مستەفا ساز دا، دواتریش ئێزگەی دەنگی کوردستانیان گەیاندە چیاکانی کوردستان و لە خۆپیشاندان و ڕێپێوانەکان پاڵپشتیی ڕێککەوتننامەی ١١ی ئاداری مێژووییان کرد، بۆیە ڕژێمی بەعس خێزانەکانی بە پاساوی «التبعیة الأیرانیة» و گەنجەکانیشی بە بیانووی ئەندامبوون لە پارتی و حزبی شیوعی دەستگیر کرد و بە تۆمەتی پیلاندانان دژی دەسەڵاتی حوکمڕان لە زیندانەکاندا بێسەروشوێنی کردن، کە تاکو ئێستا حکومەتی عێراق مشورێکی جارنووسیانی نەخواردووە. لە سەرەتادا گەنجەکانیان لەگەڵ خێزانەکان بە زۆرەملێ بۆ ئێران دەنارد، بەڵام دواتر بۆ ئەوەی ئێران سوود لەم گەنجانە وەرنەگرێت و بیانکاتە سەرباز و لە دژی عێراق بەکاریان بهێنێت، گەنجەکانی دەستگیر دەکرد و تەنیا ئافرەت و منداڵ و پیر و پەککەوتەی دەنارده ئێران. هەر خۆی لەخۆیدا زۆربەی گەنجەکانی کوردی فەیلی ئەندام و لایەنگری مەلا مستەفا بارزانی بوون و کەسانێك نەبوون تێکەڵ بە حزبی ئیسلامی و مەزهەبی بن.

*** ئەگەر لەسەر بابەتی پەراوێزخستنی کوردانی فەیلی لەدوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس ڕاوەستین، ئایا لەژێر چ پاساو و مەرام و مەبەستێکدا کەیسی جینۆسایدی کوردانی فەیلی بە شێوەیەکی زۆر پەراوێزخراو مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت؟**

- ئەمە پرسیارێکی گرنگە. چی وای لە حکومەتە یەك لە دوای یەکەکانی عێراقی دوای سەدام حوسێن کرد، کۆمەڵکوژی و جینۆسایدێکی بەو فراوانی و قێزەونییە و ئەو هەموو قوربانییە وا فەرامۆش بکەن؟ هەرچەندە لە ساڵی ٢٠٠٦ لە دوای ڕووخانی ڕژێمی پێشووی عێراق یاسای ڕەگەزنامەی عێراقی و بڕیاری (٦٦٦)ی ساڵی ١٩٨٠ی پووچەڵ کرایەوە و کۆمەڵێك لە کوردانی فەیلی توانییان مافەکانیان بەدەست بهێننەوە، بەڵام بەشێکی زۆری مافەکانیان نەگەڕایەوە، ئەمە بۆ بەردەوامیی عەقڵیەتی ڕەتکردنەوەی بەرانبەر و قبووڵنەکردنی پێکەوەژیان و ئەوی دیکە دەگەڕێتەوە، ئەگینا ئێمە بڕیاری دادگای تاوانەکان و بڕیاری پەرلەمانی عێراق و بگرە دانپێدانی حکومەتی عێراقیشمان هەیە، کەچی بەداخەوە هیچ لەو بڕیار و ڕاسپاردانە جێبەجێ نەکران کە لە خودی دەسەڵاتەکانی عێراق و دادگا و نەتەوە یەکگرتووەکانەوە دەرچوون، هەتا ئەمڕۆش دەرفەت بە گەنجەکانی کوردی فەیلی نەدراوە و بە پەراوێزخراون، ماڵ و موڵکمان نەگەڕێندراوەتەوە و تووشی دادگایەکی تاقەتپڕووکێنەری موڵکداری بووین و چارەسەری هیچ کەیسێکی کوردانی فەیلی نەکراوە، هەر لە چارەسەرنەکردنی کێشەی

**ئێمەی فەیلی بە هۆی کوردبوونمانەوە تووشی جینۆساید بووین، گەنجەکانمان ڕەشبگیر کران و خرانە زیندانەکانی ئەبوغرێب و نوگرەسەلمان و لەوێشەوە بێسەروشوێن کران. لە زیندانەکان دەبرانە تاقیگەکانی کیمیایی و بایۆلۆجی و تاقیکردنەوەیان لەسەر دەکرا**

**گەنجەکانی فەیلی لە تەمەنی ١٥- ٣٥ لە خێزانە بە زۆر دەرکراوەکان بۆ ئێران جیا دەکرانەوە، بۆ ئەوەی نەوەکو ئێرانییەکان لە شەڕی عێراق- ئێران سوودیان لێوەربگرن و تەنانەت بۆ ئەوە بوو، نەسلی کورد نەهێڵن**

**ئێمە بڕیاری دادگای تاوانەکان و بڕیاری پەرلەمانی عێراق و بگرە دانپێدانی حکومەتی عێراقیشمان هەیە، کەچی بەداخەوە هیچ لەو بڕیار و ڕاسپاردانە جێبەجێ نەکران کە لە خودی دەسەڵاتەکانی عێراق و دادگا و نەتەوە یەکگرتووەکانەوە دەرچوون**




ئاوارەکان و قەرەبووکردنەوەی زیانەکان و کارکردن بۆ گەڕان و پشکنین و کۆکردنەوەی ڕوفاتی قوربانییەکان تاوەکو هەڵنەگرتنی پەراوێزخستنی گەنجەکانمان. هەتا ئەمڕۆش پێکەوەژیانی ئایینی و نەتەوەیی لەعێراق بوونی نییە و ئەگەری دووبارەبوونەوەی ئەم کۆمەڵکوژییانە زۆرە، چونکە نە تاوانکاران لەسەر ئەم کەیسە سزا دراون و نە ماف گەڕاوەتەوە بۆ خاوەنەکەی و بگرە ئەم تاوانە نێودەوڵەتییە تەحقیر نەکراوە. کە بەپێی هەموو بەڵگەنامەکان جینۆسایدەکە بۆ ئەو ڕق و قینە شۆڤێنییە دەگەڕایەوە کە کوردانی فەیلی ئینتیما و خۆشەویستییان بۆ نەتەوەی کورد لە ئاستێکی زۆر بەرزدا بوو. ئەو سەردەمە بوونی ژمارەیەکی زۆری کوردی فەیلی لەناو جەرگەی بەغدا و لە ڕۆژهەڵاتی دیجلە مەترسی بوو بۆ بەعسییەکان کە پاوانخوازیی دەسەڵاتیان دەست پێکردبوو، هەر بۆیە لە زۆربەی گوندەکانیان هەڵمەتێکی فراوانی تەرحیل و تەعریبیان ئەنجام دا، بەتایبەتی لە ناوچەکانی لووڕ لە زرباتیە و دیالە و خانەقین و کووت و دوز و بەدرە و زرباتییە، کە تا ئێستاش ڕەز و باخ و گوندەکانیان نەگەڕێنراونەتەوە.

*** بەو پێیەی سەرۆکی ڕێکخراوێکی کۆمەڵگەی مەدەنیی کوردی فەیلیت لە سوید، ئایا لە لە دەرەوەی وڵات کوردانی فەیلی چۆن دەتوانن ئەم تاوانە نێودەوڵەتییە بە زیندوویەتی ڕابگرن؟**

- لە دەرەوەی وڵات بەردەوام یادی ئەو تاوانە نێودەوڵەتییەی جینۆسایدی کوردانی فەیلی دەکەینەوە، ژمارەی ڕێکخراوەکانی کوردانی فەیلییش زۆرن، بەڵام گەورەترین مەترسی تێکەڵبوونی کوردانی فەیلییە لەگەڵ خانەوادە عەرەبەکاندا بە هۆی ژن و ژنخوازییەوە، لێرەش لە هەندەران کوردانی فەیلی نەیانتوانیوە ببنە خاوەنی لۆبیەکی گەورە. هەردوو حزبی پارتی و یەکێتی لە هەندەران نەیانتوانیوە لۆبی بۆ کورد دروست بکەن و لە پاراستنی کەلتوور و زمان و هەموو مۆرکەکانی دیکەی نەتەوەیی یەکگرتوو بن، بۆیە هیچ لایەنێك نەیتوانیوە کەیسی کوردانی فەیلی بەرز ڕابگرێت و بە هاوشێوەی تاوانی ئەرمەنەکان و جووەکان و ئێزدییەکان ئەم تاوانە نێودەوڵەتییە ئیدانە بکات و بە زیندوویی بیهێڵێتەوە، تاوەکو هیچ ڕژێمێکی دیکە لەعێراق و ناوچەکە تاوانی کۆمەڵکوژی و جینۆساید دووبارە و چەندبارە نەکەنەوە.

**بوونی ژمارەیەکی زۆری کوردی فەیلی لەناو جەرگەی بەغدا و لە ڕۆژهەڵاتی دیجلە مەترسی بوو بۆ بەعسییەکان کە پاوانخوازیی دەسەڵاتیان دەست پێکردبوو**

ماموٚستا مەلا سلێمان عەبدوڵڵا حەمەد خۆشناو

پسپۆڕ و شارەزا لە شەریعەتی ئایینی ئیسلام بۆ گوڵان :

# له ئايينی پيرۆزی ئيسلامدا مرۆڤی موسڵمان هان دراوه كه هه‌ميشه خۆشه‌ويستی بۆ خاک و نيشتمان و نه‌ته‌وه‌ی خۆی هه‌بێت

## له ئيسلامدا چه‌مكی لێبووردن و ئاشتی و پێكه‌وه‌ژيان بنه‌مای سه‌ره‌كييه و هيچ كات بانگه‌شه‌ی توندوتيژيی نه‌كردووه

**بۆ ئەوەی بزانین ئایینی ئیسلام سیاسەتی تێدایە و ئایا وەکو هەندێ گرووپی ئیسلامی دەکرێت دابەشی سەر سیاسەت و عیبادات بێت؟ ئایا ئایینی ئیسلام توندوتیژیی تێدایە و دەکرێت هەندێ گرووپ و لایەن بیانەوێت مێژووی موسوڵمانێتیی گەلی کورد بسڕنەوە و مێژووی نەتەوەیەکی دیکەی وەکو عەرەب بە ناوی دینەوە بەسەر کورد بسەپێنن؟ لەسەر ئەم پرسانە گۆڤاری گوڵان چەند پرسیاری ئاراستەی ماموٚستا مەلا سلێمان عەبدوڵڵا حەمەد خۆشناو، پێشنوێژ و وتارخوێن لە مزگەوتی حاجی قادر خۆشناو لە گەڕەکی شەهیدانی قەزای شەقڵاوە کرد.**



*** ئایا ئایینی پیرۆزی ئیسلام بە شێوەیەکی گشتی سیاسەتی تێدایە و دەکرێت وەکو هەندێك لە گرووپ و لایەنی ئیسلامی سیاسی دەیکەن، دابەشی سەر عیبادات و سیاسەت بکرێت؟**

- لە ئایینی پیرۆزی ئیسلامدا بیروباوەڕ و بەندایەتیی خەڵك و شەریعەت هەمووی پێکەوە گرێ دراوە، چونکە ئیسلام مەنهەجی ژیانە، لە هەموو بوارەکانی ژیاندا لە بچووکەوە تا گەورە، لە ڕێنمایی و ئامۆژگاری و ئاداب و ئاکارە جوانەکان و لە بواری حوکم و سیاسەتدا، ئایینی ئیسلام خاوەنی ڕاستەقینەیە، هەر بۆیە ئەوەی لێرەدا باس دەکات و دەڵێت: ئیسلام تەنیا بەندایەتییە لە نێوان خودا و بەندەکانیدا، ئەگەر سەرنجێکی ورد بدات بۆ بەندایەتییەکان وەکو نوێژ و ڕۆژوو و زەکات، هەر کام لەمانە پیادە نەکرێت، سزای تایبەتی خۆی هەیە، کە ئاماژەیە بۆ کاری سیاسی هەر وەکو چۆن ئیمامی ئەبوبەکر (ڕەزای خوای لەسەر بێت)سوپای کۆ کردەوە بۆ ئەو کەسانەی کە زەکاتیان نەدابوو. کەواتە هەموو باسە فیقهییەکان کە لەسەر عیبادات دواون، پێکهاتەی سیاسەتن، هەر وەکو چۆن باسی سیاسەتی سەروەت و ماڵ دەکات، ئاواش بەشی سیاسەتی شەڕ و ئاشتی و جەنگ و یاسادانانی هەیە، هاوکات لە بەشی کوشتن و تۆڵەکردنەوە و دادوەریدا نیزامی تایبەت هەیە، بواری خاوەندارێتی و خێزانداری و تەڵاق و یاساکانی باری کەسییش پرۆگرامی تێروتەسلیان هەیە، بۆیە هەموو ئایینەکان بۆ سیاسەت و درێژەدان بە کاروباری هاووڵاتیان هاتوون، هەر وەکو پێغەمبەرمان محەمەد (د.خ) دەفەرموێت «كَانَتْ بَنُو إِسْرَائِيلَ تَسُوسُهُمُ الأَنْبِيَاءُ، كُلَّما هَلَكَ نَبِيٌّ خَلَفَهُ نَبِيٌّ»، هەر بۆیە ئایینی ئیسلام فەرزی کردووە لەسەر تێکڕای موسڵمانان بەتایبەتی کاربەدەستان، کە بۆ بەجێگەیاندنی ئەرکە ئایینییەکان و بەندایەتی پێویستە و ئەمر بە چاکە بکەن و ڕێگری لە خراپە بکەن، هەر وەکو پێغەمبەر (د.خ) دەفەرموێت: «أفضلُ الجهادِ كلمةُ حقٍ عند سلطان جائرٍ» واتە گەورەترین کار و پیشەی موسڵمان گوتنی وشەی حەقە کە ڕێگری بکات لەوەی کە دەسەڵاتدار خراپە بکات و گەندەڵ بێت. هەر بۆیە دەڵێین

**هەموو باسە فیقهییەکان کە لەسەر عیبادات دواون، پێکهاتەی سیاسەتن، هەر وەکو چۆن باسی سیاسەتی سەروەت و ماڵ دەکات، ئاواش بەشی سیاسەتی شەڕ و ئاشتی و جەنگ و یاسادانانی هەیە**

ئیسلام هاتووە یاساکانی ناو کۆمەڵگەی ڕێك خستووە، وەکو کاروباری سیاسی و ئابووری و دادوەری و دادگایی و پەروەردەیی و سەربازی و ئاسایش و...هتد، بەتایبەتی لە بواری سیاسەت و فەرمانڕەواییدا بەو شێوەیە هاتووە: «نَّ اللَّهَ يَأْمُرُكُمْ أَن تُؤَدُّوا الْأَمَانَاتِ إِلَىٰ أَهْلِهَا وَإِذَا حَكَمْتُم بَيْنَ النَّاسِ أَن تَحْكُمُوا بِالْعَدْلِ» واتە خودا فەرمانی پێ کردووین بە گێڕانەوەی سپاردە و دادوەری لە نێوان خەڵکیدا.

*** ئەوە دەرکەوتووە کە هەندێ لە پێڕەوانی فیکری ئیسلامی سیاسی بایەخ بە پرسی خاك و نەتەوە نادەن و پیرۆزییەکانی نەتەوە بێ بەها دەکەن، لێرەش لە کوردستان هەندێ جار ئەوە دەبینین. ئایا سڕینەوەی ئینیما و پیرۆزییەکانی نیشتمانی چ کارەساتێکی لێ دەکەوێتەوە؟**

- لە ئایینی پیرۆزی ئیسلامدا هیچ دەقێك نابینرێت کە خۆشەویستیی خاك و نیشتمان بە ناڕەوا و ناشەرعی دابنرێت، بەڵکو بە پێچەوانەوە مرۆڤی موسڵمان هان دراوە کە هەمیشە خۆشەویستیی بۆ خاك و نیشتمان و نەتەوەی خۆی هەبێت، لەبەر ئەوە ئێمەش وەکو کورد و وەك هەر مرۆڤێکی سەر ئەم زەمینە کە خاوەن زمان و نەتەوەیەکی سەربەخۆی خۆمانین، دەبێت خاك و نیشتمانی خۆمان خۆش بوێت و ئەو مافەش خودای گەورە پێی داوین، ئیسلامیش وەکو ئایین ڕێنماییمان دەکات کە پارێزگاری لە کەلتوور و زمان و نەتەوە و خاکی خۆمان بکەین و ئەم خەسڵەتە جوانەش هەڵقوڵاوی دیدی پێغەمبەری ئیسلامە (د.خ) کە کاتێك لە مەککە کۆچ بۆ مەدینە دەکات، دەفەرموێت: «وَاللَّهِ إِنَّكِ لَخَيْرُ أَرْضِ اللَّهِ، وَأَحَبُّ أَرْضِ اللَّهِ إِلَى اللَّهِ، وَلَوْلَا أَنِّي أُخْرِجْتُ مِنْكِ مَا خَرَجْتُ» واتە سوێند بە خوا تۆ (مەککە)باشترین خاك و زەمینی خودای و خۆشەویستترین خاکی بەلای منەوە، ئەگەر منیان لێرە دەرنەکردبا، من هەرگیز بەجێم نەدەهێشتی. هەروەها کاتێکیش پێغەمبەر (د.خ) دەگاتە مەدینە هەر چەندە ئاو و هەوای جیاوازی هەبووە، بەڵام هەمیشە بیر و ئەندێشەی بۆ مەککە و گەڕانەوەی بوو بۆ زێدی خۆی، هەر بۆیە لە دوعا و پاڕانەوەیدا دەفەرموێت: «اللَّهُمَّ حَبِّبْ إِلَيْنَا الْمَدِينَةَ كَحُبِّنَا مَكَّةَ أَوْ أَشَدَّ»، واتە خودایە مەدینەمان لەلا خۆشەویست بکە، هەر وەکو خۆشەویستیمان بۆ مەککە، یان زیاتریش. لەمەوە دەگەینە ئەو ئەنجامە کەوا ڕێزگرتن لە خاك و نەتەوە و نیشتمان ئەرکێکی ئایینی و لە هەمان کاتدا نیشانەی وەفادارییە، هەر بۆیە ئەوانەی دژایەتیی بیری نەتەوە و نیشتمان دەکەن، لە ئیسلام و ئایینی ڕاستەقینە حاڵی نین.

*** ئایا بەرهەمهێنانی توندوتیژی و چاندنی تۆوی دووبەرەکی بەناوی دینەوە لە کۆمەڵگەدا، تا چەند کۆمەڵگە بەرەو ناسەقامگیری و کاولبوون دەبات؟**

- ئیسلام بە مانا گشتگیرەکەیەوە بە مانا و مەبەستی لێبووردەیی و ئاشتی هاتووە و لە هەموو سات و کاتی حوکمڕانیی ئیسلامدا هەر لە شاری مەدینەوە تا بە ئەمڕۆ، پێکهاتە ئایینی و مەزهەبییەکان کاروباری تایبەت بە خۆیان بەڕێوە بردووە و، لە نێو سستمی حوکمڕانیدا تەواوی ئازادییەکانی خۆیان و ڕێبازی خوداپەرستییان بۆ دەستەبەر کراوە، هەروەها لە ئایینی پیرۆزی ئیسلامدا چەمکی لێبووردن و ئاشتی و پێکەوەژیان بنەمای سەرەکییە بۆ موسڵمانان و، هیچ کات بانگەشەی توندوتیژی نەکراوە بەرانبەر هیچ کەس و تاقمێك، مەگەر خۆیان دەستپێشخەر بن لە شەڕ و ئاژاوەدا، بۆ بەڵگە کاتێك پرسیار لە عائیشەی دایکی ئیمانداران کرا دەربارەی ڕەوشتی پێغەمبەر (د.خ) لە وەڵامدا گوتی: «لا يَجْزي بالسَّيِّئة السَّيِّئة، ولكن يعفو ويصفح» واتە پێغەمبەر (د.خ) هەرگیز بە خراپە وەڵامی کەسی نەداوەتەوە، بەڵکو بەردەوام لێبووردە و چاوپۆشیکار بووە. ئەو گرووپ و تاقمانەی دروست کراون بە بیری توندڕەوی و دەمارگیری، ئەوە لە بیر و هزریاندا تەعبیر لە بیر و بۆچوونی خۆیان دەکەن نەك لە ئایینی پیرۆزی ئیسلام، چونکە ئایینی ئیسلام هەموو ئەو بیر و بۆچوونانەی تێك شکاند کە جیاوازیکردنە لە نێوان پێکهاتەکان بە عەرەب و کورد و تورك و...تاد، یان لە نێوان ڕەش و سپیدا، وەکو موسڵمان و بیروباوەڕ لەسەر ئاستی پێکەوەژیانیش هەموو پێکهاتەکان لە ئیسلامدا ماف و کەرامەتیان پارێزراوە. بێگومان ئامانجی گەورەی ئیسلام دروستکردنی ئاشتییە لە نێوان تەواوی مرۆڤەکاندا، ئیسلام دینی سەلامەتی و

**ئایینی ئیسلام فەرزی کردووە لەسەر تێکڕای موسڵمانان بەتایبەتی کاربەدەستان، کە بۆ بەجێگەیاندنی ئەرکە ئایینییەکان و بەندایەتی پێویستە و ئەمر بە چاکە بکەن و ڕێگری لە خراپە بکەن**

**ڕێزگرتن لە خاك و نەتەوە و نیشتمان ئەرکێکی ئایینی و لە هەمان کاتدا نیشانەی وەفادارییە، هەر بۆیە ئەوانەی دژایەتیی بیری نەتەوە و نیشتمان دەکەن، لە ئیسلام و ئایینی ڕاستەقینە حاڵی نین**

لێبووردەییە و دوورە لە توندوتیژی و غەدر و زوڵمکردن، خوای گەورە ستایشی ئەو کەسانە دەکات کە نەرمونیان و لێبووردە و بەخشندەن، وەکو خودای گەورە دەفەرموێت: «وَالْكَاظِمِينَ الْغَيْظَ وَالْعَافِينَ عَنِ النَّاسِ ۗ وَاللَّهُ يُحِبُّ الْمُحْسِنِينَ».

*** ئێمەی کورد، خاوەنی مێژوویەکی پاکی موسڵمانیەتی و کوردایەتین و چەندین زانای گەورەی ئیسلامیمان هەبووە و هەیە و چەندین حوجرە و مەدرەسەی ئایینی پیرۆزی ئیسلامیمان هەبووە، خاوەنی سەرکردەی نەبەرد و قارەمانی وەك سەلاحەدینی ئەیووبیین، سەرەڕای هەموو ئەوانە بۆچی هەندێ کەس و گرووپ ئەم مێژووە فەرامۆش دەکات؟**

- ئێمەی میللەتی کوردی موسڵمان کە خاوەن مێژوویەکی پڕشنگدارین بە بیروباوەڕی ئیسلامەتی بە پەیڕەو و مەبدەئی دینداری و نیشتمانپەروەری، لە دێرزەمانەوە لە هەر گوندێك و شارێك حوجرە و مەدرەسەیەکی فەقێیەتی هەبووە بۆ پێگەیاندنی نەوە دوای نەوە، لەو نێوەندەشدا شاعیر و گەورەزانایانی پێشین و ئەهلی تەریقەت و سەرکردە و ڕابەری گەورەمان هەبووە، کە دەرخەری ئەوەن گەلی کورد وێڕای دینداری و کار، بواری عیلم و زانستی فەرامۆش نەکردووە. میللەتی کورد خاوەنی مێژوویەکی دێرینە و قەڵا و شار و دێهات و ئەشکەوتەکان گەواهیدەری ئەم ڕاستییەن کە ژیان زۆر لە مێژە لێرە هەیە، هەر میللەتێك شانازی بە بوون و مێژووی نەتەوەی خۆیەوە نەکات، بەشی لەناوچوونە، ئەو کەسانەی کە مێژووی گەلی کورد ڕەت دەکەنەوە و دژایەتیی دەکەن، تەنیا ئەوانەن کە دژی نەتەوەی خۆیانن، جا لە هەر بەرگ و لەژێر هەر ناوێکدا بن، بۆیە لادان لە ناسنامەی نەتەوایەتی و گۆڕینی نەتەوە و دژایەتیکردنی فەرهەنگ و مێژووی خۆت، پێشێلکردنێکی ئاشکرا وجوودی خۆت و یستی خودای گەورەیە.

*** خاڵێکی دیکەی زۆر گرنگ لە ئایینی پیرۆزی ئیسلامدا فتوادانە، ئایا لە ئیسلامدا دەبێت چۆن فتوا بدرێت و کێ فتوا بدات؟**

- فتوا بەو حوکمە دەگوترێت کە شەرعزانێك دەری دەکات، موفتی بەو زانا و شەرعزانە دەگوترێت کە فتوا شەرعییەکە دەر دەکات، فتوادان پلەیەکی بەرزی هەیە و بەهرەیەکە هەر کەسێك بەو پلەیە بگات فەزڵ و بەرەکەت و ویستی خودای گەورەیە، هەر بۆیەش بە «أَهْلَ الذِّكْرِ» ناو براون، «فَاسْأَلُوا أَهْلَ الذِّكْرِ إِن كُنتُمْ لَا تَعْلَمُونَ»، لەگەڵ ئەوەشدا سپاردەیەکی گرانبەها و ئەرکێکی سەنگینە و لێبڕانی دەوێت، چونکە چرای ڕۆشنگەریی ڕێگەی موسڵمانە و پەرژینی پارێزەری شەرعە و تا ژیان مابێت فتوادانیش دەمێنێت، بەڵام بەداخەوە زۆرجار لەبەر نەبوونی زانای پسپۆڕ و شارەزا، کەسانێکی نەشیاو ئەو کارە دەکەن و خۆیان و خەڵکیش سەرگەردان دەکەن. بۆیە مافی فتوادان بۆ هەموو کەسێك نییە، بەڵکو پێوەر و حوکمی خۆی هەیە، چونکە فتوادەر دەبێت کەسێکی باڵغ و موسڵمان بێت و خاوەنی کەسایەتییەکی چاك و زیرەك و بلیمەت و شەرعزان بێت. خۆشبەختانە لە هەرێمی کوردستان لە زۆربەی شار و شارۆچکەکان لە ناو لق و ناوچەکانی یەکێتیی زانایانی کوردستان لێژنەی فتوا هەیە، بۆ هەموو هەرێمی کوردستان ئەنجومەنێکی باڵای فتوا هەیە، بۆ وەڵامدانەوەی هەموو پرسیارە شەرعییەکان مامۆستایانی زانا و شەرعزان بۆ ئەم کارە پیرۆزە دەستنیشان کراون. دکتۆر جەمال قوتب سەرۆکی پێشووی دەستەی فتوا لە ئەزهەری شەریف لە میانی سەردانێکی بۆ هەرێمی کوردستان و بەتایبەتی بۆ مەکتەبی تەنفیزیی یەکێتیی زانایانی ئیسلامی کوردستان گوتی: «ئەوەی لەو سەردانە دڵخۆشی کردم بوونی لێژنەی فتوایە لە کوردستان»، هەر کاتێك فتوایەك هەبێت ئەوە موسڵمانان هەمیشە لەو شوێن و وڵاتە یەکگرتوو و یەکڕێز و خاوەن یەك هەڵوێستن و بە برایەتی دەژین، بۆیە ئەو کەسەی ئەرکی سەنگینی فتوادان دەکەوێتە سەرشانی، دەبێت ئەم خاڵانە ڕەچاو بکات: یەکەم: مەبەستی تەنیا ڕەزامەندیی خوای گەورە بێت. دووەم: تا دەکرێت پەلە نەکات لە فتوادان تا لە دروستیی فتوادنەکە دڵنیا نەبێت. سێیەم: دەبێت بەردەوام لە هەوڵی زیادکردنی ئەو زانستە ئیسلامییانەدا بێت کە بۆ فتوادان پێویستن. چوارەم: دەبێت فتوادەر ئاگایی هەبێت لەو حیکمەتەی کە لە تەشریعی هەر حوکمێکدا بە سەرچاوە وەرگیراوە.

**ئەو گرووپ و تاقمانەی دروست کراون بە بیری توندڕەوی و دەمارگیری، ئەوە لە بیر و هزریاندا تەعبیر لە بیر و بۆچوونی خۆیان دەکەن نەک لە ئایینی پیرۆزی ئیسلام**

**هەر میللەتێک شانازی بە بوون و مێژووی نەتەوەی خۆیەوە نەکات، بەشی لەناوچوونە، ئەو کەسانەی کە مێژووی گەلی کورد ڕەت دەکەنەوە و دژایەتیی دەکەن، تەنیا ئەوانەن کە دژی نەتەوەی خۆیانن، جا لە هەر بەرگ و لە ژێر هەر ناوێکدا بن**

**تا ژیان مابێت فتوادانیش دەمێنێت، بەڵام بەداخەوە زۆرجار لەبەر نەبوونی زانای پسپۆڕ و شارەزا، کەسانێکی نەشیاو ئەو کارە دەکەن و خۆیان و خەڵکیش سەرگەردان دەکەن**



# کارکردنی خانمان و بەشداریکردنیان لە دابینکردنی بژێوی خێزان هەڵسەنگاندنی بۆ دەکرێت



لەگەڵ گۆڕانکارییە خێراکانی سەردەم و ڕەوتی پێشکەوتنی دنیای سەمایەداری، کارکردنی ئافرەت لە سەرانسەری جیهاندا بووتە پێویستییەکی حەتمی و تەنانەت لە هەرێمی کوردستانیش ڕێژەیەکی زۆری خانمان خاوەنکار و داهاتی خۆیانن. لەم سۆنگەیەوە دەپرسین کارکردنی خانمان و بەشداریکردنیان لە دابینکردنی بژێوی خێزان، تاچەند گرفتە خێزانییەکان کەم دەکاتەوە؟. بەشداربووانی ئەم ڕاپۆرتەی گۆڤاری گوڵان وەڵامی پرسیارەکە دەدەنەوە.

گوڵان: کۆمەڵایەتی



د. بەهزاد تاهیر:

**کاتێک ئافرەتان بەشداری ئابووری دەکەن، خێزانەکان زیاتر سوودمەند دەبن و دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی سەقامگیری و باشتربوونی پەیوەندی نێوان تاکەکانی خێزان و کەمبوونەوەی ململانێ**



تەرزە حوسێن:

**کارکردنی خانمان کاریگەریی ئەرێنی لەسەر گۆڕینی ڕەوتی کۆمەڵگە بەگشتی دەبێت، ئەمەش هەنگاوێک دەبێت بۆ پێشوەچوونی خەباتی یەکسانی لە ئەرک و ماف و داهاتی خودی خانمان**

د. بەهزاد تاهیر مامۆستای زانکۆ و شارەزای بواری ئابووری بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکە دەداتەوە:» بەشداری ژنان لە دابینکردنی بژێوی خێزانەکانیان و ڕۆڵی چالاکیان لە هێزی کاردا وەك هۆکارێکی بەرچاو لە کەمکردنەوەی کێشەکانی خێزان و پەروەردەکردن و دروستکردنی خێزانی خۆڕاگر و سەرکەوتوو دەناسرێت. توێژینەوەکان لە گشت بوارەکانی کۆمەڵناسی، ئابووری و دەروونناسی خێزان ئاماژە بەوە دەکەن کە کاتێك ژنان بەشداری ئابووری دەکەن، خێزانەکان زیاتر سوودمەند دەبن و دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی سەقامگیری و باشتربوونی پەیوەندی نێوان تاکەکانی خێزان و کەمبوونەوەی ململانێ.

یەکێك لە لایەنە باشەکانی کارکردنی ئافرەتان کە پشتگیری لە سەقامگیری خێزان دەکات، بریتییە لە زیادکردنی ئاسایشی دارایی. بەشدارییە ئابوورییەکانی ژنانی کارکەر دەتوانێت تەواوکەری داهاتی خێزانەکان بێت، کە وەك پارێزەرێکە لە بەرامبەر خەرجییە چاوەڕواننەکراوەکان و بەرزبوونەوەی تێچوونەکان. ئەم سەقامگیرییە دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی فشار و گرژی لەناو خێزانەکەدا، ئەمەش ژینگەیەکی پارێزراوتر دروست دەکات. کاتێك نیگەرانییە داراییەکان کەم دەبنەوە، ئەندامانی خێزان کەمتر تووشی فشار دەبن کە ببێتە هۆی دەمەقاڵێ یان ناکۆکی. کەواتە، کاری ژنان وەك قەڵغانێك کاردەکات لە بەرامبەر فشارە ئابوورییەکان کە لە ئەگەری نەبوونی دەتوانێت هەڕەشە لە هاوسەنگی خێزان بکات».

هەروەها گوتی:«سەرەڕای پشتگیری دارایی، ژنانی کارکەر زۆرجار ڕۆڵێکی چالاك دەگێڕن لە بڕیاردانی ماڵەوە، ئەمەش هاوسەنگی و یەکسانی زیاتر لە داینامیکی خێزاندا پەروەردە دەکات. هاوبەشی لە بەهێزکردنی ئابووری، ڕێگە بە ژنان دەدات کە بەشدارییەکی تەواوتر بکەن لەو بڕیارانەی کە کاریگەرییان لەسەر خێزان هەیە، لە بودجەوە تا پلاندانانی درێژخایەن لە سەر بابەتەکانی پەیوەست بە داهاتووی خێزان و منداڵان. ئەم بڕیاردانی هاوبەشە دەتوانێت هەستێکی هاوبەشی دروست بکات، کە هەردوو هاوبەشەکە هەست بە بەهایەکی زۆر دەکەن لە بەشداریان لە دابینکردنی بژێوی ژیان. ئەم جۆرە یەکسانییە لە بڕیارداندا دەبێتە هۆی دروستکردنی پەیوەندییەکی بەهێزتر و تەندروستتر، چونکە هەردوو هاوبەش بەرپرسیارێتی هاوبەشیان هەیە و ڕێزگرتنی یەکتر پەرەپێدەدەن. لەو خێزانانەی کە ژنان لە بابەتە گرنگەکاندا قسەیان هەیە، زۆرجار ناکۆکی کەم دەبێتەوە، چونکە بڕیارەکان بە شێوەیەکی هاوبەش دەدرێن نەك بە شێوەیەکی تاکلایەنە.

دایکانی کارکەر زیاتر هەوڵ دەدەن بۆ دابینکردنی سەرچاوەکان کە ببێتە هۆی خوێندنی باشتر و تەندروستی و گەشەی باشتری منداڵان. کاتێك منداڵان دەستیان بە خوێندن و چاودێری تەندروستی بە کوالیتی بگات، ئەگەری ئەوە زیاترە کە متمانە بەخۆبوونێکی تەندروست و کارامەیی کۆمەڵایەتی زیادتریان هەبێت، کە هەردووکیان بەشدارن لە ژینگەیەکی سەقامگیری خێزان. کاریگەرییەکی دیکەی بەرچاوی کاری ئافرەتان بریتییە لە پێشخستنی بەرپرسیارێتییە هاوبەشەکانی ماڵەوە. لەگەڵ چوونە ناو هێزی کار، ڕۆڵی جێندەری نەریتی لەناو خێزاندا دەست بە پەرەسەندن دەکات. ئەرکەکانی ماڵەوە و بەرپرسیارێتی چاودێریکردن و بەڕێوەبردن، زیاتر لە نێوان دایك و باوك بە هاوبەشی دەکرێت، ئەمەش هەستکردن بە کاری تیمی و پشتیوانی یەکتر پەروەردە دەکات.»

تەرزە حسێن مامۆستای زانکۆیە و لە سەرەتای قسەکانیدا هێما بۆ ئەوە دەکات: «بە درێژایی مێژووی مرۆڤایەتی ئافرەتان شان بە شانی پیاوان کاریان کردووە، بەڵام وەك پێویست خاوەن ئابووریی سەربەخۆ نەبوون، سەختیی ژیان و گوزەران وای لە ئافرەت کردووە وەك پیاو ئارەزووی ئەوە بکات کار بکات و خاوەن ئابووریی سەربەخۆی خۆی بێت، کارکردنی خانمان کاریگەریی ئەرێنی لەسەر گۆڕینی ڕەوتی کۆمەڵگە بەگشتی دەبێت، ئەمەش هەنگاوێك دەبێت بۆ پێشوەچوونی خەباتی یەکسانی لە ئەرك و ماف و داهاتی خودی خانماندا، ئەگەرچی لە کۆمەڵگە پێشکەوتووەکاندا ئافرەتان هاوشێوەی پیاوان لە دەرەوەی ماڵ کار دەکەن و خاوەن داهاتی خۆیانن، بەڵام هێشتا بە ڕێژەی جیاواز لە زۆر وڵاتدا (بە کوردستانیشەوە) ڕێگری لە کاری ئافرەت لە دەرەوەی ماڵ دەکرێت.»

تەرزە لە درێژەی گفتوگۆکەیدا دەڵێت: «ئافرەتان لە کاتی کارکردندا تووشی ئاستەنگ و سەختی دەبنەوە و ڕووبەڕووی قسە و قسەلۆك دەبنەوە، ئەگەر متمانەیان بە خۆیان نەبێت، ناتوانن بەردەوام بن و سەرکەوتوو نابن، ژیانی ئەو خانمانەی کە لە دەرەوە کاردەکەن پڕە لە جەنجاڵی و فشار، ئەگەر دایك بێت سەرەڕای کاری ماڵەوە و کارکردن لە دەرەوە، دەبێت ئەرکی دایکایەتیش لە ئەستۆ بگرێت، سەرەڕای ئەوەی ئافرەتان لە کاتی کارکردنیاندا تووشی ئاستەنگ و سەختی دەبنەوە، بەڵام کارکردن یارمەتیدەرێکی باشە بۆ خۆیان و خانەوادەکانیان و لە ڕووی ئابورییەوە داهاتێکی سەربەخۆیان هەیە، هاوکات هۆکارێکە بۆ هاندانی ئافرەتانی دیکە بۆ ئەوەی بێنە ناو مەیدانی کار و تێکۆشان، جگە لەوەی کارکردن دەبێتە سەرچاوەی ئابووریی ئافرەتان و جێ دەستیان لە ناو کۆمەڵگەی کوردیدا دیار دەبێت، دەبنە تاکێکی بەرهەمهێن و نەوەی دوای خۆیان پەروەردە دەکەن، کە ئەوانیش پشت بە داهات و سەرچاوەی بژێوی تایبەتی خۆیان ببەستن، ئەوەش وا دەکات کێشە ئابورییەکانی ناو خێزانەکان کەم بکاتەوە و ڕێنیشاندەر بێت بۆ خۆشگوزەرانی و بەختەوەریی خێزانەکان، بۆیە ئەرکی حکومەت و ئەنجومەنی باڵای خانمان و لایەنی پەیوەندیدارە کە بە شێوازی سیستمێکی دیاریکراو هەوڵ

بدات ئافرەتان بەپێی ئەرکەکانیان مافەکانیان پارێزراو بێت».

د. بارزان سەباح مامۆستای زانکۆیە، بۆ ئەم بابەتە دەڵێت: «کارکردنی خانمان و بەشداریکردنیان لە دابینکردنی بژێوی خێزان کاریگەریی ئەرێنی هەیە، کە دەتوانێت کێشەکانی خێزان بە شێوەیەکی بەرچاو کەم بکاتەوە، ئەویش لە ڕێگەی بەرزکردنەوەی سەقامگیریی ئابووری و خۆشگوزەرانیی خێزانەکان، کاتێك خانمان بەشداری لە دارایی ماڵدا دەکەن، خێزانەکان کەمتر تووشی فشاری ئابووری دەبێت، چونکە زۆربەی کات بوونی زیاتر لە یەك داهات، خۆڕاگرییەکی دارایی باشترە لە بەرامبەر خەرجییە چاوەڕواننەکراوەکان و بارگرانیی خێزانەکاندا، ئەم سەقامگیرییە دەتوانێت ئەو ململانێیانە کەم بکاتەوە کە زۆرجار لە ئەنجامی ناسەقامگیریی داراییەوە سەرهەڵدەدەن، ئەمەش ژینگەیەکی هاوسەنگتر لە ماڵەوە دروست دەکات».

د. بارزان سەباح هەروەها گوتیشی: «سەرەڕای ئەوەش، لەگەڵ بەشداریکردنی خانمان لە داهاتی خێزانەکاندا، خێزانەکان دەتوانن دەستیان بە سەرچاوەی باشتری وەك چاودێریی تەندروستی، پەروەردە و نیشتەجێبوون بگات، ئەمەش کوالێتی ژیان بۆ هەموو ئەندامانی خێزان بەرز دەکاتەوە، ئەم باشتربوونی ئاستی ژیانەش دەتوانێت کەشێکی پشتیوانی فەراهەم بکات و سوود بە گەشەکردنی منداڵەکانیان بگەیەنێت و کێشەکانی پەیوەست بە خێزان کەم بکاتەوە، کە پەیوەندییان بە هەژاری یان دەرفەتە سنووردارەکانەوە هەیە».

د. بارزان لە درێژەی قسەکانیدا دەڵێت: «جگە لەوەش، کاتێك ئافرەتان کار دەکەن، دەتوانن هەستی بەهێزکردن و بەهای خۆیان بەدەست بهێنن، ئەمەش کاریگەریی ئەرێنیی لەسەر داینامیکی خێزان هەیە، بڕیاردانی دادپەروەرانەتر و ڕێزگرتن لە نێوان هاوسەراندا بەرەوپێش دەبات، ئەمەش نموونەیەکی ئەرێنییە بۆ منداڵان، بە گشتی بەشداریی ئابووریی ئافرەتان یارمەتیی بنیاتنانی خێزانێکی بەهێزتر و خۆڕاگرتر دەدات لە ڕێگەی کەمکردنەوەی بارگرانییە داراییەکان و دروستکردنی پەیوەندیی تەندروستترەوە.»

تابان حەسیب کە ڕاهێنەری گەشەپێدانی مرۆییە سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت: «پێویستە ئەوە بزانین کە ئاخۆ کارکردن زەرورەتە یان شتێکی لاوەکییە، ئامانجە یان ئامرازە بە دڵنیاییەوە ئافرەت پێویستە کار بکات ئەگەر ئامانجی کار کردنی نەبێت، بۆچی دەخوێنێت، پێم وایە ئەگەر ئافرەت هەموو ئیشەکانی پیاو بکات لە دەرەوە وەکو مووچە و ئیش و دەوامێکی ڕەسمی، لە ماڵیشەوە بە ئەرکەکانی خۆی هەستێت، کەواتە ئافرەت «قەوامە»ی هەیە و پیاو نییەتی، لێرە ڕۆچوونێکی زۆر لەم بابەتەدا هەیە و تیاچوونێکی زۆریشی تێدایە، زۆرجار خێزان و بنەماڵەیەك دەخاتە مەترسییەوە». تابان حەسیب ڕوانگەیەکی تایبەتی هەیە و دەڵێت: « لە جەنگی یەکەمی جیهانییەوە ئافرەت هاتە ناو دنیای کار، کە بەهۆی جەنگەوە ئاژەڵ و ماڵات و کشتوکاڵ و کارگەو هتد پەکیان کەوت و پێویستی بە هاوکاریی دەستی ئافرەت هەبوو، لێرەوە کارکردنی ئافرەت دەستی پێ کرد، لێرەوە ئافرەت بووە خاوەنی داهات، پیاوانیش تەماحیان هەبوو چاوچنۆك بوون، بەتایبەت لە ئەورووپا کە هەموو ژیانیان لە خولگەی تەماحدا دەسوڕێتەوە، پێیان حەیف بوو ئەوان بە تەنیا کار بکەن و دابەشی بکەن بەسەر ماڵ و منداڵیاندا، بۆیە بەردەوامییان بەو ڕێگەیە دا و ئافرەتیان خستە ناو کارکردن و پارەپەیداکردنەوە، بۆ ئەوەی بتوانن بژێوی ژیان پەیدا بکەن، دوای ئەوە لە وڵاتی خۆشمان ئافرەت وردە وردە کەوتە سەر کار و بووە بەشێك لە سەرچاوەی پەیداکردنی داهات، بەڵام بەرپرسیارێتی ئافرەت قورستر بوو، چونکە لە پاڵ ئەرکی دەرەوە، ئەرکی ماڵەوە و پەروەردەکردنی خێزان و منداڵیشی کەوتە ئەستۆ».

خاتوو تابان هاوکات دەڵێت: «بەداخەوە لە وڵاتی ئێمەدا کاری ئافرەت بەرهەمی نییە، تێك دەچێت چاکی دەکاتەوە، پیس دەبێت و پاکی دەکاتەوە، ژمارەی ئەندامانی خێزان و زیادبوونی منداڵ لە ئەستۆی ئەو دایە، ئێستاش ئافرەت ناچارە قوربانی بە ژیانی خۆی بدات و کار بکات و هەموو قورسییەکانی ژیان هەڵبگرێت، لە بەرامبەریشدا هاوکاریی ماددی هاوسەری بێت و هەموو ئەو کێشانەی کە بەهۆی نەبوونی و هەژارییەوە ڕوو دەدات چارەسەری بکات، دەکرێت ئەمە چەمکێك بێت لە چارەسەرکردنی ئەو کێشانە، بە مەرجێك کارکردنی ئافرەت نەبێتە هۆی شکستهێنانی لە بەخێوکردن و پەروەردەکردنی ماڵ و منداڵدا، چونکە ئەمەیان لە بەڕێوەبردنی دەزگا و کۆمپانیایەك زۆر گرنگترە، بۆ ڕاپەڕاندنی ئەو کارەشی ئافرەت پێویستی بە زانیاری و ڕۆشنبیریی تەواو هەیە، کە ئەمەش گرنگترین کاریەتی ڕۆڵی گرنگ لە دەوروبەری خێزانەکەیدا دەگێڕێت، ئافرەت کاتێك دەبێت بە کابانی ماڵەکەی خۆی و شاژنی دەوڵەتەکەی خۆی، زیاتر مافی خۆی بە دەست دەهێنێت، کاری تایبەتی ئافرەت لە ناو ماڵ و منداڵی خۆیدا زۆر گرنگترە لە هەر کارێکی دیکە، بۆیە پەیامم بۆ ئافرەتان ئەوەیە کە ئەگەر زەرورەتی ژیان نەبوو خۆتان مەخەنە ژێر ئەم بارە قورسە، چونکە فیسیۆلۆژی و سرووشتی ئافرەت بە پەروەردە و خێزانێکی سەرکەوتووەوە بەستراوەتەوە، نەك دابڕان لە خێزان و دوورکەوتنەوە لە پەروەردەکردن، ئەگەریش کارتان کرد، بەشێك بن لە چارەسەرکردنی کێشەکان و بەدەستهێنانی ئابووری و بژێوی ژیان و بەردەوامیدان بە ژیان، نەك شکست بهێنن و ڕۆڵی سەرەکیی خۆتان لە بیر بکەن و ببنە هۆکاری کێشەکان.»



د. بارزان سەباح:

**بەشداری ئابووری ئافرەتان یارمەتی بنیاتنانی خێزانێکی بەهێزتر و خۆڕاگرتر دەدات لە ڕێگەی کەمکردنەوەی بارگرانییە داراییەکان و دروستکردنی پەیوەندی تەندروست تر**



تابان حەسیب:

**ئافرەت وردە وردە کەوتە سەرکار و بووە بەشێک لە سەرچاوەی پەیداکردنی داهات، بەڵام بەرپرسیارێتی ئافرەت قورستر بوو، چونکە لە پاڵ ئەرکی دەرەوە ئەرکی ماڵەوە و پەروەردەکردنی و منداڵیشی هەر لە ئەستۆدایە**

## کەتی ڕەحیم:

# بە ناوی یەکسانییەوە خانمان کاری دەرەوە و ماڵەوە و پەروەردەکردنی منداڵیشیان لە ئەستۆدایە



کەتی ڕەحیم خانمە گەنجێکی دانیشتووی شاری سلێمانییە و بە دەست و پەنجە ڕەنگینەکانی و سەلیقە جوانەکەی توانیویەتی کار لەسەر بەهرەکانی خۆی بکات و ببێتە خاوەنکاری خۆی، کەتی لە دایکبووی شاری سلێمانییە و تەمەنی ٣٦ ساڵە، ساڵی ٢٠١٢ بەشی ژمێریاری (پەیمانگای تەکنیکی دوکان) ی تەواو کردووە، لە ئێستادا خاوەنی سەنتەرێکە بە ناوی « Katy xanm sewing center» کە تایبەتە بە دوورین و دیزاینکردنی جلوبەرگی ڕەسەنی کوردی و ماوەی چەندین ساڵە ئەو کارە دەکات. لە دیمانەیەکیدا لەگەڵ گۆڤاری گوڵان ئەزموونی کارکردنی خۆی بۆ خوێنەران باس دەکات.

گوڵان: کۆمەڵایەتی

**بە شێوەیەکی گشتی لە دونیای دروومانذا بەهرەی خۆمم لە بواری جلی کوردیدا بینیوەتەوە و دەمەوێ لەو بوارە خزمەت بکەم**

**ئامانجم دانانی سەنتەرێک و کارگەیەکی بچووکی جلوبەرگی کوردی کە تیایدا هەم خوێندکار فێر بێت، هەمیش جلی کوردی کۆن و دیزایینە تازەکانیش بەرهەم بێت**

هەرچەندە تا ئێستا دانەمەزراوم، بەڵام خاوەنی کاری خۆمم ماوەی ٢٢ ساڵە بەرگدرووم و ماوەی نۆ ساڵە لەو بوارەدا مامۆستام و وانە فێرکاری دەڵێمەوە، ماوەی هەشت ساڵیشە دیزاینەرم، بە شێوەیەکی گشتی لە دونیای دروومانذا بەهرەی خۆمم لە بواری جلی کوردیدا بینیوەتەوە و دەمەوێ لەو بوارە خزمەت بکەم».

کەتی ڕەحیم، سەبارەت بە حەز و خولیای بۆ هەڵبژاردنی ئەو کارەی دەڵێت: «هەڵبژاردنی ئەو بەشەی کارکردنم بۆ سێ هۆکار دەگەڕێتەوە، یەکەمیان دایکم بەرگدروو بووە و خەڵکی گەڕەکی مەڵکەنیی شاری سلێمانییە، ئەو زۆر شارەزایە لە بواری قوماش و دیزاینی جلی کوردیدا و زۆریش هاوکارمە. دووەمیان خۆم زۆر حەزم لە جلی کوردییە و پێم خۆشە بۆ هەر شوێنێك کە دەچم جلی کوردی لەبەر بکەم، هاوکات شارەزاییەکی باشم لەسەر نۆ جۆر جلوبەرگی کوردیی ناوچە جیاجیاکانی کوردستان هەیە. سێیەمیشیان تێبینیی ئەوەم کردووە کە ئەوانەی شارەزاییان لە جلی کوردیی شێوەی کۆن و تازەدا هەیە، پێویستە هەم بتوانن بیدوورن هەمیش دیزاین بکەن، کە بە ڕای من هێشتا ناتەواوییەك لەو بوارەدا بەدی دەکرێت، چونکە زۆینەی بەرگدرووەکان شارەزایی تەواویان لەسەر جۆری قوماش و ئێکسسواراتی جلی کوردی نییە.»

ئەو خاتوونە لەبارەی پرۆژەی داهاتووی کارەکەشی دوو خاڵی سەرەکی لە ئامانجەکەیدا باس دەکات و دەڵێت: «وەکو پرۆژە ئامانجی داهاتووم لە دوو خاڵی سەرەکیدا چڕ کردووەتەوە، کە زۆر پێویستن، ئەوانیش بریتین لە:

١_ دروستکردن و ئامادەکردنی کۆمەڵێك بەرگدوور کە هەموو شتێك لەبارەی جلی کوردییەوە بزانن و لە بوارەکەدا پرۆفیشناڵ بن، ئەویش بە بینینی خولێکی دوو مانگی لە سەنتەرەکەم، کە ماوەی دوو ساڵە خەریکم کاری تێدا دەکەم.

٢_ دانانی سەنتەرێك و کارگەیەکی بچووکی جلوبەرگی کوردی کە تیایدا هەم قوتابی فێر بێت، هەمیش جلی کوردی کۆن و دیزایینە تازەکانیش بەرهەم بێت، هەروەها هەر قوماشێك بۆ جلوبەرگی کوردی دەست بدات لەو کارگەیەدا دەست بکەوێت، بەڵام بەهۆی نەبوونی بودجەی پێویست و پشتگیریی کەسانی شارەزا نەمتوانیوە ئەو پرۆژەیە بخەمە بواری جێبەجێکردن.»

کەتی ڕەحیم لە وەڵامی ئەو پرسیارەی کە ئایا تاچەند گرنگە خانمان خاوەنکاری خۆیان بن دەڵێت: «بەڕای من خانم و کارکردنی زۆر و ماندووبوونی زۆریان نەگوتووە، من بەش بە حاڵی خۆم ڕقم لە وشەی یەکسانییە، بە ناوی یەکسانییەوە خانمان کاری دەرەوە و ماڵەوە و پەروەردەکردنی منداڵیشیان لە ئەستۆدایە، ئەی باشە کەی ئەم خانمە بە خۆی ڕا بگات؟ ئێمەی خانمانی خاوەنکار وەك پێویست ئارامیمان نەماوە، ئەمەش وا دەکات زۆرینەی کات ڕووخسارمان ماندوو بێت و توانای بە خۆڕاگەیشتنمان کەم بێت، لە ڕاستیدا زۆرباشە هەر یەکێك لە ئێمە لەو بوارەی کە شارەزاییمان هەیە ئیشی تێدا بکەین و زانیاری ببەخشین و خودی کارەکە لە خۆماندا بەرجەستە بێت، ڕاستە ژیان قورس بووە و پێویستە لە خێزانێکدا زیاتر لە یەك کەس هەوڵی پەیداکردنی بژێوی خێزان بێت، بەڵام نەگاتە ڕادەیەك خانمەکە نەتوانێ بە خۆی و بە ماڵ و منداڵیڕابگات، باوکم وتەیەکی جوانی هەیە هەمیشە دەڵێت «ماڵ چەندە کەیبانوویەکی پێویستە ئەوەندەش بەرگدروویەکی پێویستە، واتە ئەگەر پێویستیش نەبێ ئافرەت بۆ بژێوی ژیانی کار بکات، دەبێ فێری دوورمان بێت، بە کوردی و بە کورتی خانمان دەبێ پینە و پەڕۆ بزانن».



# سەمای ڕەنگەکان لە خەیاڵی هونەرمەند ڕۆژین حاجی حوسێن



چیرۆکی گوزارشتەکانی نوقم دەبن لە دەریای ڕەنگ و هێڵ و، هەندێك جار بۆشاییەکان ئاڵۆزیی چیرۆکەکانمان بۆ ڕوون دەکەنەوە.

هەموو ئەمانە دەبن بە بەشێك لە سەمایەکی پڕ جوولەی ڕەنگ لەسەر فۆڕمی تابلۆکانی ڕۆژین حاجی حوسێن.

زۆربەمان دەزانین هونەری دەربڕین لە هونەری نوێ لە دنیادا خوازی پشکی گەورەی هەیە، بۆیە ئەم هونەرمەندەش هەوڵی داوە لەو پەنجەرەوە توانا و خولیا و خەیاڵەکانی بکاتە فۆڕمی هونەری و نیشانمانی بدات. هێزی دەربڕین لە کارەکانی ڕۆژیندا، هێزێکە زوو بیرکردنەوەمان پەلکێش دەکات بۆ لای خۆی، لەپاڵ ئەمەشدا تەکنیك و ئاستی باڵای بەکارهێنانی ماتریالەکانی توانایەکی دیکەیە لە شارەزایی و تێڕوانینی هونەرمەندانەی بۆ ژیان و بۆ مرۆڤ.

ئەبستڕاکتی دەربڕینخوازی لەسەر بنەمای تەوژمێکی بەهێزی دەروونی دێتە پێشەوە و کەسی هونەرمەند پاڵنەرە بەهێزەکانی ناوەوەی دەخاتە سەر فۆڕمی کارە هونەرییەکەی، هێزی دەربڕینی ناوەوە لە جوولەی ڕەمەکی بۆ سەر پانتایی کارەکە لە تایبەتمەندییە زۆر دیارەکانی ئەم جۆرەیە لە کاری هونەری ئەبستڕاکتی گوزارشت ئامێز، لەم کارکردنەدا هونەرمەند جۆرێك لە ئازادیی ڕەمەکی وەردەگرێت بۆ ڕێکخستنەوەی جووڵەکردن بە هێڵ و بۆشایی و ڕەنگ، هەروەها دەرخستنی شێوەی جۆراوجۆری مەئلوف لە ئاوتلاینێکی نامەئلوفی کەمێك شێواو و، ڕەنگە هەندێجار کارێکی هونەری ئیجاب نەکات ئەو شێوانە نامەئلوفەش بەخۆیەوە بگرێت، بەڵکو بە گشتی مەبەستمان لە دەرخستنی شێوەیە لە کارە هونەرییەکاندا ئەمەش بە خاتری هەرچی بەهێزتر پیشاندانی بەرهەمە هونەرییەکەیە.

لە هەندێ کاتدا ئەم جۆرە ئەبستراکتە بە ئەبستراکتی میوزیکی ناو دەبرێت، چونکە ڕاستەوخۆ جۆرێك لە ئاواز و میلۆدی ڕەنگی بۆ بینین و هەستەوەرە جوانبینییەکانی تەماشاکار دەخولقێنێت، ئەمەش بەشێکە لە توانستی ئیستاتیکی بۆ کارەکە، بە جیا لە هێزی دەربڕینی هەستی بۆ کەسی تەماشاکار.

هەندێ جاریش وەك هونەری پەڵەی ڕەنگی دەبینرێت، چونکە کار دەکات بۆ نمایشی گوزارشتێك لە ڕێگەی پەڵەی ڕەنگی و سنووری هێڵ و بارستاییەکانی لە کارەکەدا.



**تابلـۆ ئەبسـتراکتییە دەربڕینخوازییەکانی ڕۆژیـن ڕامـان دەگرێـت و دیدەنیمـان دەخاتـە سـەر چوارچێوەیـەك، کـە تژییـە لـە ڕەنگـی هارمۆنـی و هێڵـی پەرشـوبڵاوی سـەیر، شـێوەی هەندێك فیگـەری لێـڵ و سـادە و نـا ئاسـایی، کـە دەورە دراوون بـە هێـزی ڕەنگـی گـەرم و بوێـری لـە دامەزراندنـی کـۆی گشـتی فۆڕمەکانیـدا.**

حەمە هاشم

ماتریاڵ و کەرەستەی بەکارهاتوو بایەخی زۆری هەیە لە تێکڕای فۆڕمی پیشاندراودا، چونکە هیچ مەرج نییە هونەرمەند دەستی بەسترابێت لە بەکارهێنانی ماتڕیاڵی باوی هونەردا، بەڵکوو ئازادییەکی ڕەهای هەیە لە بەکارهێنانی هەر شتێك بۆ فۆڕمی کارەکەی، بەتایبەت ئەوەی چەند زیاتر لە خزمەتی کارە هونەرییەکەیدا بێت.
چالاکییە نەستییەکان، یان بڵێین چالاکیی لاشعوری هونەرمەند سنووری بەهێزی دەربڕینەکانە و کارلێککاری ئەو نەستەشە کە دەگاتە هەمان چالاکیی لاشعور بۆ بینەر، لەوێڕا تەفسیری جیاواز و تەئویلی دەربڕینەکانی کارەکە شیتەڵ دەبێتەوە، خۆی دەرباز دەکات لە چاودێرییە هۆشیارییە سنووردارەکان، کە دادەتاشرێت بۆ کارەکە.
دەتوانین هونەری ئەبستراکتی دەربڕینخوازی وەك تایبەتمەندییەك بۆ مێژووی هونەری ئەمریکی بگەڕێنینەوە، کە بەردەبازێکی کاریگەرە لە هونەری مۆدێرندا لە نیۆیۆرك، بێگومان لە دوای پاریسی فەرەنسا کە پێگە کلتورییەکەی هیچ کاریگەریی نەکەوتە سەر.
هەندێ بیردۆزی گرنگ هەبوون لە گۆڕینی ئاراستەکانی ئەبستراکت لە شێوەی بینراوەوە بۆ شێوەی هەستی، هەندێ لە هونەرمەندان و نووسەرانیش وەك: «ئەندرێ بریتۆن» لە ڕێگەی دەربڕینی بیر و ڕاکانیانە توانییان ئەم ئاراستانە بگەیەننە ئەبستراکتی دەربڕینخوازی، هەرچەندە خۆی وەك کەسایەتییەکی سووریالی دەرکەوت، بەڵام لەو وتارەیدا کە لە گۆڤاری (سووریالیزم) لە ساڵی ١٩٢٩ بڵاوی کردووەتەوە بەناوی «هونەری سیحری»، تێیدا بانگەشە بۆ ئەوە دەکات کە دەبێت ئاراستەی هونەر بەرەو ئازادی بیرکردنەوە بچێت و فکر سەربەخۆیی خۆی وەربگرێت لە کارکردندا.
هەروەها کتێبەکەی کاندینیسکی بەناوی «هونەری ڕۆحی» کە لە ساڵی ١٩١١ بڵاو کراوەتەوە، وەك هونەری ڕەمەکی و بەریەککەوتنی ڕووداوی نارێکخراو بۆ بینین و خەون و وەهم و ڕوانینی کراوە بۆ دنیابینی ناوی ئەبستراکت دێنێت.
لە ساڵی ١٩٤٠ لە نیۆیۆرك کۆمەڵێك لە هونەرمەندانی ئەبستراکتەر وەك لەدایکبوونێکی دیکە بۆ ڕێبازێکی دیکەی هونەری وەك مژدەیەك نمایشی سەرکەوتنەکانیان کرد، بەڵام دواجار هەر چووەوە ناو سنووری ئەبستراکتەوە، چونکە کارەکانیان کاریگەریی «هنری ماتیس و پاپلۆ پیکاسۆ و خوان میرۆ» پێوە دیار بوو، جگە لە کاریگەری مەزهەبەکانی وەك سوریالیزم و کۆبیزم و فۆفیزم کە بەسەر کارەکانیانەوە دیاربوو.
لە هونەرمەندانی پێشەنگی ئەم بوارە «جاکسن پۆلۆك، هێلن فراکنتالێر، جۆن ماکلۆلین، میسشال تابی، ئیمێل شوماخر و....هتد، زۆری تر ناوە درەوشاوەکانی ئەم بوارەن.
زۆربەی ئەم بیردۆزە و ئایدییا گرنگانەش لە تابلۆکانی هونەرمەندی ڕۆژئاوای کوردستان ڕۆژین حاجی حوسێندا بەدی دەکرێن.



### هەڤاڵ زاخۆیی بۆ گوڵان:

# ژیانی هونەرمەندان زۆر سەخت و ئاڵۆزە

**گۆرانیبێژ هەڤاڵ زاخۆیی لەدایکبووی شاری زاخۆیە بەڵام لە ئێستادا لە شاری سلێمانی نیشتەجێیە، زۆربەی لایڤەکانیشی لە سلێمانی ئەنجام دەدات، بەڵام وەك خۆی دەڵێت بۆ من شارەکان هیچ جیاوازییان نییە، گرنگ ئەوەیە بتوانم خزمەتێك بە هەموو شارەکانی کوردستان بکەم. سەبارەت بە کارە هونەرییەکانیشی هەڤاڵ زاخۆیی وەڵامی چەند پرسیارێکی گوڵانی دایەوە.**

*** هۆکار چییە لە ئێستادا هونەرمەندان بەگشتی ڕوویان لە لایڤ موزیك کردووە؟**

- لە ئێستادا بارودۆخی کوردستان لە ڕووی داراییەوە کەمێك خراپە بێ موچەیی و بێ کارییە، بۆیە منیش وەکو هونەرمەندانی دیکە لایڤ موزیك دەکەم، بەڵام ئەوەی ڕاستی بێت من حەزم لە لایڤ موزیك نییە، بەڵام لەبەر بژێوی ژیانم ناچارم لایڤ موزیك بکەم.

*** کاتێك دەتەوێت لایڤ موزیك بۆ شوێنێك بکەیت چۆن ئەو شوێنە هەڵدەسەنگێنیت کە گونجاوە بۆ لایڤ یان نا؟**

- هەندێك شوێن هەیە دیارە شوێنێکی دیار و شایستەیە، بەڵام هەندێك شوێن ئەگەر بزانم خراپە، ئەوا بەهیچ شێوەیەك ئامادەنیم لایڤ موزیك بکەم.

*** ئەو گۆرانیبێژەی کە لەگەڵت بەشدارە لە لایڤەکەدا تاچەند گرنگە بەلاتەوە؟**

- بێگومان زۆر گرینگی بەم بابەتە دەدەم، ئەو گۆرانیبێژەی لەگەڵم بەشدارە لە لایڤەکە ئەگەر بەناوبانگ و خاوەن جەماوەری خۆی نەبێت و لە ئاستی مندا نەبێت، ئەوا گۆرانیی لەگەڵدا ناڵێم.

*** بۆچی لایڤ موزیکی تۆ زیاتر لە سلێما نییە؟**

- جەماوەری من لە هەموو شارەکانی



کوردستان هەیە، باوەڕناکەم کەس منی خۆش نەوێت، بەڵام بە حوکمی ئەوەی ماڵی باوکم لە سلێمانییە بۆیە لایڤ موزیکم لە سلێمانی زیاترە، بەڵام کەمتەرخەمییشم نەکردووە لە شارەکانی دیکە، ئامادەم بۆ هەموو شارێکی کوردستان لایڤ موزیک بکەم.

*** بۆچی زۆربەی هونەرمەندان، تەنانەت ئێوەش نازناوی شارێك لە خۆتان دەنێن، بۆ نمونە هەڤاڵ زاخۆیی خۆتۆ بەس موڵکی زاخۆ نیت ؟**

- بەحوکمی ئەوەی خۆم لە شاری زاخۆ لە دایك بووم، بۆیە نازناوی خۆمم کردووە بە زاخۆیی، چونکە دڵسۆزی شاری خۆمم، زاخۆم خۆش دەوێت هەموو شارەکان بۆ من وەك یەك خۆشەویستن و جوانیی خۆیان هەیە، بەڵام هەمیشە شوێنی منداڵی جوانتر و خۆشەویستترە، ئەگەرنا بۆ من هەموو شارەکانی کوردستان جوانی و خۆشەویستیی خۆیان هەیە.

*** گۆرانیی «عیشقی یەك لایەنە» گۆرانییەکی جوان بوو، دەتوانین بزانین هەڤاڵ لە ڕاستیدا عاشقی یەك لایەنە بووە؟**

- ڕاستە گۆرانییەکی جوان بوو، بەڵێ من عاشقی یەك کەسم و هەتا دەمرم هەر عاشقی ئەوم کە ئەویش هاوسەرەکەمە.

*** کێ سپۆنسەری بەرهەمەکانت دەکات؟**

- تاوەکو ئێستا خاوەنی ١٠ کلیپم، سپۆنسەری ئەو کلیپانەشم دەتوانم بڵێم هەمووی هاوڕێیەکی خۆشەویستمە کە بازرگانێکی دەوڵەمەندە، ئەو سپۆنسەری کلیپەکانی کردووم، وەکو سپۆنسەر بۆ بەرهەمەکانم لە حکومەت هیچ سوودمەند نەبووم.

*** هیچ کات هەبووە لە شوێنێك حەزیان کردبێت ئاهەنگ یان لایڤ موزیکێکی تۆ تێك بدەن و نەهێڵن بکرێت؟**

- نەخێر تاوەکو ئێستا تووشی ئەوە نەبووم لە ئەستەمبۆڵ و لە تارانیش لایڤم کردووە، کەس هەوڵی ئەوەی نەداوە کارێکی لەم شێوەیە بکات.

*** وەکوو هونەرمەندێك لە ئێستادا ژیانی هونەرمەندان چۆن دەبینیت؟**

- ژیانی هونەرمەند زۆر سەخت و ئاڵۆزە، بەتایبەتی ئەوانەی کە هاوسەر و منداڵیان هەیە، من کاتژمێر یەکی شەو لە لایڤ تەواو دەبم هەتا نان دەخۆم و دەگەڕێمەوە دەبێتە پێنجی بەیانی، بۆیە ژیانی هونەرمەندان بۆ خێزانی نابێت، نزیکی لایڤ موزیك بیت کێشەت بۆ دروست دەبێت، زۆربەی حاڵەتەکانی جیابوونەوەی هونەرمەندان لە هاوسەرەکانیان بۆ ئەو حاڵەتانە دەگەڕێتەوە کە پەیوەندیی بە ژیانی سەختی هونەرمەندانەوە هەیە، بەتایبەتی لە ئێستادا.

## پێنێلۆپ کروز:

# دریغی ناکەم لە گرنگیدان بە جوانییەکەم



ئەستێرە جیهانییەکان هەوڵ دەدەن بە باشترین شێوە دەربکەون و چێژ لە پێستێکی ڕوون و درەوشاوە وەربگرن، کە دوور بێت لە زیپکە و پەڵە.

سەرەڕای ئەوەی ژنێکی سەرقاڵی وەك ئەستێرە و دایکی دوو منداڵە، ئەکتەری ئیسپانی «پێنێلۆپ کروز» خاوەنی جوانییەکی درەوشاوە و پێستێکی نایاب و جەستەیەکی ڕێکە، هەروەها دریغی ناکات لە گرنگیدان بە جوانییەکەی و پاراستنی گەنجی بە شێوەیەکی سەرنجڕاکێش، کەواتە نهێنی جوانییەکەی چییە؟

پێنێلۆپ کروز پشت بە ڕێجیمێکی تایبەت دەبەستێت، کە نزیکەی کاتژمێر ٧:٣٠ بەیانی زوو لە خەو هەڵدەستێت، هەروەها لە ئەگەری پابەند نەبوون بە وێنەگرتندا حەز دەکات ٧-٨ کاتژمێر بەردەوام بخەوێت لە شەودا.

لە سەرەتای ڕۆژدا وەرزش دەکات، دواتر لەگەڵ خێزانەکەی نانی بەیانی دەخوات، هەروەها دڵنیا دەبێتەوە لە وەرگرتنی کالۆری و خواردنەوەی ئاوی پێویست.

بۆ نانی بەیانی پێنێلۆپ کروز هێلکە و میوە و دانەوێڵەی ماڵەوە و هەندێك جاریش ئاوی کەلەرم دەخوات، هەروەها هەندێك تەواوکەری سرووشتی و پرۆتینی ئۆرگانیك دەخوات و حەزی لە قاوەیە لەگەڵ شیری بادەم، بەڵام ڕۆژانە لە دووجار زیاتر ناخواتەوە.

پێنێلۆپ دڵنیا دەبێتەوە لەوەی کە چەندین خۆراکی تەندروست بەردەوام لە ماڵەکەیدا هەیە، لەوانەش سەوزە و میوەی سرووشتی و گۆشتی بێ چەوری و ماسی، لە چێشتخانەکەیدا کینوا و ماکەرۆنی و برنجی قاوەیی و شەکری گوێزی هیندی و ستیڤیا و شوکولاتەش هەیە.

پێنێلۆپ کروز سەبارەت بە نهێنیی جوانیی پێستی دەڵێت: «جارجارە فلچەی وشکی جەستەی دەکەم، ئەمەش یارمەتیدەرە بۆ ڕزگاربوون لە ژەهرەکان».



## کەیت وینسلێت دەبێتە ٤٩ ساڵ و دەڵێت: پێم خۆشە شتەکان بچووک بهێڵمەوە

ڕۆژی پێنجی ئۆکتۆبەر ئەستێرەی نێودەوڵەتیی سینەما «کەیت وینسلێت» تەمەنی بوو بە ٤٩ ساڵ، لە کاتێکدا زۆرێك پێیان وایە ئەستێرەکان، بەتایبەتی ئەستێرەکانی هۆلیوود، هەر بۆنەیەك دەقۆزنەوە بۆ ئەوەی ئاهەنگگێڕان بە دەنگی بەرز ئەنجام بدەن، بەڵام وینسلێت ئەم یاسایەی ڕەت کردەوە و ڕایگەیاند کە ئاهەنگێکی گەورە بۆ ڕۆژە گەورەکەی ساز ناکات.

لە وەڵامی پرسیارێکدا کاتێك گۆڤاری پیپڵ لەبارەی پلانەکانی بۆ ئاهەنگەکە لێی کرد، کەیت وینسلێت براوەی خەڵاتی ئۆسکار گوتی: ئاهەنگێکی سادەو بچوك بوو، حەزم لە سادەیی شتەکانە.

بەڵام ئاهەنگ و کۆبوونەوەکان بە لایەکدا، وینسلێت لەم ڕۆژانەدا زۆر شتی هەیە بۆ ئاهەنگگێڕان، لەوانە فیلمێکی نوێی بەرهەمهێناوە کە ڕۆڵی سەرەکیی تێدا دەگێڕێت، فیلمێکە دەربارەی «لی میلەر» فۆتۆگرافەری پێشەنگ، کە بووەتە فۆتۆگرافەری جەنگی دووەمی جیهانی، نزیکەی دە ساڵی خایاند تا چیرۆکەکەی هێنایە سەر شاشە، شتێك کە وینسلێت شانازیی تایبەتی پێوە دەکات بە لەبەرچاوگرتنی ئەو بەربەستانەی کە ڕووبەڕووی بووەتەوە.

سەرەڕای ئەو سەختی و تەحەددییانەی کە لەم فیلمە ڕووبەڕووی بووەوە، بە هاوکاریی «ئەنتۆنی پێنرۆز»ی کوڕی میلەر و هاوبەشی بەرهەمهێنانی کەیت سۆلۆمۆن، بەڵام ئەو بەردەوام بوو لە کارکردن و فیلمەکەی دروست کرد، کە ئێستا لە سینەماکان نمایش دەکرێت.

کاتێك پرسیاری ئەوەی لێ کرا کە چ ئامۆژگارییەك دەدات بە خانمە ئەکتەرە گەنجەکان، لە وەڵامدا گوتی: «شتە سەرەکییەکە کە دەیڵێم ئەوەیە کە هەڵەکان تەنیا بە ئاهەنگ ناگێڕدرێن، ئەوان گرنگن"، چونکە ئەگەر هەڵە نەکەین، هەرگیز ناتوانین فێربین، هەمووومان هەڵە دەکەین، شتێك نییە بە ناوی کامڵبوون، و بە تەواوی خۆمان بین، چونکە ئەگەر بتوانین خۆمان بین، ئێمە هەمیشە دەست بەو شتەوە دەگرین و زەمینەسازیی خۆمان دەهێڵینەوە.»

کەیت ئەلیزابێس وینسلێت دوای بڵاوبوونەوەی فیلمی تایتانیك لە ساڵی ١٩٩٧ناوبانگێکی جیهانیی بەدەست هێناوە.

کەیت ئەلیزابێس وینسلێت لە ٥ی تشرینی یەکەمی ١٩٧٥ لە شاری ڕیدینگ لە بێرکشایر لەدایك بووە و دوو خوشکی برایەکی هەیە، هەردوو خوشکەکەشی ئەکتەرن.



ڕەیان ئەشقی
یاریزانی یانەی گازی
باکوور:

**دەمەوێ گرنگی و پێویستی وەرزش فێری قوتابییەکانم بکەم و ڕێنیشاندەریان بم**

**سەنتەری پارێزگای هەولێر خاوەنی چەندین کچە یاریزانی بەتوانایە لە یاریی تۆپی پێدا، بۆیە یانەکانی دیکەی عێراقی چاویان لەسەر ئەم یاریزانانەی پارێزگای هەولێرە، کچە یاریزانە کوردەکان بەردەوام لە پێکهاتەی هەڵبژاردەی عێراقدا ژمارەیان زۆرن بە درێسی هەڵبژاردەی عێراقەوە، کچە کوردەکانی یانەکانی کوردستانیش بەردەوام لە هەوڵی زیاتر بەرەوپێشچوونی ئاستی خۆیانن بۆ ئەوەی لە خولەکانی عێراقی و کوردستانی بدرەوشێنەوە، یەکێك لەو کچە یاریزانانە «ڕەیان ئەشقی قادر»ـە، کە یەکێکە لە کچە یاریزانە بەتواناکانی یانەی گازی باکوور و خاوەنی چەندین ئەنجامی باشە لەگەڵ یانەکەی لەسەر ئاستی کوردستان و عێراق، ڕەیان لەدایکبووی ساڵی ١٩٩٩ی پارێزگای هەولێرە و بۆ هەریەك لە یانەکانی چۆمان و ئافرەتانی هەولێر و ڕواندز و زەورا و نەوتی شیمال و گاز، یارییکردوە، دەرچووی کۆلێژی پەروەردەی جەستەیی و زانستە وەرزشییەکانە، لە نزیکەوە ئەم دیمانەیەمان لەگەڵی ئەنجام دا.**

*** ئاستی یاریی تۆپی فوتساڵ چۆن دەبینی؟**

- لە ئاستی پێویستدا نییە و گرنگیی پێ نادرێت، بە بۆچوونی من هۆکارەکەشی ئەو بڕیارانەیە کە دەدرێن لەسەر چۆنیەتی بەشداریکردنی یانەکان، ساڵانەش تەنیا یەکجار خول دەکرێتەوە.

***ئەنجامدانی پاڵەوانیەتیی کەم تا چەند دەبێتە هۆکار بۆ ئەوەی ئاستی ئەم یارییە بەرەوپێش نەچێت؟**

- بە دڵنیاییەوە هۆکاری سەرەکیی بەرەوپێش نەچوون، نەکردنەوەی خول و پاڵەوانێتییەکانە، چونکە دروستبوون و دەرکەوتنی یاریزان پێویستی بە پاڵەوانیەتی و خول هەیە.

***پێت باشە چی بکرێت بۆ ئەوەی یاریی تۆپی فوتساڵی کچان بەرەوپێش بچێت؟**

- سەرەتا پێویستە لەلایەن یەکێتی تۆپی پێی کوردستانەوە لە هەردوو لایەنی ماددی و مە عنەوییەوە پاڵپشتییەکی باش بکرێن، پێویستە یانەکان خاوەن ئەکادیمیای خۆیان بن، چونکە یاریزانی باش هەیە، دڵنیام بە هەبوونی ئەکادیمیا زیاتر بەرەوپێش دەچن و دەرگایەکە بۆ زۆربوونی یاریزان لە م لایەنە .

***گرفتی یارییەکانی تۆپی فوتساڵ لە چیدا دەبینی؟**

- گرنگترینیان نەبوونی بودجەیەکی باشە لە لایەن هەموو یانەکانەوە.

***لە هیچ یانەیەك گرێبەستت پێشکەش کراوە؟**

- یاریم بۆ یانەکانی چۆمان، ئافرەتانی هەولێر، ڕواندز، زەورا، نەفتی شیمال کردووە.

***بەنیازی چیت بۆ داهاتووی خۆت وەکو کچە یاریزانێك؟**

- وەك یاریزان بەردەوام دەبم لە هەوڵدان و ڕاهێنان بۆ بەرەوپێشچوونی ئاستم، جگە لە پیشەی یاریزانی، مامۆستام، دەمەوێ گرنگی و پێویستی وەرزش فێری قوتابییەکانم بکە م و ڕێنیشاندەریان بم .

***لەگەڵ ئەوەی یانەکان پشت بە ڕاهێنەر و یاریزانی بیانی ببەستن؟**

- نەخێر، خۆمان چە ندین ڕاهێنەری خاوەن دەستکەوت و بەئەزموونمان هەیە، دیارترینیان مامۆستا مەزن، کە هیچی کەمتر نییە لە ڕاهێنەری بیانی و پاش ئەو هەموو دەسکە وتانەی کە بەدەستی هێناون بە شایستەی ڕاهێنەریکردنی هەڵبژاردەی عێراقیشە، وەك یاریزانیش یاریزانی بەتوانامان زۆرن تە نیا لە پاڵپشتییان کەمە.

***داواکاری و پێشنیارت بۆ لایەنی بەرپرسی وەرزش چییە؟**

- هیوادارم بڕیارە کانیان لە بەرژەوەندیی هەموو لایەن و یانەکان بێت و هەوڵی جددی بدەن بۆ بەرەوپێشچوونی یارییەکان و پشتگیریی کچان بکەن لە هەموو لایەنەکانەوە.

***خەونی وەرزشیت چییە وەکو یاریزانێك؟**

- خەونم ئەوەیە بگەم بە ئاستێك سوودم هەبێت بۆ وڵات و خێزان و دەوروبەرم.

***بەهیوای ئەوەنیت هەڵبژاردەی کوردستان دابمەزرێ و تۆش یەکێك بیت لە یاریزانانی هەڵبژاردەکە؟**

- هیوادارم ڕۆژێك لە ڕۆژان هەڵبژاردەی کوردستان دابمەزرێت و من یەکێك بم لە یاریزانەکانی.

***لە هەڵبژاردەی تۆپی فوتساڵ عێراق داواکراویت؟**

- تا ئیستا شانسی بەشداریکردنم نەبووە، بەڵام بۆ داهاتوو خودای گەورە یارمەتیدەر بێت، یەکێکە لە خەونەکانم.

***بە چ یاریزانێکی جیهانی سەرسامیت؟**

- مێسی و نیمار.

***یاریکردن لە هەڵبژاردی عێراق چ هەستێکت پێ دەبەخشێ؟**

- خەونی هەموو یاریزانێکە، بێگومان هە ستیکی زۆر خۆشە.

***سەرکەوتن لای تۆ چی دەگەینێت؟**

- سەرکەوتن بەرهەمی ڕەنج و ماندووبونە.

*** ئەگەر شتێکت ماوە لە کۆتاییدا؟**

- زۆر سوپاس بۆ گۆڤاری گوڵان کە پشتگیریی یایزانەکانی کوردستان دەکات، بە بێ جیاوازی.





# ڕۆدری
## باڵۆن دۆری بردەوە

**هەفتەی ڕابردوو خەڵاتەکانی باڵۆن دۆر بۆ ساڵی ٢٠٢٤ دیاریکران بۆ باشترینەکانی جیهان، ڕۆدری یاریزانی مانچستەر سیتی بە پێکانەوە لە هۆڵی ڕێوڕەسمەکە خەڵاتی باڵۆن دۆری بۆ یەکەمجار پێبەخشرا و یانەی ڕیال مەدرید بایکۆتی ڕێوڕەسمەکەی کرد.**

**سەرەڕای ئەوەی پێشبینی دەکرا ڤینسیۆس یاریزانی ڕیال مەدرید خەڵاتی باڵۆن دۆری ٢٠٢٤ وەربگرێت، بەڵام خەڵاتەکە پێشکەشی ڕۆدری کرا، کە نازناوی یۆرۆی ٢٠٢٤ـی لەگەڵ هەڵبژاردەی ئیسپانیا بەدەستهێنا جگە لەوەش نازناوی خولی ئینگلیزی لەگەڵ مانچستەر سیتی بردەوە.**

**وەکو نارەزاییەك لە دژی پێبەشبوونی ڤینسیۆس لە بردنەوەی باڵۆن دۆر تەواوی نوێنەرانی ڕیال مەدرید بایکۆتی ڕێوڕەسمی خەڵاتەکانی باڵۆن دۆریان کرد، تەنانەت کاتێك کارلۆ ئانچیلۆتی وەکو باشترین ڕاهێنەری ساڵ دیاریکرا هیچ نوێنەرێکی ڕیال مەدرید لەوێ ئامادە نەبوو بۆ ئەوەی خەڵاتەکە لە جیاتی ئانچیلۆتی وەربگرێت.**

### خەڵاتەکانی باڵۆن دۆر ٢٠٢٤

- ڕۆدری یاریزانی مانچستەر سیتی و هەڵبژاردەی ئیسپانیا بۆ یەکەمجار باڵۆن دۆری بردەوە
- ڤینسیۆس یاریزانی ڕیاڵ مەدرید و هەڵبژاردەی بەرازیل خەڵاتی دووەمی باشترین یاریزانی ساڵی ٢٠٢٤ دیاریکرا
- بێلینگهام یاریزانی ڕیاڵ مەدرید و هەڵبژاردەی ئینگڵتەرە وەکو سێیەم باشترین یاریزانی ساڵی ٢٠٢٤ دەستنیشان کرا.
- ئێرلینگ هالاند یاریزانی یانەی مانچستەر سیتی و هەڵبژاردەی نەرویج وەکو چوارەم باشترین یاریزانی جیهان دیاریکرا.
- ڕیال مەدرید بووە باشترین یانەی ساڵی ٢٠٢٤
- ئیتاڵی کارلۆ ئانچیلۆتی ڕاهێنەری ڕیال مەدرید بە باشترین ڕاهێنەری ساڵی ٢٠٢٤ دیاریکرا.
- هێرمۆسۆ خانمە یاریزانی ئیسپانیا خەڵاتی سۆکراتی بۆ کاری مرۆیی پێبەخشرا
- خانمانی یانەی بەرشلۆنە بە باشترین تیپی ساڵی ٢٠٢٤ دیاریکرا.
- لامین یامال یاریزانی یانەی بەرشلۆنە و هەڵبژاردەی ئیسپانیا بە باشترین یاریزانی لاوی ٢٠٢٤ دیاریکرا.
- هاری کەین یاریزانی یانەی بایرن میونیخ و هەڵبژاردەی ئینگڵتەرە و کلیان ئێمباپێ یاریزانی ڕیال مەدرید و هەڵبژاردەی فەرەنسا بە باشترین گۆڵکاری ساڵی ٢٠٢٤ دیاریکران.
- ئیمیلیانۆ مارتینێز گۆڵپارێزی ئەستۆن ڤێلا و هەڵبژاردەی ئەرژەنتین بە باشترین گۆڵپارێزی ساڵ دیاریکرا.
- ئایتانا بۆنماتی یاریزانی بەرشلۆنە بە باشترین خانمە یاریزانی ٢٠٢٤ دیاریکرا.

### نوێنەرەکەی عێراق دەنگی بە کێ داوە؟

دەنگەکانی سامی عەبدولئیمام ڕۆژنامەنووسی عێراقی بۆ باڵۆن دۆری ٢٠٢٤ ئاشکرابوو.

سامی عەبدولئیمام ڕۆژنامەنووس ساڵانێکی زۆرە وەکو نوێنەری عێراق بەشداریی دەنگدانی گۆڤاری فرانس فوتبۆڵ دەکات بۆ خەڵاتەکانی باڵۆن دۆر، بۆ ئەمساڵ دەنگی یەکەمی بۆ باشترین یاریزانی جیهان لەسەر ئاستی پیاوان بۆ ڕۆدری یاریزانی ئیسپانی بووە، کە خەڵاتەکەی بردەوە و بۆ باشترین ڕاهێنەری پیاوان دەنگی بە کارلۆ ئەنچیلۆتی ڕاهێنەری ڕیال مەدرید داوە و بۆ خەڵاتی کۆپا تایبەت بە باشترین یاریزانی لاو دەنگی بە لامین یامال داوە، کە هەردووکیان خەڵاتەکانیان بەدەستهێنا.

ڕۆژنامەنووسی وڵاتانی باشترین ١٠٠ هەڵبژاردەی جیهان بەگوێرەی ڕیزبەندی فیفا مافی دەنگدانیان بۆ یەکلاکردنەوەی خەڵاتەکانی باڵۆن دۆر هەیە، ئێستا عێراق لە پلەی ٥٦ـی ڕیزبەندی باشترین هەڵبژاردەکانی جیهان دێت، بۆیە مافی دەنگدانی هەبوو.



Asian Football Confederation




# باشترینەکانی ئاسیا دەستنیشانکران

هەفتەی ڕابردوو لە ئاهەنگی ساڵانەی خەڵاتەکانی یەکێتی تۆپی پێی ئاسیا، کە لە سیئۆلی پایتەختی کۆریای باشوور بەڕێوەچوو باشترینەکانی ئاسیا دیاریکران.

ئەکرەم عەفیف، هێرشبەری قەتەری و یانەی سەد بۆ دووەمجار لە ژیانی وەرزشیدا خەڵاتی باشترین یاریزانی ئاسیای بەدەستهێنا.

ئەم خەڵاتە دووەم خەڵاتە بۆ عەفیف لە دوای ساڵی ٢٠١٩، کاتێک بۆ یەکەمجار خەڵاتەکەی بردەوە، کە کاریگەری لەسەر ئەنجامی هەڵبژاردەی قەتەر هەبوو بوونە پاڵەوانی جامی نەتەوەکانی ئاسیا.

عەفیف تەمەن ٢٧ ساڵ بووە سێیەم یاریزان، کە دووجار خەڵاتەکەی بەدەستهێناوە دوای هیدێتۆشی ناکاتای ژاپۆنی (١٩٩٧، ١٩٩٨) و سێرڤەری ئۆزبەکستانی لە ساڵانی (٢٠٠٨، ٢٠١١).

لە درێژەی مەراسیمەکەدا سۆن هیونگ مین ئەستێرەی تۆتنهام و هەڵبژاردەی کۆریای باشوور بۆ چوارەم جار خەڵاتی باشترین یاریزانی پیشەگەری لە دەرەوەی کیشوەرەی ئاسیا بەدەستهێنا.

هیچ یاریزانێکی دیکە لە جارێک زیاتر خەڵاتەکەی بەدەست نەهێناوە جگە لە سۆن، کە لە ساڵانی ٢٠١٥ و ٢٠١٧ و ٢٠١٩ و ٢٠٢٣ خەڵاتەکەی بردووتەوە.

ماڵپەڕی فەرمی یەکێتی تۆپی پێی ئاسیا بڵاویکردەوە، هێرشبەرە کۆرییەکە بووە شەشەم یاریزان، کە لە مانگی ئەیلولی ساڵی ڕابردوودا توانیویەتی ١٥٠ گۆڵ لەگەڵ تۆتێنهام تۆمار بکات.

یەکێتی تۆپی پێی سعودیە خەڵاتی سەرۆکی یەکێتی تۆپی پێی ئاسیای پێدرا، کە وڵاتەکە ڕۆڵێکی گرنگی هەبووە لەبەرەو پێشچوونی تۆپی پێی ئاسیا و کاریگەری لەسەر پەرەپێدانی تۆپی پێ کیشوەرەکە هەبووە.

ماڵپەڕی فەرمیی یەکێتی تۆپی پێی ئاسیا ڕایگەیاندووە، یەکێتی تۆپی پێی سعودیە بۆ ئەمساڵ شایستەی ئەو خەڵاتە بووە، بەهۆی ڕۆڵی گرنگی لە پاڵپشتیکردنی خێزانی تۆپی پێی ئاسیا.



هەریەکە لە یویچی هاتانۆ و عەبدوڵلا ساڵحی و ئیبراهیم یوسف خەڵاتی تایبەتی ناوبژیوانانی ئاسیایان پێبەخشرا ئەمەش بەهۆی ئەو ئاستە بەرزەی لە بەڕێوەبردنی یارییەکان نیشانیانداوە.

گۆ ئیوای ژاپۆنی ڕاهێنەری هەڵبژاردەی ژێر ٢٣ ساڵانی ژاپۆن، خەڵاتی باشترین ڕاهێنەری ئاسیای بۆ ساڵی ٢٠٢٣ بەدەستهێنا.

ئیوا سەرکردایەتی وڵاتەکەی کرد بۆ بردنەوەی جامی ئاسیای خوار ٢٣ ساڵان و لە یاریی کۆتاییدا بە گۆڵێکی بێ وەڵام لە ئۆزبەکستانی بردەوە.

**خەڵاتەکان بەمشێوەیە بوو:**

- جیانی ئینفانتینۆ سەرۆکی یەکێتی تۆپی پێی جیهانی خەڵاتی ئەڵماسی بردەوە.
- یەکێتی تۆپی پێی قەتەر خەڵاتی ڕێزلێنانی یەکێتی تۆپی پێی ئاسیای بردەوە.
- یەکێتی تۆپی پێی سعودیە خەڵاتی سەرۆکی یەکێتی تۆپی پێی ئاسیا بەدەستهێنا.
- یەکێتی تۆپی پێی ژاپۆن خەڵاتی پلاتینیۆمی باشترین یەکێتی تۆپی پێی بەدەستهینا.
- یەکێتی تۆپی پێی تایلاند خەڵاتی ئەڵماسی باشترین یەکێتی تۆپی پێی بەدەستهینا.
- یەکێتی تۆپی پێی نیپاڵ خەڵاتی زێڕینی باشترین یەکێتی تۆپی پێی بەدەستهینا.
- یەکێتی تۆپی پێی لاوس خەڵاتی یاقوت باشترین یەکێتی تۆپی پێی بەدەستهینا.
- یەکێتی ناوەڕاستی ئاسیا خەڵاتی باشترین یەکێتی هەرێمی بەدەستهێنا.
- پارک یون جونگ ڕاهێنەری هەڵبژاردەی کۆریا خوار ٢٠ ساڵ خەڵاتی باشترین ڕاهێنەری ئافرەت بەدەستهێنا.
- گۆ ئۆیۆ ڕاهێنەری هەڵبژاردەی ژاپۆن خوار ٢٣ ساڵ خەڵاتی باشترین ڕاهێنەری پیاوان وەرگرت.
- یاریزانی هەڵبژاردەی ئێران سەعید ئەحمەد عەباسی بەباشترین یاریزانی فۆتساڵ دەستنیشانکرا.
- کیکۆ سیکی یاریزانی هەردوو یانەی ئۆراوە رید دایمۆندز ژاپۆنی و یانەی برایتۆن ئینگلیزی و هەڵبژاردەی ژاپۆنی بەباشترین کچە یاریزان دەستنیشانکرا.
- ئەکرەم عەفیف یاریزانی یانەی سەد و هەڵبژاردەی قەتەر بە باشترین یاریزان دەستنیشانکرا.
- کچە یاریزانی ئوسترالی و یانەی لیۆن ئیلی کاربنتر بە باشترین کچە یاریزانی پیشەگەر لە دەرەوەی کیشوەری ئاسیا دەستنیشانکرا.
- یاریزانی سۆن هیۆنگ مین یاریزانی یانەی تۆتنهام و هەڵبژاردەی کۆریا بەباشترین یاریزانی پیشەگەر لە دەرەوەی کیشوەری ئاسیا دەستنیشانکرا.
- تشای ئون یونگ کچە یاریزانی هەڵبژاردەی کۆریای باکوور بە باشترین کچە یاریزانی لاو دەستنیشانکرا.
- عباسبێک فایزوڵلاییف یاریزانی یانەی سیسکا مۆسکۆ و هەڵبژاردەی ئۆزباکستان بەباشترین یاریزانی لاو دەستنیشانکرا.
- هەر سێ ناوبژیوان یۆتچی هاتانۆ (ژاپۆن) و ترکی عەبدوڵلا ساڵحی (سعودیە) و ئیبراهیم یوسف رەئیسی (ئیمارات) خەلاتی باشترین ناوبژیوانیان بەدەستهێنا.







# گرنگیی هاوسەنگی ئاستی شەکری خوێن پاش خواردن

ئاستی شەکری خوێن پاش خواردن Post-prandial glucose بەگشتی پێویستە کەمتر بێت لە ١٤٠ ملگم/دێسیلیتری خوێن کە بە ئاسایی دادەنرێت، ئەگەرچی لەگەڵ تەمەندا کەمێك جیاوازیی دەبێت، هەروەها ئاستی ٢٠٠ ملگم/دێسیلیتر یان بەرزتر واتە بوونی نەخۆشی شەکرە. ئاستی شەکری خوێن پاش خواردن بریتییە لەو ئاستەی شەکر کە پاش یەك کاتژمێر لە خواردن دەگاتە لووتکە، هەروەها لە ماوەی دوو کاتژمێری پاش خواردن بۆ ئاستی ئاساییی پێش خواردن دادەبەزێت. گرنگیی پشکنینی ئاستی شەکری خوێن دوو کاتژمێر پاش ژەمی خواردن: دەستنیشانکردنی حاڵەتی پێش نەخۆشیی شەکرە، نەخۆشیی شەکرەی جۆری دوو، هەروەها نەخۆشیی شەکرەی دووگیانی Gestational diabetes. زۆر پێویستە کە ئەم پشکنینە ئەنجام بدرێت لەکاتی بوونی ئەم نیشانانەی خوارەوە: زیاد تێنووبوون، لێڵبوونی بینین، هەستکردنی درێژخایەن بە ماندووبوون، زیاد میزکردن، دواکەوتنی چاکبوونەوەی برین، لەگەڵ زیاد تووشبوون بە هەوکردنە میکرۆبییەکان.

# قەڵەوی لە منداڵدا



قەڵەوی لە منداڵدا هاوشێوەی گەورەکان حاڵەتێکی درێژخایەنە و ئەگەری گەلێك ئاڵۆزیی تەندروستی بەرزدەکاتەوە. هۆکارەکانی قەڵەوی لە منداڵدا: بۆماوە، گرفتە هۆرمۆنییەکان بەتایبەتی سستبوونی گلاندی دەرەقی، گرفتی دەروونی وەکو پەستی یان خەمۆکی، زیانی لابەلای چەند دەرمانێك وەکو ستیریدەکان Steroids و دەرمانی دژەپەرکەم کە ئارەزووی خواردن زیاد دەکەن، زیاد خواردن کە پتر بێت لە پێویستیی لەش بۆ گەشە و چالاکیی ڕۆژانە کە باوترین هۆکارە، بڕی زیادی کالۆری بە شێوەی چەوری لە چەورەخانەکاندا کۆ دەبێتەوە و ژمارەی ئەم خانانەش زیاد دەبێت. لەم چەند دەیەی دواییدا گۆڕان لە ستایلی ژیان و جۆرەکانی خۆراکدا بوونەتە هاندەر بۆ قەڵەوی لە منداڵاندا، بۆنموونە خۆراکی خێرا یان ئەو خۆراکانەی کە ڕێژەیەکی بەرزی چەوری و شەکر لەخۆدەگرن، شلەمەنییە گازدار و شیرینکراوەکان هاوکات لەگەڵ کەمیی جووڵە یان مەشقی وەرزشی، بەتایبەتی زیاد دانیشتن بەرانبەر تەلەڤزیۆن یان یارییە ئەلیکترۆنییەکان.

# نیشانە جەستەییەکانی خەمۆکی



خەمۆکی Depression بریتییە لە هەستکردنی بەردەوام بە دڵتەنگی و بێزاری، نەمانی ئارەزوو بۆ چالاکییە ئاساییەکان، هەستکردن بە تاوان Guilt، هەروەها هەستکردن بە نائومێدی و شکست و بێ بەهایی. جگە لەم نیشانانە، خەمۆکی هۆکارە بۆ کۆمەڵێك نیشانەی جەستەیی وەکو: گرفتەکانی خەو بە شێوەی گرفت لە چوونە خەو یان بەردەوامیی خەو یان زیاد نووستن، ئازاری سینگ، ئازار یان نارەحەتیی گەدە، کەمبوونەوەی ئاستی وزەی لەش و هەستکردن بە ماندووبوون سەرەڕای حەسانەوە و نووستن بۆ ماوەیەکی باش، ئازار لە ماسوولکە و جومگەکاندا، شەقەسەر کە ڕێژەی تووشبوون تا سێ هێندە زیاد دەبێت، گۆڕان لە ئارەزووی خواردن بە شێوەی زیادبوون یان کەمبوونەوەی ئارەزووی خواردن، زیادبوون یان کەمبوونەوەی کێشی لەش، ئازاری توندی مل یان پشت، دوورکەوتنەوە لە مەشقی وەرزشی، هەروەها گرفتەکانی کۆئەندامی هەرس بە شێوەی سك ئێشە، هێڵنج، بەدهەرسی، سکچوون یان قەبزی.



# ڤاكسینی ئەنفلوەنزا ساڵانە پێویست دەكات

لەگەڵ نزیكبوونەوەی وەرزی ئەنفلوەنزا كە لە مانگی تشرینی یەكەمەوە دەست پێدەكات، وەرگرتنی ڤاكسینی ئەنفلوەنزا Flu shot لەكاتی گونجاودا سوودی زۆری هەیە بۆ خۆپاراستن لە مەترسیی ئەنفلوەنزا. بۆچی ڤاكسینی ئەنفلوەنزا ساڵانە پێویستە؟ جۆرەكانی ڤایرۆسی ئەنفلوەنزا هەموو ساڵێك گۆڕانیان بەسەردا دێت، ڤاكسینەكەش بۆ ئەم جۆرە گۆڕاوانە ساڵانە ئامادە دەكرێت، هەروەها بەرگریی لەش بۆ ڤایرۆسی ئەنفلوەنزا بە تێپەڕبوونی كات كەم دەبێتەوە، بۆیە ڤاكسینی ئەنفلوەنزا ساڵانە پێویست دەكات. ڤاكسینی ئەنفلوەنزا ساڵانە پێویستە بۆ هەموو كەسێك پاش تەمەنی شەش مانگی، بەڵام بۆ هەندێك كەس زیاتر پێویستە چونكە لەكاتی تووشبوون بە ئەنفلوەنزادا ڕووبەڕووی ئاڵۆزیی سەخت دەبنەوە، بۆنموونە: كەسانی تەمەن ٦٥ ساڵ و بەسەرەوە، تووشبووانی ڕەبوو، نەخۆشیی دڵ، نەخۆشیی شەكرە، نەخۆشیی گورچیلە، ئافرەتی دووگیان، منداڵ لە تەمەنی شەش مانگ تا پێنج ساڵ، لەگەڵ ئەوانەی بەرگریی لەشیان لاوازە لەبەر هۆكاری جیاواز. مانگی ئەیلول و تشرینی یەكەم باشترین كاتن بۆ وەگرتنی ڤاكسینی ئەنفلوەنزا.



# ئایا ئامێری دوکەڵ لە بۆنە و ئاهەنگەکاندا زیانی تەندروستیی هەیە؟

ئامێری دوکەڵ Smoke Machine کە لە بۆنە و ئاهەنگەکاندا بەکار دێت، لە ڕاستیدا تەم Machine Fog یان دڵۆپی وردی ئاو Mist بە یەکەوە یان بە نۆرە پەرش و بڵاو دەکاتەوە. ئایا هەڵمژینی ئەم دوکەڵە یان تەم و دڵۆپە وردەی ئاو زیانبەخشە بۆ تەندروستی؟ ساڵی ٢٠١٥ ئاوێتەی دایئیتیل گلایکۆل Diethylene glycol لە ئامێرەکانی دوکەڵدا بەکار دەهێنرا کە هۆکار بوو بۆ گەلێك گرفتی کۆئەندامی هەناسە، بەڵام ئەمڕۆ ئاوێتەی پرۆپیلین گلایکۆل بەکار دێت، کە بە هەڵمژینی ڕێژەیەکی کەم هیچ زیانێکی تەندروستی نییە. جگە لەمانە گەلێك ئاوێتە یان گیراوەی دیکە هەن بۆ پەیداکردنی دوکەڵ یان تەم، کە ماددەی کیمیایی جۆراوجۆر لەخۆدەگرن، بەڵام هێشتا لێکۆڵینەوەکان لەسەر ئەم ماددانە بەردەوامن. هەروەها ئەو ئامێرانەی کە تەنیا دڵۆپی وردی ئاو بە هەوادا بڵاو دەکەنەوە Mist generators مەترسییان بۆ تەندروستی نییە. سەرچاوەی دیکەش هەن کە ئاماژەیان بەوە کردووە کە ئەو تەمەی لە شانۆکاندا Theatrical fog بەکار دێت، هۆکارە بۆ سووتانەوەی لووت و ڕێڕەوەکانی هەناسە.

# هۆکارەکانی کەمبوونەوەی تەرکیز

کەمبوونەوەی توانای تەرکیزکردن Concen-tration لە ئەنجامی چەند گرفتێکی تەندروستیی پەیوەست بە ستایلی ژیانی ڕۆژانە ڕوو دەدات. هۆکارەکان: کەم خەوی یان خەوزڕان، سترێسی درێژخایەن کە لە ڕێگەی پەیداکردنی سەرئێشە و دڵەکوتێ و ئازاری ماسوولکەکان دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی تەرکیز، خەمۆکی کە یەکێك لە نیشانە باوەکانی بریتییە لە کەمبوونەوەی تەرکیز، نەخۆشیی گلاندی دەرەقی چونکە هۆرمۆنەکانی گلاندەکە گرنگن بۆ فرمانەکانی مێشك، پەستی، زیانی لابەلای هەندێك دەرمان وەکو دەرمانی دژەخەمۆکی، برسیبوون واتە کەمبوونەوەی خۆراك بۆ مێشك، ماندووبوون و هیلاکیی جەستەیی، بەدخۆراکی یان خۆراکی نا تەندروست، خواردنەوە ئەلکهولییەکان، زیاد بەکارهێنانی مۆبایل، زیاد خەریکبوون بە سۆشیال میدیا بەتایبەتی لەکاتی کار و پیشەدا، خەریکبوون یان ئەنجامدانی چەند کارێك بەیەکەوە Multitask-ing، بارگرانیی زیادی کار و پیشە Boredom، زەبر بۆ ناوچەی سەر یان تەکانی مێشك Con-cussion، هەروەها گرفتی زیادبوونی چالاکیی جەستەیی AHDH.






# هەلیکۆپتەری بچووک بۆ فیلم هەڵگرتنەوە

زۆربەتان ناوی درۆنتان بیستووە، بەتایبەتی لەو سەردەمەیدا کە هەواڵی گەرمی ڕۆژانە باسی شەڕ و بوردمان و درۆنە. درۆن جیا لەوەی بۆ شەڕ و کاولکاری بەکار دێت، بۆ کاری سینەمایی و فیلم هەڵگرتنەوە، چاودێری، گەیاندنی خێرا..تاد سوودی لێوەردەگیردرێت. ئەو درۆنانەی تایبەتن بە کاری خزمەتگوزاری قەبارەشیان جودا بێ، شێوەیان زۆر لەیەك دەچێت. کۆپتەری بچووکیش کە لە ڕێگای دوورەوە کۆنترۆڵ ئەویش وەك درۆنەکان سوودی لێوەردەگیردرێت، بەرهەم هاتوون. یەکێك لەو کۆپتەرانە جۆری C127 RC، قەوارەیەکی بچووکی هەیە و لە دوورەوە کۆنترۆڵ دەکرێت. شێوازی فرینی هەروەك هەلیکۆپتەرە. بۆ ئەرکی فیلم هەڵگرتنەوە بەکار دێت، کۆپتەرەکە خۆکار و زیرەکانە دوای سوڕەیەك جا مرۆڤ بێت یا گیاندار یا ئامرازێکی گواستنەوە دەکەوێت و فیلمی لێهەڵدەگرێتەوە. لە ئاست بای بەهێز خۆراگرە و ناکەوێتە خوار. کامێرایەکی بەهێزی لەسەر دانراوە فیلم و وێنە بە کوالیتی بەرزەوە دەگرێت. بۆ بۆنە و ئاهەنگەکان و گەشت و سەیران سوودی لێدەبینەدرێت. کێشی تەنیا ٤٠٠ گرامە.

# ئامێرێک تایبەت بە تۆمارکردنی ئاواز و گۆرانی

سیستەمێك تایبەت هەیە بە لە جیهانی مۆسیقا و گۆرانیدا کە بە سیستەمی ka-raoke ناسراوە. ئەم سیستەمە مێژوویەکی لەمێژینەی هەیە و بۆ یەکەمجار لە وڵاتی ژاپۆن سەری هەڵداوە خودی وشەکە ژاپۆنییە لە دوو وشەی (kara) و (Oke) پێکهاتووە. وشەی (kara) بەمانای شوێنی بەتاڵ و (Oke) بەمانای ئۆرکێستر دێت. کاری سیستەمەکە ئەوەیە بەکارهێنەر گوێ دەداتە گۆرانییەك و لەگەڵ ئەو بە مایك دەیڵێتەوە و بەپەرەسەندنی تەکنەلۆژیای نوێ ئامێری پێشکەوتوو بۆ ئەو سیستەمە بەرهەم هاتووە. ئامێری جۆری ١٠١ karaoke یەکێکە لەو ئامێرانە. لە تەبلێتێکی گەورە ١٥,٥ ئینجی پێکهاتووە، زیاتر لە چوارسەد هەزار گۆرانی بە هەموو زمانەکانی جیهانی تێدایە و دەکرێت زیاتریش بکرێت، لە یوتیوب موزیکەوەش دەتوانی گۆرانی وەربگری. هاردێکی ٨ ترابایتی هەیە و توانای تۆمارکردنی میلۆنان گۆرانی هەیە. دوو مایکی لەگەڵدایە و بەکارهێنەر دەتوانێت بەهۆی ئەو مایکانەوە گۆرانییەکانی لەگەڵ گۆرانییە ئەسڵیەکە بڵێتەوە.






# وێب کام و ژیریی دەستکرد




وێب کام (webcam) بەو کامێرایانەی دەگوترێت کە تایبەتن بە ژوورەکانی چات کردن یا وێبنارەکان یا هەر تۆڕێکی کۆمەڵایەتی کە پێویستی بە دەنگ و ڤیدیۆ هەبێت. پێشوتر وێبکامەکان پارچەیەکی نەبەستراوە بە کۆمپیوتەر بوون، بەڵام لە کۆمپیوتەری لاپتۆپدا کامێرا بوو بەبەشێك لە کۆمپیوتەر.

بەرە بەرە جیهانی وێبکام پێشکەوت و کامێرای زۆر پێشکەوتوو لەو بوارەدا بەرهەم هاتن. وێب کامی جۆری Insta360 Link 2 یەکێکە لەو وێب کامانە لە ژیریی دەستکرد سوود وەردەگرێت و دەنگە دەنگی زیادە ناهێڵێت و لەگەڵ جوڵەی سەری بەکارهێنەر دەجووڵێت. شاشەکەی ١,٢ ئینجە. کامێراکە 4K و لە شوێنانەی رووناکی کەمیشیان هەیە بە باشی ڤیدیۆ بەرێ دەکات. بە مۆبایلیش پەیوەند دەدرێت. خاڵی بەرچاوی کامێراکە ئەوەیە دەکرێت وەك کامێرایەکی تاکەکەسیش بەکار بهێندرێت و فیلم و وێنەی پێبگیردرێت.




# وەرگێڕان بەهۆی ژیریی دەستکردەوە

بەدوای بەرفراوان بوونی ژیریی دەستکرد، وەرگێڕان لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی دیکە زۆر ئاسان دەبێت و بە جۆرێك هەموو کەس دەتوانێت بەبێ زمانی دیکە، مەبەستەکانی بۆ ئەو زمانە وەربگێڕێت یا پێچەوانەش. ئامێری جۆری VORMOR وەرگێڕێکی بە توانایە، دەتوانێت لە ١٤٤ زمانەوە لە حاڵەتی هەبوونی ئینتەرنێتدا وەربگێڕێت و بەبێ ئینتەرنێتیش واتە بە ئۆفلاین دەتوانێت ٢٠ زمان وەربگێڕێت. دوو شاشەی هەیە کە لە یەکتر جیا دەبنەوە و بەکارهێنەر دەتوانێت شاشەیان بدات بەو کەسەی نیازی هەیە قسەی لەگەڵ بکات. بۆ گەشت لە وڵاتاندا، یا سیمینار و کۆنفرانسە فرە زمانەکان سوودی لێوەربگیرێ، ٩٨٪وەك وەرگێڕانی مرۆیی دەچێت. هەر وێنەیەك یا نووسراوێك بەهۆی کامێراکەیەوە ببینێت دەتوانێت وەریبگێڕێت. بۆ چاتکردنی گروپێکی ٥٠٠ کەسی گونجاوە. سیستەمی وای-فای هەیە و بە کۆمپیوتەر و مۆبایل پەیوەند دەدرێ و هەموو ئەو وەرگێڕانەش دەکاتە فایلێکی دەنگ و هەروەها دەق. بەکارهێنەر بەبێ ئەوەی خۆی ماندوو بکات جارێکی دیکە دەنگەکە بکاتەوە دەق خۆی خۆکار دەیکاتە فایلێکی دەق.



# کامێرای دەشبۆرد لە شەو و ڕۆژدا

لە سەردەمی تەکنەلۆژیای نوێدا، کامێرا هەر لە چوارچێوەی وێنەگرتندا نەمایەوە، بەڵکو کامێرای چاودێری، کامێرای زەنگی دەرگا و کامێرای ئۆتۆمبیلیش هاتنە ناو جیهانی تەکنەلۆژیای نوێوە.

وشەی Dash com واتە کامێرای تایبەت بە دەشبۆردی ئۆتۆمبیل وشەیەکی زۆر لەمێژ نییە، بەو کامێرایانە دەگوترێت کە لەسەر دەشبۆرد دادەنرێن و مەودای ڕۆیشتن تۆمار دەکەن و لەکاتی دروستبوونی مەترسی و پێکدادانـدا ڕووداوەکان وەك خۆی تۆمار دەکەن.

کامێرای جۆری Azacvb-WMY کامێراکەیەکی دەشبۆردە بە کوالیتی 4K وێنە و فیلم دەگرێت. کامێراکە ٦ ئاوێنەی هەیە و لە هەموو لایەکەوە وێنەدەگرێت. لێنزێکی پشتەوەی هەیە بۆ وێنەگرتنی ژوورەوە. تایبەتمەندییەکی گرنگی کامێراکە ئەوەیە کە کامێرای دیتن لە شەویدا هەیە و دەکرێت لە تاریکە شەویشدا وێنە بگرێت. میمۆری ناو کامێراکە ٣٢ گیگابایتە و هەرکاتێکیش تەواو پڕ بوو، خۆکار ئەو بەشەی لەسەرەتادا تۆماری کردووە دەیسڕێتەوە. لە ئاست گەرما و سەرمادا کێشەی نییە و بەتەڕبوونیش تێکناچێت.



## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

**خوێنەرێکی بەڕێز دەپرسێت چ بکەم مۆبایلەکەم گەرم دانەیت؟**

خوێنەری بەڕێز بۆ ئەوەی کە مۆبایلەکەت گەرم نەکات وا باشە لە حاڵەتی هێمای (فڕۆکە) دایبنێی. یەکێکی دیکە لە هۆکارەکانی گەرمداهاتنی مۆبایل هەر ئەو کەڤەرەیە کەلەسەر مۆبایل دادەنرێت، وا باشە لەکاتی گەرمداهاتنیدا ئەو کەڤەرە لابەریت. ئاگادار بە کامێرای مۆبایل نەکرابێتەوە چونکە کرانەوەی کامێرای مۆبایل هۆکارێکی سەرەکییە بۆ گەرمداهاتنی مۆبایل. هەمیشە پرۆگرامەکان نوێ بکەوە و بەرۆژیان رابگرە. لەو کاتەدا کە مۆبایل شەحن دەبێتەوە پێویست ناکات لە کاتی شەحندا سەیری مۆبایل بکەی، چونکە بارگاوی بوون و باتری بەتاڵ کردن دەبێتە هۆی گەرم بوون.

# ئەنگوستیلەی زیرەکیی دەستکرد کاری وەرگێڕان دەکات

رۆژێك دادێت هەموو ئەو ئامرازانەی ڕۆژانە سوودی لێوەردەگرین پشتیوانی لە ژیری دەستکرد بکەن، بۆ نموونە ئەڵقەی ژیریی دەستکردی L-ring 2 کە لەم ماوەیەدا بەرهەم هاتووە. ئەڵقەکە کاری وەرگێڕان و گۆڕینی دەنگ بە دەق و کۆنترۆڵ کردنی ئامێرەکانی وەك مۆبایل و تیڤی و تەلەڤزیۆن و کۆمپیوتەر دەکات. وەك ماموسێکی کۆمپیوتەر کاری پێدەکرێت و دەتوانێت ١٦ جوڵەی تایبەت ئەنجام بدات. بۆ نیشاندانی سلایدەکان لە کۆڕ و سیمینارەکاندا سوودی لێوەردەگیردرێت. دەنگ تۆمار دەکات و ئەرکی وەرگێڕان دەکات، تەنانەت بەبێ هێڵی ئینتەرنێتیش پشتیوانی لە ٢٠ زمان دەکات. لەگەڵ ژیریی دەستکردی ChatGPT پەیوەند دەدرێت و لە دەقێکدا دەتوانێت کاکڵە سەرەکییەکە هەڵبژێرێت.






# داتاشۆیەکی بە کوالیتی 4K نمایش دەکا

کۆمپانیای چینی «دانگبی» نوێترین داتاشۆی خۆی بەناوی F7 خستەڕوو. داتاشۆیەکی زۆری تایبەتە و یەکەم داتاشۆیە بە کوالیتی 4K نمایش بکات. پرۆژەکتەری نابراو بە سوود وەرگرتن لە تەکنەلۆژیای سێ ڕەنگ، بەهێزترین کوالیتی نیشان دەدات. ٣٦٠٠ لۆمێنی هەیە هەربۆیە لە شوێنە زۆر ڕووناکەکانیشدا نیشان دەدات. پرۆژکتەری ناوبراو تیشکی شین کەم دەکاتەوە و وا دەکات بەکارهێنەر چەندین کاتژمێر سەیری فیلم بکات بەبێ ئەوەی چاوەکانی تووشی کێشەی تەندروستی ببن. سیستەمێکی بەگەڕخەریکی ژیری دەستکردی هەیە و ڕامەکەی ٤ گیگابایتە و میمۆرییەکەی ٦٤ گیگایە. لەگەڵ مۆبایل و تیڤیش پەیوەند دەدرێت. ڕاستەوخۆ لەگەڵ ئینتەرنێت پەیوەند دەدرێت و سیستەمی وەرگرتنی ئینتەرنێتی خێرای هەیە.



## ماڵپەڕێک تایبەت بە ژینگە و سروشت

لە جیهانی مەجازیدا بە هەزاران ماڵپەڕ هەن تایبەتن بە سروشت و ژینگەی زەوی، هەرکام زانیاری گرنگیان تایبەت بە ژیانی سەر زەوی تێدایە. یەکێك لە ماڵپەڕە پڕ زانیاری و ناسراوەکان، ماڵپەڕی www.earth.com ە. ماڵپەڕێك پڕ لە زانیاری گرنگ تایبەت بە ژینگە و سروشت. لە ماڵپەڕەکەدا بە هەزاران فیلمی تایبەت بە ژینگە و سروشتی گیاندارانی سەر زەوی تێدایە. نوێترین هەواڵەکانی تێدایە. لەبارەی زەریاکان، ژیانی گیانداران.. دەتوانی لە هەر بەشێك لە گۆی زەوی بەدوادا گەڕان بکەی و باسی ژیان و ژینگەی ئەو شوێنە دەکات، وەك چ گیاندارێك لەوێ دەژی، ژینگەکەی چۆنە. تەنانەت بەشێکی تێدایە دەتوانی گەشتی مەجازی بۆ هەر بەشێك لە جیهاندا بکەی.

## پرۆگرامێکی تایبەت بە ڕێکخستنی ئایکۆنەکان

زۆر جاران لەسەر کۆمپیوتەرەکەتاندا بە سەدان ئایکۆن هەیە و سەر کۆمپیوتەر بەرادەیەك قەرەباڵغە و بە زۆری پێدەچێ تا فایلی مەبەستی خۆت ببینیەوە. گەلێك پرۆگرام هەن بۆ ڕێکخستنی سەر دیسکتۆپ و ڕێککردنی ئایکۆنەکان. کاتێك سەر دیسکتۆپ بەمجۆرەی لێدێ، بەکارهێنەر توانای کارکردنیشی کەم دەبێتەوە. یەکێك لەو پرۆگرامە ناسراوانەی ئەم بوارە، پرۆگرامی Stardock Fencesە. پرۆگرامێکە پێویست دەکات هەموو کۆمپیوتەرێك لەسەری بێت. بەهۆی ئەو پرۆگرامەوە دەتوانرێت سەر دیسکتۆپەکەت هەمیشە ڕێك بێت. دەتوانیت ڕیزبەندی ئایکۆنەکان بکەی،. دەتوانرێت ئایکۆنەکان بەشێوەی گوڵ، کاتژمێر لێیان بکەی و جوڵە بکەن. هەروەها ڕەنگی ئایکۆنەکان و ڕووناکی پشت ئایکۆنەکان دەگۆڕدرێن. دەکرێ ئایفۆنەکان چ بە شێوەی کۆ بێت یا تاك بشارییەوە. پرۆگرامی ناوبراو لەگەڵ گشت سیستەمەکان دەگونجێت و قەبارەیەکی کەمی هەیە.







# پاککردنەوەی پێڵاوی چەرم بە هەنگاوی ورد



پێڵاوی چەرم بۆ ئافرەتان و پیاوان گونجاوە، بەڵام پاککردنەوەی پێڵاوی چەرم پێویستی بە پەیڕەوکردنی کۆمەڵێك هەنگاوی تایبەت هەیە، بۆ ئەوەی کاتێك دەچیتە دەرەوە، بە باشترین شێوە دەربکەویت.

١- ئەگەر پێڵاوەکەت چەرمی قەیتاندار بێت، پێویستە قەیتانەکانی دەربهێنرێت پێش پاککردنەوە، ئەمەش بە بەکارهێنانی فلْچەی پاککردنەوەی پێڵاو دەست پێدەکات بۆ لابردنی هەر پیسییەك یان پەڵەیەك کە لەسەر ڕووی چەرمی پێڵاوەکە بێت.

٢- خاولییەکی قوماش یان فلْچەی پێڵاوی نەرم بە گیراوەیەك کە پێك هاتووە لە ئاو و شلەی زاهی، تەڕ بکە، و بەکاری بهێنە بۆ سڕینەوەی ڕووی دەرەوەی پێڵاوەکان.

٣- لە بەرامبەر پەڵەی پێڵاوی چەرمدا پێویستە بە بەکارهێنانی فلْچەی تەڕ فشار بخرێتە سەریان، پێویستە پێڵاوەکان بە بەکارهێنانی خاولییەکی قوماشی وشك و خاوێن وشك بکرێتەوە.

دوای پاککردنەوەی پێڵاوەکان باشترە پۆلیشی یان سبووغ بکرێت، بەڵام زۆر پێویستە لەسەر شوێنێکی نادیاری چەرمی پێڵاوەکان تاقی بکرێتەوە، بۆ ئەوەی دڵنیا بین لەوەی کە بەرهەمەکە نابێتە هۆی گۆڕینی ڕەنگی پێڵاوەکە.

# هەندێک پێکهاتەی کاریگەر بۆ گرنگیدان بە ئوتووی هەڵمی

ئامێرەکان جار جار پێویستیان بە پاککردنەوە هەیە بۆ ئەوەی توانای کارکردنیان بپارێزرێت، لە خوارەوە کۆمەڵێك هەنگاوی یارمەتیدەر لەم چوارچێوەیەدا دەخەینە ڕوو، بەهیوای سوودوەرگرتن.

سۆدەی نان: هەویرێك بۆ پاککردنەوەی بنی ئوتووەکە دروست بکە، کە پێك دێت لە دوو کەوچك سۆدەی نان و کەوچکێك ئاو، هەردوو پێکهاتەکە تێکەڵ بکە، پاشان بنی ئوتووەکەی پێ خاوێن بکەرەوە، بەڵام ئاگاداربە هەویرەکە نەچێتە ناو کونی هەڵمی ئوتووەکە، دوای ئەوە بە باشی بیسڕەوە.

خوێ: پەڕەی ڕۆژنامەیەك لەسەر تەختەی ئوتوکردنەکە بڵاو بکەرەوە، خوێی لەسەر بپرژێنە، ئوتووەکە بە زۆرترین گەرمی بەسەر کاغەزەکەدا تێپەڕێنە، بەجۆرێك کە بنی ئوتووەکە بە باشی پاك بکاتەوە، پاشان بە خاولییەکی تەڕ بیسڕەوە بۆ ئەوەی خاوێن بێتەوە.

سرکە: تانکیی ئاوی ئوتووەکە پڕ بکە لە تێکەڵەیەك لە بەشە یەکسانەکانی سرکەی سپی و ئاو، بنی ئوتووەکە بەسەر خاولییەك یان پارچە قوماشێکی لۆکەدا بهێنە لە کاتێکدا تایبەتمەندیی هەڵم بەکار دەهێنیت، چونکە بەم شێوەیە کونەکانی هەڵمی ئوتووەکە پاك دەکاتەوە.






# هەڵبژاردنی ڕەنگی گونجاو بۆ سێبەری چاو

هەڵبژاردنی ڕەنگی گونجاوی سێبەری چاو دەتوانێت کلیلی بەدەستهێنانی دیمەنێکی نایاب و جیاواز بێت، لەگەڵ تایبەتمەندییە سرووشتییەکان و ئەو بۆنەیەدا دەگونجێت کە ماکیاژەکەی بۆ هەڵدەبژێریت.

**ڕەنگی پێستت دیاری بکە**

پێستی گەرم: زیاتر ڕەنگی ژێر زێڕین یان زەردی هەیە، ئەگەر ڕەنگی پێستت گەرم بوو، ئەو ڕەنگانەی کە لەگەڵتدا دەگونجێت بریتین لە ڕەنگی گەرمی وەك پرتەقاڵی، سوور، قاوەیی، ڕەنگی خاکی و ڕەنگی گەشاوەی وەك برۆنزی.

پێستی کاڵ: زیاتر ڕەنگی ژێرەوەی شین یان پەمەیی هەیە. ئەگەر پێستت کاڵ بوو، ئەو ڕەنگانەی کە لەگەڵ تۆدا دەگونجێت بریتین لە ڕەنگی فێنك وەك شین و بەنەوشەیی و خۆڵەمێشی و ڕەنگی گەشاوەی وەك زیو.

**ڕەنگی قژت لەبەرچاو بگرە**

قژی تۆخ: بە ڕەنگی دەوڵەمەند و قووڵ وەکو ڕەش، قاوەیی تۆخ، ڕەنگی خاکی جوانیی خۆت دەربخە، هەروەها ڕەنگی تۆخ تاقی بکەرەوە وەکو سەوزی زەیتونی، شینی تۆخ، وەنەوشەیی.

قژی کاڵ: ڕەنگە سووك و گەرمەکانی وەك زێڕین و برۆنزی و پەمەیی و بێجی بەباشی لەگەڵ قژی کاڵدا تێکەڵ دەبن. ڕەنگە زیندووەکانی وەك: شینی ئاسمانی، سەوزی نەعنایی دەتوانێت جیاواز بێت.

**ئامادەکردنی: شیلان عەلی**



# کۆڵانە ڕەنگاوڕەنگەکانی ئاکرێ ڕەنگین و سەرنجڕاکێشن







ئاکرێ شارۆچکەیەکی باشووری کوردستانە و سەر بە پارێزگای دهۆکە، ٩٥ کم لە شاری مووسڵەوە دوورە و دەکەوێتە ١٢٠ کم باشووری ڕۆژهەڵاتی پارێزگای دهۆکەوە، لە نێوان سێ چیادایە، خانووەکانی لەسەر یەك بە داوێنی شاخەکاندا هەڵچوون، ئەمە دیمەنێکی جوان و سەرنجڕاکێشی بە شارەکە بەخشیوە، ئەم شارە لە ساڵی (١٨٧٧ ز) بووە بە ناوەندی قەزا.

ئاکرێ پێشتر سەر بە پارێزگای نەینەوا بوو تاوەکو ڕاپەڕینی ئازاری ساڵی ١٩٩١، پاشان بە فەرمی بووە شارۆچکەیەکی سەر بە پارێزگای دهۆك و هەرێمی کوردستان، لە ئێستادا بەشێك لە کۆڵانەکانی ئەو شارۆچکەیە بە دیزاینی گوڵ و گوڵزار و ڕووناکی و مەرکانەی گوڵ و کەرەستە کۆن و کەلەپوورییەکان ڕازاونەتەوە، یەکێك لەو کۆڵانانە بە کۆڵانی میر ناسراوە، کە دەکەوێتە گەڕەکی چوستەیا لە ناوەندی شارۆچکەکە، بەهۆی بوونی خواردنگەیەك بە ناوی میر، هەر بۆیە کۆڵانەکەی بەردەم خواردنگەکە بەم شێوەیە ڕازاوەتەوە، جگە لەوەش چەندین کۆڵانی دیکە هاوشێوەی کۆڵانی میری ڕەنگاوڕەنگ، بە گوڵ و گوڵزار ڕەنگینن و ڕازاوە کراون.





# مزگەوتی نیوو جیە لە وڵاتی چین

ئەم مزگەوتە دەکەوێتە شاری پەکینی پایتەخت و کۆنترین و گەورەترین مزگەوتی شارەکەیە، کە لە سەردەمی دەسەڵاتی بنەماڵەی لیاوە لە ساڵی ٩٩٦ز، لە لایەنی کۆمکاری مسوڵمانانی شارەکە و لەسەر شێوازی تەلارسازی کۆنی چینییەکان بنیات نراوە، بە جۆرێك کە دیواری ناوەوەی مزگەوتەکە ئایەت و نەخش و نووسینی عەرەبیی لەسەر هەڵکۆڵدراوە. دوای ئەوەی کە لە ساڵی ١٢٢٥ز، سوپاکەی جەنگیزخان لە هێرشێکدا مزگەوتەکە وێران دەکەن، دووبارە مسوڵمانانی شارەکە لە سەردەمی دەسەڵاتی بنەماڵەی مینچە لە ساڵی ١٤٤٣ز نۆژەنی دەکەنەوە، دواتر لە سەردەمی بنەماڵەی چینگە لە ساڵی ١٦٩٦ز، مزگەوتەکە تەواو گەورە و فراوان دەکرێت و لە چواردەوریشی شوێنکار و دووکانی تایبەت بە خواردن و بەرهەمە حەڵاڵکراوەکانی تێدا دەکرێتەوە، کە تا ئێستەش بەردەوامن، هەر لە ناو ئەم مزگەوتەدا دەستنووسێکی کۆنی قورئانی پیرۆز پارێزراوە، کە تەمەنی زیاترە لە ٣٠٠ ساڵ دەبێت.



# قووتووی قەڵەمدانێکی ٧٠٠ ساڵە



هەڵگرتنی کەرەستە کۆن و مێژووییەکان وەك پاراستنی کلتوور و پاراستنی مێژوو دادەنرێت، هەروەها وەرگرتنی زانیاری لەسەر بیرۆکە و چۆنیەتی دروستکردنی ئەو کەرەستانە دەبنە مایەی سەرنج، وەك ئەم قووتووە کە بۆ هەڵگرتنی قەڵەم بەکار هێنراوە، قووتوویەکی قەڵەمدان کە لە سەردەمی خۆیدا بۆ هەڵگرتنی مەرەکەب و فڵچە و پێنووس و ڕاستە و کەرەستەی نووسین بەکار هاتووە، مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ٧٠٠ساڵ پێش ئێستا و لە شاری موسڵ درووست کراوە، لە ئێستاشدا لە مۆزەخانەیەکی وڵاتی بەرتانیا نمایش کراوە، ئەم پارچە شوێنەوارە ئیسلامییە شاکارێکی هونەریی جوانە و ئایەتێکی قورئانی لەسەر نەخشێندراوە.



# گۆڕی دەوڵەمەندەکانی ئەورووپا

نەکرۆپۆلیسی ڤارنا شوێنێکی کۆنی ناشتنە و دەکەوێتە شاری ڤارنا لە وڵاتی بولگاریا، مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی chalcolithic نزیك ساڵانی ٤٦٠٠-٤٢٠٠ی پێش زایین، ئەمەش وای کردووە ببێتە یەکێك لە کۆنترین و گرنگترین گۆڕستانەکانی پێش مێژوو لە ئەورووپا کە لە زیاتر لە ٣٠٠ گۆڕ پێك هاتووە، لە نێویاندا گۆڕی سەرنجڕاکێشی تێدایە، بە شێوازی پاشماوەی تەرمەکانیان کەسانی دەوڵەمەندی تێدایە. ناشتنەکان کلتوورێکی کۆمەڵایەتیی ئاڵۆز و گەشەسەندوو ئاشکرا دەکەن، لەگەڵ بوونی بڕێکی زۆری زێڕ و ئامێری مسین لە ناو تابووتی مردووەکاندا، ئەم شوێنەدا ٤٣ گۆڕی کەسی پلە بەرزی تێدابووە، کە پێدەچێت نێرینە بووبن. لە هەموویان سەرنجڕاکێشتر ئەم گۆڕەیە کە لە وێنەکەدایە، ئەوەی ئەم گۆڕە تایبەت و سەرنجڕاکێش دەکات، ئەو سامانە نائاساییەیە کە تێیدایە، لەگەڵ کاری دەستیی ئاڵۆز کە لە ناو گۆڕەکەدا، ناشتنەکە بە کۆمەڵێك شتومەکی زۆر بەنرخ ڕازاوەتەوە، لە نێویاندا زیاتر لە هەزار شوێنەواری زێڕین هەیە، ئەمەش وای کردووە ببێتە یەکێك لە دەوڵەمەندترین گۆڕەکانی پێش مێژوو کە تا ئێستا دۆزرابێتەوە.

# پردی پەڕینەوە لە داری خەیزەران



داری خەیزەران (خیزران) یان، دارێکە لە وڵاتانی ئاسیا دەڕوێت، بە تایبەتیش لە وڵاتی چین و کەمبوودیا، ئەو دارە زۆر بەهێز و پتەوە، بەڵام زۆر سووکە، بۆیە لە دروستکردنی خانوو و پردەکاندا بەکار دەهێندرێن، وەك نموونەی ئەم پردە لە داری حەیزەران دروست کراوە لە وڵاتی کەمبۆدیا، یەکێکە لە مەترسیدارترین پردە جیهانییەکان بە تەواوی لە ساقی بامبۆ (حەیزەران)) دروست کراوە و لەگەڵ ئەوەشدا دیزاین کراوە بۆ هەڵگرتنی ئۆتۆمبێل و هاتووچۆی پیادە، پردەکە زیاتر لە ٥٠ هەزار داری حەیزەران خۆ دەگرێت.

## کاریکاتێر



کاریکاتێرێك لەژێر ناونیشانی: جەنگەکان بە دەستی شاراوە بەڕێوە دەچن و سەربازەکان تەنیا پارچەیەکن لە یارییەکی هەرگیز کۆتایینەهاتوودا.

## دیمەنە سەیرەکان



**سمۆرە و داستانەکان**

دیمەنێك لە سمۆرە کە خواردنەکان هەڵدەگرێت، مەزەندە دەکرێت ملیۆنەها دار لە جیهاندا بە ڕێکەوت لەلایەن سمۆرەکانەوە ڕوابێت کە گوێزەکانیان ناشتووە و پاشان لەبیریان چووە لە کوێ شاردویانەتەوە.

## یاسا



**لە کاتی جیابوونەوەدا سەروەتی پیاو بۆ ئافرەت دەبێت؟**

ژن جگە لەو مافانەی یاسا بۆی داناوە کە بریتین لە «مارەیی پاشەکی، قەرەبووی تەڵاق، بژێوی، کرێی دایەنی، سێ ساڵ مافی نیشتەجێبوون» ناتوانێ هیچی دیکە لە مێردەکەی وەربگرێت، تەنانەت ئەگەر مێردەکەی دەوڵەمەندیش بێت، پیاوێکی هەژاریش بە هەمان شێوە هەموو مافەکانی ژنی دەکەوێتە سەر، بەڵام جیاوازییەکە ئەوەیە لەبەر هەژاری، یاسا وەك هاوکاری هەموو مافەکانی ژنەکەی بەسەریەکەوە لێ ناستێنێت و بۆی دەکاتە قست. تێبینی/ لە یاسادا ئەگەر پیاوێك زۆر دەوڵەمەندیش بێت، چەند خانوو و سیارەی هەبێت، بەس بەناوی خۆی نەبێت یاسا بە هەژار حیسابی دەکات، بەمەش خۆی دەدزێتەوە لە پێدانی مافەکانی ژن و منداڵەکانی.

### کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩

ڕۆژێکی گرنگ دەبێت لە ڕوی پیشەییەوە، توانای ئەوەت دەبێت لەگەڵ هاوپیشەکانت ئەو ئەرکانە ئەنجام بدەن کە ماوەیەکی زۆرە بەسەرتاندا کەڵەکەبووە، ئەگەر کارەکانت بە متمانە بەخۆبونەوە ئەنجام بدەیت، بەرەو پلەیەکی بەرز هەنگاودەنێیت، لەم کاتەدا پەیوەندیی سۆزدارییت زۆرباشە.

### گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠

نیگەران مەبە دەربارەی ئەو کێشانەی لە ڕوی پیشەییەوە ڕووبەڕووت بوونەتەوە، چونکە کاتین، تۆشهێندە بەهێزیت کە بتوانیت چارەسەریان بکەیت، دەمەقاڵێ لەگەڵ خۆشەویستەکەت تەنیا زیاتر کێشەکانتان گەورەتردەکات، هەوڵ بدە بە هێمنی ڕەفتاربکەیت، وریای تەندروستیت بە و خۆت زۆر ماندو مەکە.

### جمک ٥/٢١ - ٦/٢٠

پێویستە کۆنترۆڵی هەڵچوون و تووڕەبوونەکان بکەیت، بەتایبەت لەگەڵ کەسە نزیکەکانت، پێش ئەوەی هیچ کێشەیەك لەگەڵ خۆشەویستەکەت دروست بکەیت هەوڵ بدە لێی تێبگەیت، لە لایەنی پیشەییەوە هیچ کارێك ئەنجام مەدە کە ببێتە هۆی دروستبوونی کێشە.

### قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢

ئەو وشانە لەبیر مەکە کە لە لایەن کەسانی گەورەترەوە پێت دەگوترێت، گوێ بۆ ڕێنماییەکانیان بگرە، ئەگەر ئامۆژگاری کرایت پێویستە بەسەرنجەوە گوێی بۆ بگریت، لە لایەنی داراییەوە ڕووبەڕووی چەند کێشەیەك دەبیتەوە و پێویستە وریاتر مامەڵە بکەیت بۆ چارەسەرکردنی.

### شێر ٧/٢٣ - ٨/٢٢

لە لایەنی سۆزدارییەوە بە ئاسانی متمانە مەکە، وریا بە لەوەی چ کاتێك و بەکێ متمانە دەکەیت، زیاتر چاوت بکەرەوە بۆ ئەوەی فریو نەدرێیت، بەگشتی ڕۆژێکی بێزارکەر دەبێت بۆت، بەهۆی سەرقاڵیتەوە کەمترین کاتت هەیە.

### گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢

لە لایەنی پیشەییەوە ئەگەر دەتەوێت سەرکەوتن بەدەست بهێنیت چاوەڕێی بەخت مەکە، بەڵکو هەوڵ بدە بەخت خۆی بەدوات بکەوێت، دەربارەی کێشە تایبەتییەکانی ژیانت دەتوانیت ڕاوێژ بە کەسانی متمانە پێکراو بکەیت، بەو شێوەیە ئاسانتر کێشەکان چارەسەر دەکەیت.

بۆ زانیاریت

## پۆلێنکردنی ئەستێرەکان




بۆ تێگەیشتن و ناسینەوەی ئەستێرەکان، زانست وەك هەموو شتێکی دیکە پێویستی بە پۆلێنکردنیان هەبوو، بۆ ئەوەش چەند مەرج و پێوەرێکیان دانا تا بتوانین ئەستێرەکانی پێ پۆلێن بکەین، بە پێی خەملاندنی ئاژانسی بۆشاییگەری ئەورووپا بێت، گەردوون یەك تریلیۆن ئەستێرەی تێدایە، بێگومان ئەوە ژمارەیەکی زۆر گەورەیە، سیستمی مۆرگان کینان (هەردوو سیستەمی هارڤارد و یێرکس تێکەڵ کراوە) بۆ پۆلێنکردنی ئەو ئەستێرانە، دانراوە، سیستمی هارڤارد تاك ڕەهەندییە و ئەستێرەکانی تەنیا بەپێی پلەی گەرمای سەر ڕووی ئەستێرەکە پۆلێن دەکرد، بۆ ئەوە حەوت جۆر ئەستێرەی دانا و هەموو ئەستێرەکانی گەردوون دەبێ یەك لەو حەوت جۆرە بێت. پیتەکانی M، K، G، F، A، B، O بۆ ناونانیان دانرا. ئەوانەی لە جۆری O بن ئەوا پلەی گەرمای سەر ڕوویان دەگاتە ٥٠ هەزار پلەی کلڤن، هەرچی جۆری M بێ دەگاتە ٧٥٠٠ پلەی کلڤن. هەرچی سیستمی یێرکس بوو، بە پێی پلەی گارما و تینی درەوشانەوەی (شەوق) ئەستێرە، ئەستێرەکانی پۆلێن دەکرد، ئەویش لەبەرئەوەی قەبارەی ئەستێرەکان جیاوازن و هەریەکەیان لە تەمەنێکدایە.

فیلم

## چۆن بانکێک دەدزیت - How to Rob a Bank




باس لە ڕووداوی بڕینی بانکێك لە ساڵی ١٩٩٠ دەکات کە لە شاری سیاتلی ئەمریکا ڕووی داوە، لەو ڕووداوەدا باشترین بانکەکانی جیهان کە لەو شارەدا بوون، دزییان لێ کرا و شکێندران، دواتر لە لایەن چەند ئەفسەرێکەوە توانرا یەکێك لە دزەکانی بانکەکە دەستگیر کرا و بە پاڵپەستۆ خستە سەر خۆی و ژیانی، دزەکانی دیکەشی ئاشکرا کرد. ماوەی فیلمەکە یەك کاتژمێر و ٢٧ خولەکە، لە دەرهێنانی ستیڤن ڕۆبێرت مۆرس، سیت پۆرگیس، لە نووسینی جەیکوب ساکس جۆنیس، لە نواندنی: جۆردان بۆرتچیت، سکۆت پاتی، گاڤین لانگیلۆ، کوت ئۆستلاند، چیزیشکا ڤیگا.



## پەند و وتە

دیل کارنیگی نووسەر و وانەبێژی ئەمریکی، لە ساڵی ١٨٨٨ لە شاری مایسووری ئەمریکا لەدایك بووە و لە ساڵی ١٩٥٥ لە نیویۆرك کۆچی دوایی کردووە، دەربارەی کارکردن بە ویست و بەبێ ویستی خۆت دەڵێ:

«ئەگەر بتەوێت لە کارێکدا سەربکەویت، پێویستە حەز و خولیا و هەوەست لەسەر کارەکە بێت، ئەگینا سەرکەوتن و داهێنان لەو ئەرکەدا بەدەست ناهێنیت.



## یاریی وێنە

لەم وێنەیەدا سێ دیمەنی جۆراوجۆر دەبینرێن، یەکێکیان شەمشەمەکوێریەکە، ئەوەی دیکە کچێکە و لە بەشێکی دیکەدا سەری گیاندارێك دەردەکەوێت، هەوڵ بدە بیاندۆزیتەوە.

### گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨

لە کاتی تووڕەیی و نیگەرانیدا بڕیار مەدە دەربارەی لایەنی داراییت، چونکە زیانت پێ دەگەیەنێت، لە کاتە بەتاڵەکانتدا ئەو چالاکییانە ئەنجام بدە کە دڵخۆشت دەکات، دوور بکەوەرەوە لە بیرکردنەوەی زۆر دەربارەی چەند بابەتێکی بێسود.

### نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠

ئەگەر دەتەوێت هەر بڕیارێکی گرنگ بدەیت، باشترە ڕاوێژ بە ئەندامێکی خێزانەکەت یان کەسێکی متمانەپێکراو بکەیت، زیاتر هەست بە باشتربوون دەکەیت و وزەیەکی زۆرت هەیە، بیرکردنەوە بە شێوەیەکی ئەرێنی وا دەکات زیاتر سەرکەوتن بەدەست دەهێنیت، ئەم چەند ڕۆژە وریای تەندروستیت بە.

### شایان ٩/٢٣ - ١٠/٢٢

لە ژیانی تایبەتیتدا هیچ کێشەیەکت نییە، هەست بە دڵخۆشی و ئاسوودەیی دەکەیت لەگەڵ خێزانەکەت و هاوڕێکانت، دوور بکەوەرەوە لە هەر گفتوگۆکردنێك دەربارەی لایەنی پیشەییت، ڕەنگە ببێتە هۆی ئەوەی دۆخەکە بەرەو خراپی بەریت.

### دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١

کێشەکانی ئەم چەندرۆژە زیاتر ڕووبەڕووی ژیانی سۆزداریت دەبێتەوە، بەهۆی سەرقاڵیتەوە کاتی تەواوت نابێت بۆ پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانت، لە لایەنی پیشەییەوە بەرەنگاری چەند سەختییەك دەبیتەوە کە دێتە پێشت، هەوڵ بدە بە ژیرانە ڕەفتار لەگەڵ کێشەکانتدا بکەیت.

### کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١

پێویستە هاوسەنگی ڕابگریت، دوور بکەوەرەوە لەوەی دەمەقاڵێ بکەیت، لە لایەنی سۆزدارییەوە ڕۆژێکی زۆرباش نابێت، ڕەنگە چەند لێکتێنەگەیشتنێك لە نێوانتان ڕوو بدات، ئەگەر هەستت بە سترێس کرد، هیچ کارێك ئەنجام مەدە، چونکە شکستی تێدا دەهێنیت.

### گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩

ئەمڕۆ ڕۆژێکی مەزن دەبێت بۆت، چانسی زۆر دێتە بەدەمت، بۆ ئەوەی سەرکەوتن بەدەست بهێنیت هیچ دەرفەتێك لەدەست خۆت مەدە، ئەم چەند ڕۆژەی ڕابردوو خۆشەویستەکەت لێت نیگەران بوو بەهۆی هەڵسوکەوتەکانتەوە، هەوڵ بدە وریای ڕەفتارەکانت بیت.




بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ پلاتفۆرمی (ئای ئۆ ئێس) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:

https://apps.apple.com/us/app/gulan-media/id1586050534#?platform=iphone




## ئێستا دەتوانی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ هەریەکە لە پلاتفۆرمی (ئای ئۆ ئێس) و (ئەندرۆید) دابەزێنی بۆ ئەوەی سوودمەند بی لە دواین هەواڵ و زانیارییەکان




بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ پلاتفۆرمی (ئەندرۆید) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:

https://play.google.com/store/apps/details?id=com.gulan.media




# www.gulanmedia.com

Gulan Weekly November 4, 2024 Issue,No.1437

Time Net

# TCR100 4G WI-FI ROUTER

دیزاینێکی بەهێز و پراکتیکی بۆ ئەوەی پەیوەندیەکی خێرا و متمانەپێکراوی 4G دەستەبەر بکەیت

- دەتوانیت ئەم ئامێرە بۆ مەبەستی تایبەتی و شوێنی گشتی بە کاربهێنرێت
- دەتوانیت بە سیم کارد یان بە کەیبلی ئینتەرنێتی شوێنەکەت بە کاری بهێنیت و خێرایی ئینتەرنێتەکەت دوو هێندە بکەیت.
- بۆ خاوەن هۆتێل و کافێ و کۆمپانیا و ڕێستۆرانتەکان بە تەواوی گونجاوە و بەرگەی پلەی گەرمی -٤٠ و ٧٥ دەگرێت،ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت کە چەند بە تۆکمەیی دروست کراوە.
- بۆ ئەو کەسانەی کە شاخەوانین و خولیای کامپینگن لەگەڵ هاوڕێکانیان،دەتوانن بە یەک سیم کارد هاوبەشی ئینتەرنێتەکە بکەن کە دەتوانن بە یەک راوتەر زیاتر ٥٠ بەکارهێنەری هەبێت.



**Strong and practical design to ensure a fast and reliable 4G connection**

- You can use this device for private and public purposes
- You can use it with your SIM card or cable to double your internet speed.
- Perfect for hotel owners, cafes, companies and restaurants and can withstand temperatures of -40 and 75 degrees, which proves how solidly built.
- For mountaineers and camping enthusiasts with friends, you can share the internet with a single SIM card that can have more than 50 users with a single router.

**Contact with us :**

07502749592 - 07502749591

www.time-net.net

khabat stree, Erbil,Iraq

